دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدرالدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە




ژمارە ٧٦٨، چوارشەممە ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٩٨ی هەتاوی، ١٩ی فێبرییەی ٢٠٢٠
www.kurdistanmedia.com



دیمانەی تەلەفزیۆنی تیشک، لەگەڵ بەڕێز «مستەفا هیجری» ٤



پەیامی لێپرسراوی گشتیی حیزب بۆ سێمیناری دوکتور قاسملوو لە پاریس ٦



ڕاهێنەری فێرگەیەک بۆ فێربوون ٨



لە زاری پارێزەرانی وڵاتەوە ١٠

# بایکۆت بەرزترین دەنگە!





ڕێکەوتی دووی ڕەشەمەی ئەمساڵ خولێکی دیکە لە شانۆگەری بەناوهەڵبژاردنی مەجلیسی شۆرای ئیسلامی لە ئێراندا بەڕێوە دەچێ؛ خولی ئەمجارەی هەڵبژاردنەکان لە چەند ڕەهەندەوە جیاوازی هەیە کە ئەم جیاوازییانە وای کردووە کۆماری ئیسلامی لە نێو بەرداشی مان و نەماندا بمێنێتەوە.

بارودۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ئێراندا تا دێت ئاڵۆزتر و پڕکێشەتر و قەیراناویتردەبێتەوە؛ قەیرانەکان نەتەنیا چارەسەر نەکراون بەڵکوو بەردەوام بەرهەم دەهێنرێنەوە و خۆیان بەرۆژتر دەکەنەوە. ئەمەش وای کردووە کە سیستمی سیاسی لە ئێران نەتەنیا نەتوانێ ڕێگایەک بۆ چارەسەرکردنیان ببینێتەوە بەڵکوو بۆخۆی ببێتە یەکێک لە بەرهەمهێنەرانی قەیران.

لە ئاستی نێونەتەوەییدا کۆماری ئیسلامی لەژێر گوشارێکی کەموێنەدایە کە بەرچاوترین دەرهاویشتەکانی گوشارە سیاسی، دیپلۆماتیک و ئابوورییەکانە بۆ سەر ڕێژیم و دواجاریش بۆسەر خەڵکانی نیشتەجێ لە ئێران؛ لە ئاستی ناوچەییدا ئەوەیکە ڕێژیم لە ماوەی ٤١ ساڵی ڕابردوودا سەرمایەی بۆ داناوە تاکوو بتوانێ شۆڕشی ئیسلامی هەناردە بکات لەگەڵ شکستی مانایی و جەوهەری بەرەوڕوو بووەتەوە و لای گەلانی ناوچە هەم شکۆ خەیاڵی و پووشاڵییەکەی شکاوە و هەم ڕەوایی نەماوە کە ویستوویەتی لەژێر ناوی داکۆکی لە ستەملێکراوان و ئایین پێی بگات؛ لە ئاستی نێوخۆییشدا خەڵک متمانەیان بە ڕێژیمی کۆلۆنی کۆماری ئیسلامی نەماوە و لە هەر دەرفەتێک کە بۆیان بلوێ دەنگی ئێعتراز و ناڕەزایەتییان دەردەبڕن.

کۆی ئەم پرسانەش وای کردووە کە ڕێژیم لە ئاستی هەرەبەرزی دەسەڵات هەست بە مەترسی بکات؛ بەتایبەت کاتێک کە شەقام بێ گوێدان بە گوولله و سەرکوت دادەگژێتە سەر پیرۆزییەکانی ڕێژیم و تووشی چەلێنجی مانایی دەکات.

لەسەر ئەم ئەساسەشە کە دەبینین وەلی فەقیهی ڕێژیم لەوپەڕی ڕووهەڵماڵراویدا ڕوو لە خەڵک دەڵێ: «ئەگەر خۆشتان لە منیش نایەت لەبەر «ئێران» بێن و دەنگ بدەن». یان لە ڕێگەی ئاخوندە گوێلەمستەکانییەوە هاوار دەکەن کە بەشداری کردن لە «هەڵبژاردنەکان» ئەرکێکی ئایینییە! بەڵام دیسانیش دەبینن کە خەڵکانی وەزاڵەهاتوو نەتەنیا بڕوا بە وادە و بەڵێنییە بێبنەماکانیان و لەوەش زیاتر، هەڕەشە و چاوسوورکردنەوەکانیان ناکەن بەڵکوو بەردەوام وەبیری یەکتر دێننەوە کە بەشداریکردن لەم شانۆگەرییە بەواتای ڕەوایی بەخشین بە دەسەڵاتێکە کە دەیانکوژێت، تاڵانیان دەکات و ئاستی خۆشبژیوی ژیانیانی هێناوەتە ڕادەی وڵاتانی دواکەوتوو؛ بۆیە ڕاشکاوانە و بێ هیچ ترسێک لە شارەکاندا بەنێر و پوستێری بەناو بەربژێرەکان دەدڕێنن و دەیانسووتێنن. چوونکە باش دەزانن کە ئەوەی لە ئێراندا بەڕێوە دەچێ نەک هەڵبژاردن بەڵکوو هەوڵێکە بۆ وەرگرتنی دەنگ.

ئێستەش کە ڕێژیم درکی بەو ڕاستییە کردووە کە ناتوانێ چیدیکە بە شەڕی زەڕەنگەری و لەبەرامبەریەکتردانانی بەرەی بەناو ئیسلاحخواز و پاوانخواز کڵاو لەسەر خەڵک بنێت(!) لە هەوڵی یەکدەستکردنی دەسەڵات بە هەموو جمگەکانیەتی و لەو چوارچێوەیەدا کە خەنەی بەرەی ئیسلاحخواز چیدی ڕەنگی نەماوە، ئەوانی لە پرۆسەی «ڕەدی سەلاحییەت» وەلاناوە و پاسدارە گوێلەمست و متمانەپێکراوەکانی سەر بە جەمارانی تەئید کردووە تا هاوتەراز لەگەڵ دەوڵەتی فەرمی و نافەرمی، هەوڵی زیاتر بدەن بۆ بەئەنجام گەیاندنی سیاسەتەکانی ویلایەتی فەقیە.

لە کوردستانیشدا هەروەک چاوەڕوان دەکرا، خەڵک ئاگایانە لەگەڵ ئەم کەشەدا دەجووڵێنەوە و هاوشێوەی خولەکانی ڕابردوو و زیاتر لە جارانیش بژاردەی «بایکۆت»یان هەڵگرتووە تاکوو هاودەنگ لەگەڵ حیزبەکانی کوردستان و ناوەندی هاوکاری، «نا»یەکی قورس و قایمتر لە جاران بە ڕێژیم داگیرکەر بدەنەوە. ئەمجارە فێڵی سواوی کەڵکاوەژووەرگرتن لە هەستی مەزهەبی، زاراوەیی و عەشیرەتی ناتوانێ بەوشێوەی کە ڕێژیم ئەندازیاری بۆ کردووە خەڵک پەلکێشی سەر سندووقەکانی شوورەیی بکات؛ یەکەم دەرهاویشتەکانیشی لە ڕەوتی ڕاوەدوونان و وەدرۆخستنەوەی بەربژێرەکان و سووتاندنی بەنێر و پووستێرەکانیان بەدیار دەکەوێ.

ئەوەیکە ڕوونە ڕێژیم لە بەرداشی مان و نەماندا گیری کردووە و بۆ بەردەوامی لە ژیانی نەگبەتباری خۆی پێویستی بە خوێنی نوێ هەیە؛ هەروەک چۆن خامنەیی لە ساڵی ٩٤دا بەفەرمی ڕایگەیاند کە خوێنی تازە بۆ جەستەی نیزام لە سندووقەکانی دەنگدانەوە بەدی دێت؛ کەواتە ئەرکی ئەخلاقی و شۆڕشگێڕانەی هەر تاکێکی دەروەستە کە بە بەشداری نەکردن لە شانۆگەرییەک کە خوێن و ژیان بە ڕێژیم دەبەخشێ، هەوڵ بۆ زووتر لەنێوچوون و ڕووخانی دەسەڵاتێک بدەن کە ٤١ ساڵە خوێنیان دەمژێ و کەڵکی ئامرازییان لێوەردەگرێ.

## پەیڤ

### پێناسەی بوون

**کەریم پەرویزی**

کە دەتهەوێ کەسێک بە کۆیلەیی بگری و بە چەوسانەوەی، بەهرەی کار و ژیانی بۆ خۆت وەربگری، هێز بەکار بێنە و تەسلیمی ئیرادەی خۆتی بکە. ئەمە یاسای سەدەکانی پێشوو بوو و لە سەدەی ئێستاشدا بۆ کۆیلەکردنی مرۆڤەکان هەرچەند هێزیش بەکار دەبردرێ بەڵام زۆرتر لە پارە کەڵک وەردەگیرێ و پارە و دارایی دەکرێ بە ئامرازی کۆیلەکردن یان بە واتایەکی دیکە چەوسانەوەی مرۆڤەکان.

بەڵام گەر دەتهەوێ کەسێک وا لێ بکەی کە بە حەز و ویستی خۆی کۆیلەتی هەڵبژێرێ و هەتا کۆتایی ژیانی بەوپەڕی ڕەزایەتەوە کۆیلەتیت بۆ بکا، مێشکی داگیر بکە! ئەمە ڕەمزی کۆیلەتیی بەردەوامە کە کەسێک بە دڵی خۆی و بە بێ هیچ ناڕەزایی دەربڕینێک ملکەچی ئیرادەی کەسی دی دەبێ و زۆرجاریش شانازی بە کۆیلەبوونی خۆیەوە دەکا و سنگی وەپێش دەدا کە من ئاغایەکی وەهام هەیە!

کۆیلەتیی جۆری یەکەم، کۆیلەتیی بەناچاری و زۆرەملێیە و هەر کە هێزە داپڵۆسێنەرەکە لاواز بوو، کۆیلەش ڕادەپەڕێ یان نان و پارەکە کەم بوو، ناڕەزایی دەردەبڕێ، یان دۆخەکە دەرەتانێکی تێدا وەدی بکرێ دژ بە زنجیرەکانی ڕادەپەڕێ و هەوڵی لەنێوبردنی ستەمکارەکە دەدا؛ بەڵام کۆیلەتیی جۆری دووهەم کۆیلەتییەکی قووڵترە و بە مێشکی خۆی بڕوای بە کۆیلەبوونی هێناوە و هیچ ڕەهەندێکی دیکە جگە لە ئاغا و کۆیلەتی نابینێ و بە دڵی خۆی زنجیرەکانی کۆیلەتی لە ئەستۆی خۆی توند دەکا.

کۆیلەتییەکی جۆری سێهەم هەیە کە لەوانەش توندترە و ئەویش داگیرکردنی شوناس و گۆڕینی زمانە. زمان ئامرازی بیرکردنەوە و مێکانیزمی وەگەڕخستنی مێشک و چاوی بینین و گوێی بیستن و هەستی درکپێکردنی جیهانە کە مێشک لەوانەوە جیهانی دەوروبەر دەناسێ و پێناسەی بوونی خۆی دەکا.

زمان تەنیا بریتی نییە لە چەند دەنگ و پیت و یاسای پێکەوەلکانی پیت و ڕیزکردنی وشەکان، بەڵکوو گرێچنی مێشک و هزر و ڕوانینە و هەر بۆیە لە زمانە جیاوازەکاندا جیهان بەجۆرێکی دیکە دەبینرێ. کەلتووری جوغرافیای زمانی ئینگلیزی لەگەڵ کەلتووری فەرانسەیی دونیایەک جیاوازییان هەیە و کە بە فارسی دەدوێی، هەستی دیکەت هەیە و کە بە کوردی دەئاخفی، جیهان

درێژە لە لاپەڕەی ٣

## لە فەرانسە بۆ ڕێزگرتن لە دوکتور قاسملوو، سێمینارێک بەڕێوە چوو

ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ١٧ی فێڤرییە، لە یەکێک لە هۆڵەکانی مەجلیسی سێنای فەرانسە، سێمینارێک بەبۆنەی ڕێزگرتن لە ڕێبەری مەزن و ناوداری کورد دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی بە دەسپێشخەریی ئەنستیتۆی کورد بەڕێوە چوو. ئەو سێمینارە لە چوار پانێل پێکهاتبوو؛ پانێلی یەکەم کە لەلایەن خانمی «جۆیس بلوو» بەڕێوە چوو کە بۆ ئەندامان و خزم و دۆستانی نزیکی دوکتور قاسملوو تەرخان کرابوو لەوانەش مینا قاسملوو کچی دوکتور قاسملوو، عەبدوڵڵا عیزەتپوور ئامۆزای دوکتور قاسملوو کە پەیامەکەی لەلایەن کاک خسرەو عەبدوڵڵاهی خوێندرایەوە، دوکتور حەسەن شەتەوی خوشکەزای دوکتور قاسملوو و هەروەها فیلمێک لە مێهدی خانبابا تێهرانی بڵاو کرایەوە.

لە پانێلی دووهەمدا سەرەتا فیلمێک لەسەر بارودۆخی ساڵانی ڕابردووی خەباتی حیزبی دێموکرات پیشان درا، ئەم پانێلە کە بۆ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان و هەروەها چەند کەسایەتیی کورد تەرخان کرابوو لەلایەن سێناتۆر «ڕیمی فێرۆ» بەڕێوە چوو. پانێلەکە بە خوێندنەوەی پەیامی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کاک مستەفا هیجری کە لەلایەن کاک حەسەن شەرەفی، جێگری یەکەمی لێپرسراوی گشتی پێشکەش کرا، دەستی پێکرد. بەشدارانی دیکەی پانێلەکە بریتی بوون لە ئەحمەد ئەسکەندەری بەرپرسی ئەوکاتی دەفتەری مامۆستا شێخ عیزەدین حوسێنی، عەبدوڵڵا موهتەدی سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، مەسعود تەک سکرتێری گشتیی پێشووی حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیە، عەزیز ماملێ نوێنەری پێشووتری حیزب لە فەرانسە و مەلا محەممەد جوانڕۆیی یەکێک لە فەرماندەکانی پێشووی هێزی پێشمەرگە و ئەندامی سەرکردایەتیی حیزبی شیوعی کوردستان و هەروەها خاتوو «فاتۆش» هاوسەری هونەرمەندی گەورەی کورد ئیلماز گونای. پانێلی سێهەم کە بۆ کەسایەتییە ئێرانییەکان دیاری کرابوو، لەلایەن دوکتور «حەمید بۆزئەرسەلان» مامۆستای زانکۆ بەڕێوە چوو و بریتی بوون لە هیدایەت مەتین دەفتەری، دامەزرێنەری جیبهەی میللی دێموکراتیکی ئێران، ڕەزا دقەتی فۆتۆگرافیست و عەبدولکەریم لاهیجی پارێزەر و چالاکی مافی مرۆڤ.

پانێلی چوارەم کە لەلایەن دوکتور کەندالّ نەزان بەڕێوە چوو بۆ کەسایەتییە بیانییەکان تەرخان کرابوو کە بریتی بوون لە «ژێرار شالیان» نووسەر و شارەزای ژێئۆپۆلۆتیک، «ئالێن شانێل» بەرپرسی پێشووی سکرتاریەتی نێونەتەوەیی پارتی سۆسیالیستی فەرانسە، «ئالێن فرۆشۆن» ڕۆژنامەنووسی «مۆند»، «بێرنار کووشنێ» وەزیری پێشووی کاروباری دەرەوەی فەرانسە، «مارک کرۆڤێتز» ڕۆژنامەنووس، «کارۆڵ پرۆنهۆبێر» نووسەری کتێبی بیوگرافی دوکتور قاسملوو، «جاناتان ڕانداڵ» ڕۆژنامەنووس و دوکتور «فلۆرانس وێبێر» بەرپرسی پێشووی ڕێکخراوی پزیشکیی «ئامی»، واتە یارمەتییە پزیشکییەکانی نێونەتەوەیی.

شایانی باسە کە لە پەراوێزی ئەم کۆنفرانسەدا جێگری یەکەمی لێپرسراوی گشتیی حیزب چاوپێکەوتنی لەگەڵ چەندین کەسایەتیی بیانی و هەروەها کورد و ئێرانی ئەنجام دا.

# ناوەندی هاوکاری لەسەر بایکۆتی هەڵبژاردنەکان جەختی کردووە

سێمینارێک لە وڵاتی سوئێد، بە دەستپێشخەریی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستان بەنیسبەت بایکۆتی هەڵبژاردنەکان لە ئێراندا بەڕێوە چوو و جەختیان لەسەر بەشداری‌نەکردنی خەڵک لە شانۆی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیمدا کرد.

ڕۆژی یەکشەممە، ٢٧ی ڕێبەندان، سێمینارێکی سیاسی بە دەستپێشخەریی «ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستان» لە شاری «ستۆکهۆڵم»، بەمەبەستی ڕوونکردنەوە و وشیارکردنەوەی خەڵک لە هەڵبژاردنی دەوری یازدەیەمی مەجلیسی شۆرای ئیسلامیی ئێران بەڕێوەچوو.

لەو سێمینارەدا کە بە بەشداریی نوێنەرانی هەر چوار حیزب و کۆمەڵێک میوان بەڕێوەچوو، لایەنەکان جەختیان لەسەر ناڕەوایی دەنگدان لە سیستەمی ڕێژیمی ئێراندا کردەوە کە ڕێژیم بە بێ ئەوەیکە بڕوای بە هەڵبژاردن بێت و گرینگی بە مافی هاووڵاتییان بدات، وەک ئامرازێک بۆ وەرگرتنی ڕەوایەتیی خۆی هەوڵ دەدات بە فێڵ و تەنانەت هەڕەشە، خەڵک لەو هەڵبژاردنانە بەشداری بکەن.

لەو سێمینارەدا باس لەوە کراوە کە ڕێژیم لەو ڕێگایەوە دەیهەوێ بە جیهان بسەلمێنێ کە هەڵبژاردن لە سیستەمی کۆماری ئیسلامیدا بوونی هەیە و خەڵک ئازادە چ شتێک هەڵبژێرێ.

لەو پانێلەدا هەر یەک لە نوێنەرانی چوار حیزبی ناوەندی هاوکاری، هەرکام لە سۆنگەیەکەوە ڕوانینی خۆیان بۆ بەشداری نەکردنی خەڵک لە بەناو هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم دووپات کردەوە و داوایان لە خەڵکی کوردستان کرد کە لە وەها هەڵبژاردنێکدا، کە قازانجەکەی بۆ ڕێژیمە، بەشداری نەکەن.

«چیا عەلیار» بە نوێنەرایەتی لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بەشداری ئەو سیمینارە بوو.

ناوبراو لە قسەکانیدا وێڕای ئاماژە بە نادێموکراتیک بوونی هەڵبژاردن لە سیستەمی داخراوی ڕێژیمی ئێراندا، باسی لەوە کرد کە ڕێژیمی ئێران هیچ دەرەتانێکی نەهێشتووەتەوە کە خەڵک لەو ڕێگایەوە ویست و داخوازەکانیان مسۆگەر بکەن.

«عەلیار» وتی: هاوکات نوێنەرانی مەجلیس ئەگەر لە هەموو فیلتێرە ئەمنیەتییەکانیش تێپەڕ بن، بەڵام سەلاحییەت و دەسەڵاتی ئەوتۆیان نیە کە یاساگەلێک پەسند بکەن لە قازانجی خەڵکدا بێت چونکە شۆرای نیگابان و شۆرای کولتووری و کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام ڕەدی دەکەنەوە.

ناوبراو، لە درێژەی قسەکانیدا وتی کە ڕیفۆرمخوازەکان بەردەوام سوپاپی مانەوەی ڕێژیم بوون و لەکاتی قەیرانی نێوخۆیی و دەرەکیدا بە فریای ڕێژیم کەوتوون، بەڵام ئەمجارە لە خۆپێشاندانەکاندا دیتمان کە خەڵک دروشمیان بە دژی تەواوییەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەدا و هاواریان دەکرد (اصلاح طلب، اصولگرا دیگر تمام است ماجرا)، ئەوەش وای لە ڕێژیمی ئاخوندی کرد کە چیتر نەتوانێت، خەڵک بە ڕیفۆرمخوازەکان فریو بدات.

ناوبراو لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ئاماژەی بە سیاسەتی دروست و ئوسوولیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد کە لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ئەو ڕێژیمەوە بە لێکدانەوەیەکی دروست و ئوسوولی بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیمی کردووە و (نا)ی بە کۆماری ئیسلامی لە تەواویەتی خۆیدا وتووە، کە جێگای خۆشحاڵیە ئەمڕۆ بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و تەنانەت ڕیفۆرمخوازیش، هاتوونەتە سەر ئەو بڕوایە کە حیزبی دێموکرات و گەلی کورد هەیانبووە.

لە بەشی دووهەمی ئەو سێمینارەدا بەشدارانی کۆڕەکە، تێبینی و پرسیاریان ئاراستەی نوێنەری حیزبەکان کرد کە وڵامیان درایەوە.

لە کۆتایی سێمینارەکەدا جارێکی دیکە نوێنەرانی بەشدار لە ناوەندی هاوکاری، پێداگرییان لەسەر بایکۆتی بەناو هەڵبژاردنەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و داوایان کرد کە (نا) بەو دەسەڵات و نیزامە بڵێن کە بووەتە مایەی قەیران و بەڵا بۆ ژیانی هاووڵاتییانی خۆی.

# پەیامی ناوەندی هاوکاری بەبۆنەی ٢٢ی ڕێبەندان

هاونیشتمانیانی خۆشەویست!
گەلانی ئازادیخوازی ئێران!
خەڵکی خەباتگێڕ و مافخوازی کورد!

شۆڕشی ڕێبەندانی ١٣٥٧ دەنگی نارەزایەتیی پەنگخواردووی گەلانی ئێران لە بەرانبەر دیکتاتۆریی پاشایەتیی بنەماڵەی پەهلەوی و درێژەی پرۆسەی خەبات بۆ ئازادی و دێموکراسی و ڕزگاربوون لە چنگی دیکتاتۆری بوو. لە ماوەی زیاتر لە سەد ساڵی ڕابردوودا و بە بڵاوبوونەوەی بەها مرۆییەکانی وەک ئازادی، دادپەروەری و دێموکراسی بە هەموو جیهاندا، گەلانی ئێران بە وەڕێخستنی چەندین بزووتنەوە و شۆڕشی گەورە، خەبات و قوربانیدانێکی کەم وێنەیان بۆ جێگیرکردنی ئەو چەمکە مرۆییانە و ڕزگاربوون لە چنگ ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان و دەسەڵاتدارە سەرەڕۆکانی زاڵ بەسەر چارەنووسیاندا بەڕێوە بردووە، بەڵام مخابن تێکرای ئەو هەموو هەوڵ و خەبات و قوربانیدانە تا ئێستا نەیتوانیوە ئامانجە بەرزەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ڕێبەندانی ٥٧ و چەندین بزووتنەوە و ڕاپەڕینی دیکە لەو وڵاتەدا دەستەبەر بکات و ئازادی و دێموکراسی و دادپەروەری و مافە ڕەواکانی دیکەی نەتەوەکانی ئێران لەلایەن کۆمەڵێک دەسەڵاتداری سەرەڕۆی هەڵگری بیری شۆڤینیزم و کۆنەپەرەستی و دیکتاتۆرییەوە زەوت کراون و بەرهەمی خوێن و خەباتی هەزاران مرۆڤی تێکۆشەر و ئازادیخواز بووەتە قوربانیی پیلانە نگریسەکانی دەسەڵاتدارانی هەردوو ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی. شۆڕشی ساڵی ٥٧ی گەلانی ئێران کە لووتکەی سەرکەوتنی ٢٢ی ڕێبەندانە، تەقینەوەی گڕکانی نارەزایەتیی گەلانی ماف پێشێلکراوی ئێران لە بەرانبەر زوڵم و دیکتاتۆریی بنەماڵەی پەهلەوی بوو، هەر بۆیە ئامانجی ئەو خەڵکە ڕاپەڕیوە لە شۆڕش و ڕاپەڕین نەیدەتوانی شتێک بەدەر لە بەدیهێنانی ئازادی و دێموکراسی و دادپەروەری بێت. بەڵام مخابن لە نیوەی ڕێگای شۆڕشدا خومەینی و هاوبیرانی بە پیلانێکی ورد و ئامانجدار کەڵکی خراپیان لە نەبوونی ڕێبەرایەتییەکی دێموکراتیکی تۆکمە و ئاڵترناتیڤێکی بەهێزی هەڵگری ئامانج و بەهاکانی شۆڕش وەرگرت و هێژمۆنی و دەسەڵاتی ڕەشی خۆیان بەسەر شۆڕشێکدا سەپاند کە بەرهەمی ماندووبوون و بەرامەی ڕەنج و خەباتی خەڵک و هەموو چین و توێژە ئازاردیتووەکانی کۆمەڵگای ئێران بوو. کەسایەتیی خومەینی وەکوو ڕێبەر و دامەزرێنەری ئەو ڕێژیمە و تاڵانکەری بەهاکان و ئامانجە بەرزەکانی شۆڕشی ١٣٥٧، ئاوێنەی باڵانوێنی ئیدئۆلۆژی و ئامانجە دژەمرۆییەکانی سیستەمی ویلایەتی فەقیھ و هێمای ڕق لە دڵی و کۆنەپەرەستیی هەڵگرانی ئەو بیر و باوەڕە شوومە بوو کە بۆ گەلانی ئێران پەیامهێنەری مەرگ و کوێرەوەری و بەجێمان لە کاروانی پێشکەوتن و شارستانییەتی سەردەم بوو. هەر بۆیە لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیە دەسەڵاتداریی ئەو ڕێژیمەدا حافزەی مێژوویی گەلانی ئێران بەگشتی و نەتەوەی کورد بەتایبەتی بە کۆمەڵێک بیرەوەریی تاڵی وەک هێرشی دڕندانە بۆ سەر کوردستان، ئەهواز، بەلووچستان، تورکەمەنسەحرا، هێرش بۆ سەر باڵۆیزخانەکان، تیرۆریزمی دەوڵەتی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، کۆمەڵکوژیی خەڵک و زیندانییانی سیاسی، کوشتاری جیابیران، کاولکاری و ئاژاوەگێڕی لە وڵاتانی دەوروبەردا، شەڕی کاولکەری ٨ ساڵە، دزین و تاڵانکردنی سامانە گشتییەکانی وڵات، گەندەڵیی بەربڵاو، هەژاری، بێکاری، پاکتاوی فەرهەنگی و ئاسیمیلاسیۆن، تەریککەوتنەوە لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا، سەرکوت و داپڵۆسین و هەڵاواردنی سیستماتیک، ستەم و چەوسانەوەی نەتەوایەتی و ڕەگەزی و چینایەتی، سووکایەتی بە کەسایەتی و کەرامەتی ژن، پەرەدان بە کولتووری مەرگخوازی، گەمارۆی ئابووری و گرانی و بێ داهاتی، کاولکردنی ژینگە و دەیان خەساری کۆمەڵایەتی و خەفەقانی سیاسیی تاقەتپڕووکێن ئاخنراوە. ئەوانە تەنیا مشتێک لە خەرمانی دیارییەکانی ئەو ڕێژیمە ئازادیکوژە بۆ گەلانی ئێران بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی بووە. لە ماوەی ئەو ساڵانەدا خەڵکی کوردستان هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەی خەبات بۆ دابینبوونی ئازادی و دادپەروەری و مافە نەتەوایەتییەکانیان وەکوو قەڵایەکی لەگیراننەهاتوو دژ بە تەوژمی سەرکوت و دیکتاتۆری و داگیرکاریی دەسەڵاتدارانی تاران ڕاوەستاون و زۆرترین قوربانییان لە سەنگەری خەبات بۆ بەچۆکداهێنانی ڕێژیمدا پێشکەش بە بارەگای ئازادی و سەروەریی نیشتمانی کردووە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا درێژەی سیاسەتەکانی ڕێژیم بە جۆرێک تەنگی بە هەموو چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگەی ئێرانیش هەڵچنیوە کە ئیدی دەتوانین بڵێین خەبات بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم و وەلانانی یەکجاریی ئیدئۆلۆژییە سەدە نێوەڕاستییەکەی بووەتە داخوازیی گەلانی دیکەی ئێرانیش و دروشمەکانی خۆپیشاندەرانی خەزەڵوەری خوێناوی و بەفرانباری ئەمساڵ دەربڕی ئەو ڕاستییەن کە ڕێژیم لەنێو بیر و باوەڕەکانی خەڵکدا ڕووخاوە و هیچ ڕەوایی و ئاسۆیەکی مانەوەی بۆ بەدی ناکرێت. چل و یەک ساڵ پاش ئەو شۆڕشە، پێداگریی خەڵک لەسەر ئامانجە بە تاڵانبراوەکانی شۆڕش ئەوەمان پێ دەڵێت کە شۆڕش بە لاڕێدا براوە و نەیتوانیوە ئامانجی ڕاستەقینەی خۆی بپێکێت و لە ڕاستیدا خەبات بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە بە گوڕوتینێکی زیاترەوە بەردەوامە. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە بەرەبەری ٢٢ی ڕێبەندان، ٤١ـەمین ساڵوەگەڕی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەسەر دیکتاتۆریی پەهلەویدا، جارێکی دیکە دروشم و ئامانجە ڕەوا و دێموکراتیکەکانی هەڵقوڵاوی ناخی ئەو شۆڕشە واتە ئازادی، دێموکراسی، دادپەروەری و مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی ئێران وە بیر هەموان دێنێتەوە و جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکاتەوە کە تا کاتی دابینبوونی ئەو ئامانجانە تێکۆشان و خەباتی بێ پسانەوەی گەلانی ئێران بەگشتی و بزووتنەوە و خەڵکی کوردستان بەتایبەتی بۆ بەدیهێنانیان بەردەوام دەبێت و شانبەشانی هێزە سیاسی و پێشکەوتنخوازەکانی سەرانسەری ئێران بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە بەرزانە لە خەبات بەردەوام دەبێت.

**سەرکەوێ خەباتی گەلانی ئێران دژ بە دیکتاتۆری و ستەم و کۆنەپەرەستی**
**سەرکەوێ خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجە سیاسی و نەتەوەییەکانی**
**بڕووخێت ڕێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی**
**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٢١ی ڕێبەندانی ١٣٩٨ی هەتاوی**
**١٠ی فێڤریەی ٢٠٢٠ی زایینی**

# سێمینارێک بەنیسبەت بەتاڵانبردنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە چیاکانی کوردستان بەڕێوە چوو

ڕۆژانی هەینی و شەممە، ڕێکەوتی ١٨ و ١٩ ڕێبەندان، بەشی ئامووزشی . سیاسیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە چیاکانی کوردستان سێمینارێکی لەژێر ناونیشانی «شۆڕش و شۆڕشگێڕی» (انقلاب و انقلابگری) بەڕێوە برد. ئەو سێمینارە لە بەرەبەری بەتاڵانبرانی ٤١ ساڵەی شۆڕشی گەلانی ئێران بۆ ئازادی بەڕێوە چوو.

ئەم کۆڕە سیاسییەی پێشمەرگە لە بنکەکانی هێزەکانی جێگیر لە چیا سەرکەشەکانی کوردستان بەڕێوە چوو. بەڕێوەبەرانی ئەو سێمینارە پێکهاتبوون لە «ڕێباز پەروازە»، کادری ئامووزشیی هێزی ١١٥، «ناسر فەتحی» کادری ئامووزشیی هێزی ١٢٢ و «فاروق سۆهرابی»، پێشمەرگەی هێزی ١٢٢.

لە تەوەری یەکەمی سێمینارەکەدا، باس لە «چەمک و چەشنەکانی شۆڕش» کرا کە «ڕێباز پەروازە» ئەو بابەتەی شی کردەوە. ناوبراو بە شێوەیەکی گشتی باسی لە تێرمۆنۆلۆژیی وشەی ئینقلاب کرد. لە درێژەی باسەکەیدا باسی لە شۆڕش و زەمینەی ڕووداوەکان کرد و هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە حەوزە سیاسی، ئابووری، کولتوور، هزری، زانستی، پەیوەندی، زانیاری، داهێنان و تەکنەلۆژیادا دێنە ئاراوە و بیر و بۆچوونە گشتگیرەکانی شرۆڤە کرد.

ناوبراو لە درێژەی باسەکەیدا باسی لەوە کرد کە شۆڕش و گۆڕانکارییەکانی نێو شۆڕش ئەو گۆڕانە جۆرایەتییانەیە کە لە ناکاو و کتوپڕ ڕوودەدەن. هەروەها جۆرەکانی شۆڕشی لە ڕوانگەی بیر و بۆچوونە توندئاژۆکاناوە شرۆڤە کرد و نموونەی ئەو شۆڕشانەی هێناوە کە هەندێکیان توندوتیژیی ئامێزبوون و لە بەرامبەردا نموونەی ئەو شۆڕشانەی هێناوە کە توندوتیژییان بەخۆوە نەبینیبوو. ناوبراو لە کۆتایی تەوەرەکەیدا نارەزایەتیی قوڵی لە بارودۆخی هەنووکەیی، بوونی ئاڵترناتیڤ، بوونی ڕێباز و ئازادیی مرۆڤەکانی وەکوو هۆکارە کاریگەرەکانی سەر شۆڕش باس کرد. تەوەری دووهەمی سێمینارەکە باس لە شۆڕش لە مێژووی ئێراندا بوو کە لەلایەن «فاروق سۆهرابی» بە تێروتەسەلی باس کرا و چەمکی شۆڕش و تایبەتمەندییەکانی شۆڕشی لە ئێراندا خستە بەر باس. سۆهرابی لە دەستپێکی باسەکەیدا باسی لەوە کرد کە کولتووری ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە ئێراندا بە تەواوی جیاواز بووە بە بەراورد بە شۆڕشەکانی دیکە و ئاڵوگۆڕی دەستەڵات لە ئێراندا، بێ ئەخلاقییەکی سیاسیی پێوە دیار بووە و پڕ بووە لە خیانەت و هیچکات تیۆری یان هزرێکی دیاریکراو نەبووە یان ئاڵتەرناتیڤێکی دیاریکراو نەبووە.

هەروەها ئاماژەی بەوە دا کە دەستاوەستکردنی هێز لە بری ئاشتیخوازی لە توندوتیژی کەڵک وەرگیراوە و ئەو هێزەش نەخراوەتە خزمەتی خەڵکەوە. لە درێژەی باسەکەیاندا باسیان لە شۆڕشی مەشرووتەی ساڵی ١٩٠٧ی ئێران کرد و پێناسەیان کرد، هەروەها وەڵامی ئەو پرسیارانەی دایەوە کە ئاخۆ ئەم شۆڕشە لە بنەڕەتدا شۆڕش بووە؟ کێ بوون لایەنگران و دژبەرانی ئەم شۆڕشە؟ هەروەها ئاماژەیان بەوە دا کە لە شۆڕشی مەشرووتەدا بۆ یەکەمجار دەرگای بەڕووی سیستەمێکی مۆدێرندا کرایەوە، فاکتەرە مەزهەبی- ئایینییەکانی لە مێژووی شۆڕشەکانی ئێراندا هێنا ئاراوە و باسیان لەوە کرد کە ئایین و دەسەڵات هەموو کات پشتیوانی یەکتری بوون بۆ مانەوەی هێز و دەستەڵاتی خۆیان.

دواتر هاتنە سەر باس لەو شۆڕشەی کە شا بە شۆڕشی سپیی ناودێر کرد لە ساڵی ١٣٤١دا کە لە بنەڕەتدا شۆڕش نەبوو، بەڵکوو گۆڕانکاری بوو، بۆ نموونە چاکسازی لە دابەشکاری زەوی و زاردا (اصلاحات ارضی) بووە. دواتر هاتنەسەر باسی شۆڕشی ١٣٥٧ و ڕوونکردنەوەیەکی تێروتەسەلیان دەرهەق بە شۆڕشەکە و هەموو گۆڕانکارییەکان و هۆکارە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی شۆڕشەکە و ئەو دەرئەنجامانەی کە لە شۆڕشەکە کەوتنەوە باس کرد.

هەروەها خوێندنەوەی خۆی لەسەر ویست و داخوازییەکانی خەڵکی کرد و لەو چوارچێوەیەشدا جەختی لەسەر خواست و داخوازییەکانی گەلی کورد لەو گۆڕانکارییە مێژووییەدا کردەوە، هەروەها ڕۆڵی کارای شەهید دوکتور قاسملووی بە بیری بەشداربووان هێنایەوە.

لە تەوەری سێیەم و کۆتایی سێمینارەکەدا، «ناسر فەتحی»، بە پێشکەشکردنی باسێکی کۆمەڵناسانە بۆ ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە سێ بەشدا سمینارەکەی دەوڵەمەند کرد.

لە پاژی یەکەمی باسەکەیدا باسی لە پێوەندیی نێوان گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و دەوڵەتی شۆڕشگێڕی (انقلابی) کرد.

لە پاژی دواتردا داخوازیی نەتەوەکانی ئێرانی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧ خستە بەر باس. بەشی کۆتایی باسەکەشی تەرخان کرد بۆ باسکردن لە پێوەندی نێوان سەرهەڵدانەکانی ئێستای کۆمەڵگەی ئێران و نیزامی نێودەوڵەتی کە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر ناوەڕۆکی ئەو سەرهەڵدانانە هەیە.

دوابەدوای پێشکەشکردنی سێمینارەکە لەلایەن بەشداربووانەوە، پرسیار و بۆچوونەکانی خۆیان پێشکەش کرد و لەلایەن کۆڕگێڕانەوە وەڵام درایەوە.

# چەند هەیئەتی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات لە ساڵڕۆژی دامەزراندنی کۆمەڵەدا بەشدارییان کرد

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٥ی ڕێبەندان چەند هەیئەتی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشدارییان لە ٥٠ـەمین ساڵیادی دامەزرانی کۆمەڵەدا کرد و بەو بۆنەوە برووسکەی پیرۆزباییان پێشکەش بە ڕێبەرایەتی کۆمەڵە کرد. لەو پەیوەندییەدا، هەیئەتێک بە سەرپەرەستیی « ئیسماعیل ڕەحمانی» بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات لە شاری سلێمانیە بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی ٥٠ـەمین ساڵیادی دامەزرانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێراندا کرد و پەیامی پیرۆزباییان بەو بۆنەوە پێشکەش بە ڕێبەرایەتی و سەرجەم ئەندامان و لایەنگرانی کۆمەڵە کرد.

هاوکات دوو هەیئەتی دیکە بە سەرپەرەستی «کەماڵ فەرۆخی» کادری دەزگای پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و «ئەحمەد سلێمانی» کادری پێوەندییەکانی سلێمانیە بەشدارییان لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی کۆمەڵە. ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان کرد و بەو بۆنەوە پیرۆزبایی یادی ٥٠ ساڵەی کۆمەڵەیان لە سەرجەم هاوڕێیانی کۆمەڵە کرد.

# ماڵپەڕی تایبەت بە کار و چالاکییەکانی ڕێکخستنی حیزبی دێموکرات لە دەرەوەی وڵات دامەزرا

ماڵپەڕێکی تایبەت بە کار و چالاکییەکانی ڕێکخستنی حیزبی دێموکرات و بەشەکانی دیکەی یەکەی کارگێڕی لە دەرەوەی وڵات دامەزرا. ڕێکخستن لە دەرەوەی وڵات لە سێ هەرێمی سەرەکی پێک دێت کە بریتین لە: هەرێمی سکاندیناڤی: کۆمیتەی وڵاتانی سوید، دانمارک، نۆرویژ و فینلاند.

هەرێمی ئورووپا: کۆمیتەی وڵاتانی ئاڵمان، ئۆتریش، ئیتالیا، بریتانیا، بلژیک، سویس، فەڕانسە و هۆڵەند.

هەرێمی ئامریکا: کۆمیتەی ئامریکا، ڕۆژهەڵاتی کانادا، ڕۆژئاوای کانادا، ئۆستڕالیا و نیوزیلەند.

دەزگاکانی دیکە کە لە یەکەی کارگێڕیی دەرەوەی وڵات بەشدارن بریتین لە: دەزگای پێوەندیەکان، دەزگای ڕاگەیاندن و دەزگاکانی دارایی.

یەکەی کارگێڕی بەپێی پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکرات، دەستەیەکی بەڕێوەبەرییە بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری حیزبی لە دەرەوەی وڵات.

لە ڕێگەی ئەم ماڵپەڕەوە دەتوانن هەواڵ و زانیاری پێوەندیدار بە بەشەکانی یەکەی کارگێڕی بخوێننەوە و هەروەها لەگەڵ هەرکام لەم بەشانە پێوەندی بگرن. هەر لەم ماڵپەڕە دەتوانن داوای ئەندامەتی خۆتان بۆ دەزگای ڕێکخستنی حیزبی دێموکرات لە دەرەوەی وڵات بنێرن و دوایین زانیاریەکان تایبەت بە پەنابەران بخوێننەوە.

ئادرەسی ماڵپەڕ:
https://pdkimedia.com/

# کوردستان شانۆگەریی هەڵبژاردنی بایکۆت کرد

لاوانی نیشتمانپەروەری کوردستانی ڕۆژهەڵات، بە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغی، بەناو هەڵبژاردنەکانی ڕێژیمی ئێرانیان مەحکووم کردووە.
«دەنگدان دەمامکی سەرکوتە، نا بۆ دەنگدان».
ئەمانە و چەندین دروشمی دیکە، دروشمەکانی چالاکییەکانی پۆلێک لە لاوانی قارەمانی دێموکراتن لە سەر دیوارەکانی شار.
تێکۆشەرانی دێموکرات و ڕێبوارانی ڕێگای شەهید «مەحیەدین نەسیری»، لە ناوچەی «شارویران» و لە گوندی «گوێک تەپە»، بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پووستێری تایبەت بۆ بایکۆتی شانۆی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شۆرای ئیسلامیی ئێران، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.
ئەو چالاکییە لە وڵامی کەمپەینی بایکۆتی شانۆی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شۆرای ئیسلامیی ڕێژیمی ئێران، کە لەلایەن لیژنەی هاوئاهەنگیی ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵاتەوە ڕاگەیەندراوە؛ بەڕێوە چووە.
لە سەر تابلۆکانی سەر ڕێگا، سەر دیوارەکان و لە سەر ماشینەکان، درووشمگەلێک وەک: «نا بۆ دەنگدان، دەنگدان دەمامکی سەرکوتە، دەنگدان کۆیلە بوونە، دەنگدان ڕەواییدان بە سەرکوتە» ڕەنگ دەداتەوە.
لەلایەکی ترەوە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شارەکانی پیرانشار و مەریوان، بە بەڕێوەبردنی چالاکی پەیامی «نا بۆ دەنگدان»ـیان گەیاندە شانۆکارانی هەڵبژاردن.
ئەندامانی حیزب لە گوندی کەڵەکین و دەوروبەری پیرانشار، جگە لەوەی کە پۆستێرە تەبلیغییەکانی بەربژێرەکانیان لە دیوارەکان هەڵکەندووە، کاری تەبلیغاتیشیان بۆ بایکۆتکردنی بەناو هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم بەڕێوە بردووە.
لە شاری مەهاباد، لاوانی دێموکرات لە شارویران بە بڵاوکردنەوەی تراکت و وێنەی تایبەت بە بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ڕێژیمی ئێران چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.
ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تەبلیغیی تێدا بەڕێوە چووە بریتیین: «مزگەوتەکانی عومەری فاروق، بوداق سوڵتان، ئەسحابەی سپی، شاریکەندی، وەفایی، سەیدحەسەنی فەقیران، جامعی شیلان، محەممەد ڕەسوڵەڵلا، قوتابخانەکانی ڕازی، دانیش، شایەگان، ڕۆستەم زادە، سەفا و «ملک الشۆعرا» لە شیلانان.
لە شنۆ بۆ بایکۆتی هەڵبژاردنەکان لە گەڕەکەکانی مامەتەمر، شارەکیی فەرهەنگیان، سەلیمئاباد و شەکراباد چالاکیی تەبلیغیی بەڕێوە چوو.
هەروەها لە شاری بۆکان ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بۆ بایکۆتی هەڵبژاردنەکان لە «میراوا، مزگەتەکانی جامیع، ئەبووبەکری سدیق، حاجی مستەفا تووتی، حەزرەتی محەممەد، قوتابخانەی «نەجاری» کۆڵانەکانی ئاگرین، قەندیل و تەرەغە» تراکت و پۆستێری تایبەت بۆ بایکۆتی هەڵبژاردنەکان بڵاو کراوەتەوە.
لە گوندی «نییەر» دوای ئەوەیکە بەنێر و پۆستێرەکانی تایبەت بە بەربژێرەکانی ڕێژیم دەبردرێتە ئەو گوندە، لە لایەن خەڵکەوە ئاگری تێبەردەدرێت.
لە کرماشان کە ٢ هەزار و ٥٥٥ گوندی هەیە لەو ڕێژەیە ١ هەزار و ٣٠٠ گوند گازی بۆ کێشراوە، پارێزگاری کرماشان وتوویەتی کە هەتا کۆتایی ساڵی داهاتوو هەموو گوندەکان گازیان بۆ دەکێشرێت، خەڵک وتوویانە ئەو بانگەشەیە بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدانە.
ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەقز و دەوروبەری، لە دەیان گوند و بەتایبەت لە ناوچەی فەیزوڵلابەگی ئەم شارە و هەروەها لە شاری ساحێو چالاکیی بەرینی تەبلیغاتییان بۆ بایکۆتی هەڵبژاردنەکان بەڕێوە برد.
بەشێک لەو گوندانەی کە چالاکیی تەبلیغاتیی تێدا بەڕێوە چووە بریتن لە: «کوڵتەپە، چۆمەڵوو، چاخلوو، قەڵاکۆن، لەگزی، تیزاوا، عەلیاوا، یازیبلاخی، سوورج، قارەواو مەرخوز» و چەندین گوندی دیکە.
لە بوکان خەڵک بەشداری لە پڕوپاگەندەی بەناو نوینەران ناکەن و ئەوانەی خۆیان بەربژێر کردووە بە مۆرەی ڕێژیم دەزانن.
بەربژێرەکانی ڕێژیم چەواشەکاری بۆ فریودانی خەڵک دەکەن و سروودە نەتەوییەکان وەک «خوایە وەتەن ئاواکەی» بڵاو دەکەنەوە و بەڕێوەبەرانی ڕێوڕەسمەکانیان جامانە لەسەریان دەکەن. بەڵام خەڵک چیدیکە فریوی ئەو شانۆگەرییانە ناخۆن، چونکە نە جامانە تایبەت بەوانە و نە وەتەن ئاوەدانکردن کاری ئەوانە .
هاوکات بەربژێرەکانی ڕێژیم بەزم و هەڵپەرکێ ساز دەکەن، بەڵام بەو حاڵەش لەلایەن خەڵکەوە هیچ وڵامێکیان نییە و تەنیا چەند کەسێک لە دەستوپێوەندییەکانی خۆیان بەشدارن.
هەر لە بۆکان، ئەندام، لایەنگران و هەوادارانی حیزبی دێموکرات لە شەقامەکانی یەکشوە، باغی قازی، گەڕەکی سامان کە ستادی دوو لە بەربژێرەکانی سپای تێرۆریستی پاسدارانی لێیە، زیاتر لە هەزار تراکت و پۆستێر و هەروەها وێنەی ڕێبەری ناوداری کورد دوکتور قاسملووی نەمر بڵاو کراوەتەوە.
بەشێک لە خەڵک و لاوان وێنەی دوکتور قاسملوویان لەسەر سینگی خۆیان داوە.
لە مەهاباد تێکۆشەرانی دێموکرات بە بڵاوکردنەوەی تراکت و وێنەی و تایبەت بە بایکۆتی شانۆی هەڵبژاردنەکان، ئەو شانۆگەرییەی ڕێژیمیان بایکۆت کرد.
لە گوێکتەپەی مەهاباد ئەو شوێنانەی چالاکیی لێ کراوە بریتین لە: «پشت پایگای بەسیج، سیمخارداری پادگانی سپاە، مەنتەقەی ئاش، چوارڕای مزگەوتی جامیع، سەر جادەی ئەسڵی، ڕێگای خاتوون باغ، ئازاد و بۆزە.
هاوکات لە «خورخوڕە و کۆسەکەرێز» بۆ بایکۆتی هەڵبژاردنەکان چالاکیی تەبلیغیی بەڕێوە چوو.
لە شاری سنە تێکۆشەرانی دێموکرات وێڕای ئەوەیکە بە شێوەیەکی بەربڵاو تراکت و پوستێری تایبەت بە بایکۆتی هەڵبژاردنەکیان بڵاو کردووەتەوە بنێری بەربژێرەکانیان ئاگر تێبەرداوە.
بەربژێرەکانی ڕێژیم کەڵکاژۆ لە منداڵانیش وەردەگرن و پڕوپاگەندایان پێوە دەکەن. خەڵک لە شارەکانی کوردستان بنێری و وێنەی تایبەت بە بەربژێرەکان ئاگر دەدەن و دەیاندڕێنن.
لە زانکۆی گیلان خوێندکاران بە بڵاوکردنەوەی تراکتی تایبەت هەڵبژاردنەکانیان بایکۆت کرد.

# دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوە پێنجەمین خولی دەورەکانی ئاستی ٢ بەشی یەکەمی بەڕێوە برد

سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ٢١ی ڕێبەندان لە ڕێوڕەسمێکدا دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوە کۆتایی بە دەورەیەکی دیکە لە دەورەکانی ئاستی ٢ بەشی یەکەم هێنا. ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد. دواتر «لوقمان مێهفەر» ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات چەند وتەیەکی پێشکەش بە بەشداربووانی دەورەکە کرد.
مێهفەر لە دەسپێکی قسەکانیدا وێڕای پیرۆزبایی لە بەشداربووانی دەورەی ئاستی ٢ بەشی یەکەم باسێکی سەبارەت بە گرینگیی پەروەردە بۆ حیزبی دێموکرات کرد. ناوبراو باسی لەوە کرد کە حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە و لە سەردەمی کۆماری کوردستان گرینگی بە پەروەردە داوە لە ئەو سەردەمەدا بە ناردنی پۆلێک لە ئەندامانی حیزب بۆ باکۆ لە ئازەربایجانی یەکیەتیی سۆڤیەت هەوڵی داوە کە کۆمەڵێک کادری تێگەیشتوو و پێگەیشتوو پەروەردە بکا کە بتوانن خزمەت بە کۆماری کوردستان و خەڵکی کورد بکەن و هەروەها باسیان لە بەڕێوەبردنی دەورەکانی کادری کرد کە لە دەیەی ٣٠ بە هیمەتی دوکتور قاسملوو بەڕێوە چوون. ناوبراو هەروەها باسیان لەوە کرد کە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و دەستپێکردنی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب، حیزبی دێموکرات بە دەیان خولی کادری لە ئاستە جیاجیاکاندا بەڕێوەبردووە و ئەمەی بە نیشانەی گرینگی پێدانی حیزبی دێموکرات بە پرسی پەروەردە زانی.
«لوقمان مێهفەر» لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژەی ئەوە کرد کە کادر کێیە و ئەرکەکانی چین و وتی کە کادر دەبێ خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندی بەرز و بەرچاوی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئینسانی بێ تا بتوانێت تەیار بێت بە زانست و زانیاری بۆ ئەوەی توانای شی کردنەوەی سیاسەت و بڕیاراتی حیزبەکەی بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و دروست لە نێو کۆمەڵانی خەڵک هەبێ و چەند تایبەتمەندییەکی کادری دەستنیشان کرد کە بریتی بوون لە : کادر دەبێ باوەڕ بە خۆبوونی هەبێ ، پێڕەویکردن لە بڕیارەکان و بڕیاردان، دادپەروەربوون، بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری، کادر نوخبەی حیزب و کۆمەڵگا بێ ، ڕێزگرتن لە خەڵک، کادر سەرمایەی مەعنەوی و ماددی ڕێکخراو و چەند تایبەتمەندییەکی دیکەی کادر و هەروەها پێویستی کادر بۆ ڕێکخراو و حیزب. «مێهفەر» لە درێژەی قسەکانیدا باسی لە تایبەتمەندی خەباتی کورد کرد و وتی کە خەبات کورد خەبات بۆ یەکسانی و ئازادیی ماف و حقووقی ئینسانییە، هەربۆیە کادری حیزبی دەبێ بەگرینگییەوە بڕوانێتە ئەو ئەسڵە و هەرگیز فەرامۆشی نەکا، چوونکە کادر سەرمەشقی هەڵسووکەوت و مامەڵەی جێی پەسەندی کۆمەڵانی خەڵکە.



«لوقمان مێهفەر» لە قسەکانی دا ئاورێکی کورتی لە دۆخی ئێران و ناوچەکە و کورد دایەوە و باسیان لەوە کرد کە ئاڵوگۆڕەکان بە شێوەیەکی خێرا و زۆرجار پێشبینی نەکراو دەڕۆنە پێشێ و دەبێ خوێندنەوەمان بۆ ئەم ئاڵوگۆڕانە هەبێ و ئاڵترناتیڤمان بۆ پێشهاتەکانی داهاتوو هەبێ. سەبارەت بە کورد «مێهفەر» لەو بڕوایەدا بوو کە دەبێ کورد لە هەر چواربەشی کوردستان زیاتر گرینگی بە بەهێزبوون و یەکگرتووی بدەن و ئەو خالانەی کە ناکۆکیمان لەسەری هەیە کەمتر زەق بکرێنەوە و زیاتر ڕۆحی هاوکاری و برایەتی لە نێوان حیزب و لایەنەکانی هەرچوار بەشی کوردستان بەهێزتر بکرێ. هەروەها سەبارەت بە کوردستانی ڕۆژهەڵات ناوبراو چەختی لەسەر ئەوە کردەوە دەبێ هاوکاری زیاترمان لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری ئێران هەبێ لەسەر ئەساسی دێموکراسی و پێکەوە هەڵکردن و دیتنەوەی نەقشە ڕێگای گونجاو بۆ دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و دابینکردنی مافی هەموو نەتەوە و پێکهاتەکانی ئێران.
سەبارەت بە ئەرکی کورد لە ڕۆژهەڵات و حیزبی دێموکراتیش لە ئێستای خەبات ناوبراو ڕایگەیاند کە حیزبی دێموکرات پێویستە یەکگرتووتر درێژە بە خەبات بدەین و خۆمان ئامادە بکەین بۆ داهاتووی ئالوگۆڕەکان و خۆمان بۆ هەر ئەگەریك ئامادە بکەین.
دوای وتەکانی «لوقمان مێهفەر»، پەیامی دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوە لە لایەن «عوبەید مورادی» پێرسۆنێلی دەزگای پەروەردە خوێندرایەوە و پاشان پەیامی بەشداربووانی دەورەی ئاستی ٢ بەشی یەکەم لە لایەن «محەممەد نەوباری» بەشداربووی دەورە خوێندرایەوە.
بڕگەی کۆتایی ڕێوڕەسمەکە پێشکەشکردنی خەڵات بوو بەسەر نەفەراتی یەکەم تا سێهەم کە بریتی بوون لە: نەفەری یەکەم «سامان سەید ئەحمەدی»، نەفەری دووهەم «حیسام سلێمانی» و نەفەری سێهەم «تاهیرە ڕەحیمی زادە« و لە لایەن لوقمان مێهفەر خەڵاتەکانیان پێشکەش کرا.
خولی پێنجەمی دەورەی ئاستی ٢ بەشی یەکەمی سیاسی بۆ پێشمەرگەکان لە ڕێکەوتی ٧ی بەفرانباری ١٣٩٨ دەستی پێکرد و هەتا ڕێکەوتی ٢٠ی ڕێبەندانی ١٣٩٨ درێژەی کێشا کە لەم ماوەیەدا ١٢ وانە پێشکەش بە بەشداربوون کراوە.

# نیشتمان گوڵێکی بە ئەمەگی خۆی لە دەست دا



ئەندامێکی دڵسۆزی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و چالاکی ژینگەپارێزی لە شاری مەریوان بۆ هەمیشە دڵە نیشتیمانپەروەرییەکەی لە لێدان کەوت.
ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢١ی ڕێبەندانی ١٣٩٨ی هەتاوی، کاک «خەبات ئەحمەدی» کوڕی شەهید «مەنسوور ئەحمەدی»، تەمەن٣٩ ساڵ ،خەڵکی شارەدێی «نێ»ـی مەریوان و ئەندامی حیزبی دێموکرات وئەندامی ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوان بە هۆی نەخۆشی لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری تاران ماڵاوایی لە ژیان کرد. هاوڕێ خەبات ڕێبازی پڕ لە سەروەریی باوکی شەهیدی و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستانی بەوپەڕی دڵسۆزییەوە بەڕێوە دەبرد، ناوبراو کەسایەتییەکی جێگای باوەڕی کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەی مەریوان و دەوروبەری بوو. کاک خەبات یەکێک لە ئەندامانی چالاکی ئەنجوومەنی سەوزی چیای مەریوان بوو. ئەو لاوە خوێنگەرمە هەمیشە بەرپەرچی سیاسەتە نگریسەکانی ڕێژیمی ئێرانی بە نیسبەت تێکدانی ژینگەی کوردستان دەدایەوە و دڵسۆزانە بۆ پاراستنی ژینگەی کوردستان هەموو تواناکانی دەخستە گەڕ. تەرمی کاک «خەبات ئەحمەدی»، ئەندامی دڵسۆزی حیزبی دێموکرات و ئەندامی چالاکی ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوان لە شارەدێی «نێ» بە خاکی پیرۆزی کوردستان ئەسپێردرا.
لە ڕێوڕەسمی ناشتنی کاک «خەبات»دا خەڵکێکی زۆر بەشدارییان کردبوو و لەگەڵ ڕێبازی ناوبراودا پەیمانیان نوێ کردەوە. لەو ڕێوڕەسمەدا بەشێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوانیش بەشدار بوون. هەر بەم بۆنەوە ئەنجومەنی سەوزی چیای مەریوان پرسە و هاوخەمیی خۆیان ئاراستەی بنەماڵەی کۆچکردوو و خەڵکی نێ کرد.
ڕۆژی چوارشەممە، ٢٣ی ڕێبەندان دوای گەڕاندنەوەی تەرمی کاک خەبات بۆ شارەدێی نێ، تەرمی ئەو لاوە نیشتمانپەروەرە بە خاک ئەسپێردرا.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە،خزم و کەسوکاری خوالێخۆشبوو دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

# ئاگاداری/ هەڵمەتی تویتێری بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی بەڕێوە دەچێت

هاونیشتمانانی بەڕێز!
لە بەرەبەری ٢١ فێڤرییە، بەرانبەر بە ٢ی ڕەشەمە (ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی)، کۆمیتەی فەرهەنگ و زمانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران هەڵمەتێکی تویتێری بە مەبەستی گرینگیدان بە پرسی زمانی دایکی و زیاتر ناساندنی بە بیروڕای گشتی و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وەکوو یەکێک لە گرینگترین پرسەکانی پێوەندیدار بە شوناس و مافەکانی نەتەوەی کوردەوە بەڕێوە دەبات. داواکارین لە کاتی دیاریکراو و بە بەکارهێنانی هاشتاگ و تویتە دیاریکراوەکان لەو هەڵمەتەدا بەشدار بن.
کات: شەوی پێنجشەممە لەسەر هەینی، ١ لەسەر ٢ی ڕەشەمەی ١٣٩٨ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٠ لەسەر ٢١ی فێڤرییەی ٢٠٢٠ی زایینی
بە کاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان: کاتژمێر ١٠ی شەو
بە کاتی باشووری کوردستان: کاتژمێر ٩:٣٠ی شەو
بە کاتی ئورووپای ناوەندی: کاتژمێر ٧:٣٠ی شەو
بۆ وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە هاشتاگ و تویتە ئامادەکراوەکانی هەڵمەتەکە سەردانی کاناڵ و پەیجی تایبەت بە هەڵمەتەکە بکەن:
Telegram:@zmanushunasinatawai
Facebook:https://www.facebook.com/MotherTongueCam/
(https://www.facebook.com/MotherTongueCam/)

## درێژەی پەیف

جۆری دی دەبینی.
گەر کۆیلەبوونی مێشکی بە سەر تاکێکدا زاڵ بێ، هەرچەند کۆیلەبوونێکی ڕەگ داکوتاوە و ئەگەری وشیاربوونەوەی کەمە، بەڵام ڕەنگە بە گۆڕانی زەمان و دۆخ، وشیاریی بە مێشکی ئەو تاکە کۆیلەیە بگا و دژ بە زنجیرە دەسکردەکانی مێشکی ڕاپەڕێ، بەڵام گەر زمانی کەسێک داگیر بکەی، ئامرازی وەئاگاهاتنەوەشت لێ ئەستاندووە؛ بۆیە کۆیلەتیی لە ئاستی داگیرکراویی زماندا، کۆیلەتییەکی ڕەگ ئەستووتر و زۆر قووڵترە کە کۆلۆنیاڵیزمی تێکەڵ بە شۆڤێنیزم، دەیهەوێ زمانی نەتەوە ژێردەستەکان بسڕێتەوە و زمانی خۆی بخاتە نێو مێشکیانەوە. لە ڕاستیدا شۆڤێنیزمی زاڵ دەیهەوێ پێناسەی بوونی نەتەوەکان بسڕێتەوە و پێناسەیەکی دەسکردیان بە بەردا بکا، تاکوو بۆ هەتاهەتایە بەکۆیلەیان بکا.
زمانی کوردیمان دەپارێزین و گەشەی پێ دەدەین چوونکە زمانی دایکی پێناسەی بوونمانە و هەر بۆیە بە هەموو شێوازێک بەرگری لەو پێناسەیەمان دەکەین.

# خوێنەرانی خۆشەویستی «کوردستان»، سەبارەت بە دوایین ڕووداوەکانی کوردستان و ئێران و هەروەها ساڵیادی شۆرشی گەلانی ئێران و بەتاڵانبردنی دەسکەوتەکانی شۆرش لەلایەن ئاخوندەکانی سەر بە ویلایەتی فەقیە، تەلەفزیۆنی تیشک، دیمانەیەکی لەگەڵ بەڕێز «مستەفا هیجری»، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێک هێنا کە بەهۆی گرینگی بابەتەکە، لێرەدا دەخرێتە بەرچاوی ئێوەی خۆشەویست:




ئا: کوردستان

**بەرەبەرە لە ساڵیادی بەتاڵانبردنی دەسکەوتەکانی شۆڕش لەساڵی ٥٧ نیزیک دەبینەوە. ئێوە وەک حیزبی دێموکرات چ پەیامێکتان هەیە بۆ خەڵک؛ بەتایبەت لە کوردستان؟**

پەیامی ئێمە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پیرۆزباییەکی زۆر گەرمە لە دوای ٤١ ساڵ خەبات و بەربەرەکانێی خەڵکی کورد دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی کە بە هەموو توانای خۆیەوە تێکۆشاوە کە کلتوور و فەرهەنگ و مێژووی خەڵکی کورد بسڕێتەوە و ملکەچیان بکات و بەچۆکیاندا بێنێ،بەڵام خەڵکی کورد ئامادە بووە قوربانی بدا، دەربەدەر بێ و زۆر کێشە و نەهامەتی دیکە کە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە تووشیان بووە قەبووڵ بکا، بەڵام هەروا سەربەرز و زیندوو لە بەرانبەر ڕێژیمدا ڕاوەستێ؛ ئەوە جێگای شانازی و سەربەرزییە بۆ گەلەکەمان و جێگای پیرۆزبایی پێ وتنە.

**زیاتر لە ٤٠ ساڵە کۆماری ئیسلامی لەسەر حوکمە و دەسەڵاتی بە دەستەوەیە. ئاسەوارە نێگەتیڤەکانی ئەم دەسەڵاتەش بۆ هەموو لایەک دەرکەوتووە و دیار و بەرچاوە. بەڵام بۆچی کۆماری ئیسلامی هێشتا هەر ماوە؟ بۆچی هێشتا هەر لە دەسەڵاتدایە؟ هۆکارەکانی چین؟**

لەسەر دەسەڵات مانەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران هۆکاری زۆری هەیە؛ دیارە من لێرە بە کورتی ئیشارەیان پێ دەکەم، بە بۆچوونی من گرینگترینیان ئەوەیە کە تاکوو ئێستایش ئۆپۆزسیۆنێکی یەکگرتوو و پێشکەوتنخواز کە هەم ببێتە جێگای متمانە و پشتیوانی خەڵکی ئێران و هەروەها ببێتە جێگای متمانەی وڵاتانی دیکەی دنیا، پێکنەهاتووە.

لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە ئەو ڕێژیمە هەموو هەوڵی خۆی دا بۆ ئەوەیکە ئەو حیزب و هێزانەی کە لە ئێراندا بوون و خەباتیان کردووە لێکیان بترازێنێ و پەرشوبڵاویان بکاتەوە، چونکوو ئەوان باش دەیانزانی یەکگرتوویی خەڵک بەهۆی حیزبەکانەوەیە، بەڵام ئەگەر حیزبەکان نەمان یان لاواز بوون خەباتی خەڵکیش زەحمەتتر دەبێ. کۆماری ئیسلامی بەداخەوە لەو پیلانەیدا سەرکەوتوو بووە و تاکوو ئێستایش ئەو یەکگرتووییە لە نێو ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیدا پێکنەهاتوو؛ مەسەلەیەکی دیکە کە دێتە ئاراوە و دەبێ لەبەرچاومان بێت ئەویش ئەوەیە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ مانەوەی خۆی لە هیچ جینایەتێک دەست ناگێڕێتەوە. ئێمە لە چەند مانگی ڕابردوودا هەموومان شاهید بووین کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی چۆن وەختێک دەسەڵاتەکەی دەکەوێتە مەترسییەوە لەلایەن خەڵکەوە بە بێبەزەییانە دەیانکوژێ، زیندانیان دەکا،ئەشکەنجەیان دەکا و ئەوە بێگومان تەئسیری لەسەر ورە و تێکۆشانی خەڵکەکە دادەنێت، مەسەلەیەکی دیکە کە گرینگە و دەمەوێت ئیشارەی پێبکەم ئەویش ئەوەیە کە وڵاتانی ڕۆژاوایی بەتایبەت وڵاتانی ئورووپایی تاکوو ئێستایش لەگەڵ ئەوەیکە ماهییەتی کۆماری ئیسلامییان ناسیوە بەڵام بۆ پاراستنی قازانج و بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە جینایەت و سەرکوتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران چاوپۆشی دەکەن و زۆرتر لە هەوڵدان بۆ ئەوەیکە بەجۆرێک بەشێوەی ناڕاستەوخۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەر کار بمێنێتەوە بۆ ئەوەیکە بتوانن بە بوونی ئەو ڕێژیمە قازانج و بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان بپارێزن، بەڵام لە ڕەوتی ئەو٤١ ساڵەدا دەبینین وەزعییەتەکە بە تەواوەتی گۆڕاوە؛ دیارە هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە یەکلا ببێتەوە بەڵام ئەوەیکە ڕۆژاواییەکان حاڵی بوونە لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی،بەشێک لە خەڵکی نێوخۆی ئێران کە لە سەرەتادا هیوایان بە کۆماری ئیسلامی بوو کە ئەو ڕێژیمە ئەو بەڵێنانەیان بە خەڵکی داوە کە لە سەرەتای هاتنە سەرکاری جێبەجێیان دەکا و خەڵک بە ئازادی و ژیانێکی باشتر بگەن،ئیدی لەم ماوەدا هەموو شتێک ڕوون بووەتەوە،بۆیە دەبینین ڕەوتی خەباتی خەڵک دژی ڕێژیم باشتر دەچێتە پێشێ و جار لەگەڵ جار خەڵکی زیاتر بەشدار دەبن و ڕێژیمیش توندوتیژتر لەگەڵیان بەرخۆرد دەکا.

**کۆماری ئیسلامی بەتایبەت لە چەند ساڵی ڕابردوودا، هەم لە ئاستی نێوخۆیی و هەم لە ئاستی نێودەوڵەتی و تەنانەت لە ئاستی ناوچەییشدا کەوتووەتە ژێر گوشارێکی کەموێنەوە. لەلایەکەوە مەسەلەی تەحریمەکان لە گۆڕێیە، لەلایەکی ترەوە لە نێو وڵاتانی ناوچە ئەو هێژمۆنییەی کە هەیبووە تێکرووخاوە، لەو لاوە کەم ڕۆژ هەیە کە خەڵکانی ئێران هەر جارەو بە بیانوویەک نەڕژێنە سەر شەقام و دژی تەواوییەتی ڕێژیم درووشم نەدەن؛ بەردەوامیی ئەم ڕەوتە کۆماری ئیسلامی بەرەو چ ئاقارێک دەبات؟ ئایا ڕووخان گوزینەیەکی موناسبە؟**

لە مێژوودا زۆر ڕێژیمی دیکەش هەبوون کە وەک ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی خەڵکیان سەرکوت کردووە، خەڵکیان کوشتووە، ستەمیان لە خەڵک کردووە بەڵام تەنیا توانیویانە بۆ ماوەیەکی کورت تەمەنی دەسەڵاتی خۆیان درێژ کەنەوە، ئەو جۆرە حکوومەتانە دەڕۆن، ئەوانە ناتوانن لە بەرامبەر تەوژمی خەڵکدا خۆڕابگرن؛ پرۆسەی ڕووخانی ڕێژیم دەستی پێکردووە،بەتایبەتی بۆیە ئەو شتانەی باس دەکەم کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ئەوساڵدا لە نێوخۆی وڵاتدا لەگەڵ گەورەترین قەیران واتە قەیرانی ڕەوایی ڕووبەڕوو بووە. ئێمە هەموومان بە بەرچاوی خەڵکی دونیاوە دیتمان کە ئەو خەڵکەی کە زەمانێک پشتیوانیان لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەکرد چۆن هاتنەسەر شەقامەکان و دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران درووشمیان دا ،وێنەکانی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیان دراند و لەسەر دیوارەکان هێنایانە خوارێ و هێندێک ناوەندی ئایینییان ئاور تێبەردا ،ئەمە لە دەرەوەی وڵاتیش دەیبینین.

لایەنێکی دەکە وەک عەرزم کردی خەڵکە کە لەگەڵ ئەوەی حیسابی ئەوە دەکەن کە ڕەنگە بکوژرێن، زیندانی بکرێن، ئەشکەنجە بکرێن، بەڵام بەو حاڵەش خەباتی خۆیان درێژە دەدەن و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش لە بەرامبەر هەموو ئەو قەیرانانەدا کە بۆخۆی خوڵقاندوویەتی هیچ ڕێگاچارەیەکی نییە، لە بەرامبەر ئەو هەموو خواستە کە خەڵکی ئێران هەیانە و بۆ دابینبوونی دێنە سەر شەقامەکان؛ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیش نەیتوانیوە هیچ کێشەیەکی ئەوانی چارەسەر نەکردووە، چوونکە وێرانییەکان ئەوەندە کەڵەکە بوونەتە سەر یەک کە ڕێژیمیش بەو عەقڵییەتە دواکەوتووانەیە ناتوانێ وڵامدەری ئەو قەیرانانە بێت کە تووشی بوونە، بۆیە من پێموابێت پرۆسەی ڕووخانی ڕێژیم دەستی پێکردووە چونکە لە ڕووخانی هەر ڕێژیمێکدا گرینگترین فاکتەر خەڵکی نێوخۆی وڵاتە کە بگەن بە ئاستێک کە لە ڕێژیمەکەیان بێ هیوا بن و ئێستا لە ڕێژیم بێ هیوا بوونە.

تەنانەت دەبینین کە گرووپێک کە بە ناوی ئیسڵاحتەڵەب سەردەمانێکی زۆر هەوڵیان دا بۆ ئەوەی کە ڕێژیم بپارێزن و ڕێژیم هەندێ لە هەڵسوکەوتەکانی خۆی بگۆڕێ و بەشێک لەوان دووبارە بێنێتەوە نێو دەزگای حکوومەت بەڵام تەنانەت ڕێژیم جوابی ئەوانیشی نەدایەوە،ئێستا بەشێکی زۆر لەوانیش ئیدی گەیشتوونەتە سەر ئەو قەناعەتەی کە ئەو ڕێژیمە ئیسڵاح هەڵناگرێ، کاتێ ڕێژیم ئیسلاح هەڵناگرێ یانی تەنیا ڕێگایەک کە هەیە ڕووخانەکەیەتی کە بە بۆچوونی من پرۆسەی ڕووخانەکە دەستی پێکردووە جا کەنگێ ئەو پرۆسەیە بە ئاکام دەگا بە زۆر فاکتەری ناوخۆیی و دەرەکییەوە بەستراوەتەوە کە ڕەنگە لەو کاتەدا مەجالی ئەوە نەبێت بچینە سەر ئەو باسە.

**لە چەند مانگی ڕابردوودا بە موشەخەسی لە دوو وڵاتی عێراق و لوبنان خەڵکانی ناڕازی لە سیستمی حوکمڕانی ئەم وڵاتانە ڕژانە سەر شەقامەکان و لە ڕەوتی خۆپیشاندانەکانیان دژ بە کۆماری ئیسلامی درووشمیان دا و بە ڕوونی باسیان لەوە کرد کە دەبێ تاران لە وڵاتەکەیان بچێتە دەرێ! پێتان وایە کە ئەمە ئاراستەکراو و سازماندراو بووە یان نا؟ ئەمە ئاکامی چەندین ساڵ تێچووی گیانی و ماددی ڕێژیمە بۆ پێشێلکردنی سەروەرییە سیاسییەکانی ئەم وڵاتانە؟**

بە بۆچوونی من بابەتی سەرەکی لەو ڕووداوانەدا کە ئیشارەتان پێکرد تێگەیشتنی خەڵک لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و ئاگابوونیان لە پیلانەکانی ئەو ڕێژیمەیە دژی ئەوان؛ ئەگەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕابردوودا لەژێر دەمامکی پشتیوانی لە کۆمەڵگای شێعە لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاستدا دەهات کاری بۆ دەکردن، بەرنامەی بۆ دادەنان و بەو ناوە دەیهەویست خۆی وەک پشتیوانی شێعە لە ناوچەدا نیشان بدا کە پشتیوانییان لێدەکا لە بەرانبەر ستەمی سوننەکاندا، لە دوای ئەو چل ساڵە ئێستا ئەو خەڵکە تێگەیشتوون کە ئەوەی کۆماری ئیسلامی بە ناوی یارمەتی بۆ ئەوان کردوویەتی، تەنیا پیلانێک بووە بۆ بەکارهێنانی ئەوان بۆ ئامانج و ئیدۆلۆژییەکانی خۆی کە ئەویش لە ئەساسدا بریتییە لە هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی و پێکهێنانی ئیمپراتووریەتێکی ئیسلامی شێعە لە ناوچەدا لەژێر فەرمانڕەوایی خۆی؛ ئێستا ئیدی خەڵک وەختێک لەوە حاڵی بووە یانی ئەو دەمامکەی کە ڕێژیمی ئیسلامی لەسەر خۆی دانابوو بۆ ئەوەی کە ڕواڵەتی واقعییەکەی نەناسنەوە ئێستا کەوتووەتە دەرەوە هەر بۆیە خەڵک لە دژی ڕادەپەڕن و ئەوەی کە ئێستا دیتمان لەو وڵاتانەی کە ئیشارەتان پێکرد بە درووستی نیشانەی ئەو ئاگاهییەی خەڵکە.

بێجگە لەوە دیارە خەڵک لە بێکیفایەتی حکوومەتەکانیان لەبەر نەبوونی نەداری و ژیانێکی سەخت کە بەتایبەتی گەنجەکان لە دەستی دەناڵێنن و پێیان وایە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران یەکێک لەو هۆیانەیە کە پشتیوانی لەو دەوڵەتە بێکیفایەتانەی کردووە کە لەسەر دەسەڵات بمێننەوە و پێوەندییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بپارێزن ئێستا هاتوونەتە سەر شەقام و دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و دژی ئەو حکومەتانەی کە پێیان وایە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پشتیوانیان لێ کردوون خەبات دەکەن و ناڕەزایەتی خۆیان لەو مەسەلەیە دەردەبڕن؛ بەڵام ئایا ئەوە ئاراستە کراوە،ڕێک خراوە یان نا، ڕەنگە ئەوە بەشێک لە قەزیەکە بێت بەڵام بابەتی سەرەکی نییە لەو مەسەلەیەدا چونکە وەختێک کە خەڵک دەڕژێتە سەر شەقام بە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بە دژی حکوومەتەکانی خۆیان درووشم دەدەن و ناڕازین و حازر نین چیدیکە لە ژێرباری ستەم و چەوسانەوەی ئەو دوولایەنەدا بمێننەوە دوای ئەوەیە کە ڕەنگە هێندێک لایەن هەبێت کە ئاراستەی بکات و یارمەتی بدات بەڵام ئەگەر خەڵک ڕازی بێت و بەو شکڵە نەیەتە سەر شەقام،ئۆمێدێکی بە حکوومەتەکەی خۆی مابێت کە دەتوانێ چاکسازی بکا و بچێتە پێشێ ئەودەم ئیدی مەجالێک بۆ دەستێوەردان و ئاراستەکردن و سازماندانی لایەنی دیکە نییە،بەڵام ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و سیستمە هاوشێوەکانی ئەو سیستمە فکرییە هەر دەنگێکی ناڕازی کە دژی ئەوان بەرز ببێتەوە بە ئاراستەکراو و پیلانی دوژمن دادەنێن؛ ئەمەش بەو ئامانجەی کە ئەوڵەن

درێژە لە لاپەڕەی ٥




درێژەی لاپەڕەی ٤

بەو بەهانەیەوە خەڵكی زیاتر سەركوت بكەن و دووهەم بۆ ئەوەی كە بڵێن ئەوانە خەڵك نین، ئەوانە بەكرێگیراوی دوژمنانی ئەو ڕێژیمانەن بۆیە ئەو شتانە دێتە پێشێ.

**قاسم سلێمانی وەک سیمای دیاری تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی کوژرا کە کاردانەوەی جۆربەجۆریشی لە ئاستی جیهانیدا لێکەوتەوە؛ ئایا بە نەمانی سلێمانی دەستی تێرۆری ڕێژیم لە ئاستی ناوچەیی کورت بووەتەوە؟**

ئەو سیاسەتانەی كە ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی بەگشتی لە نێوخۆی ئێراندا و لە دەرەوە بەڕێوەی دەبات، سیاسەتێكی ئیدیۆلۆژیكە كە ئەوان لە بواری ئایینییەوە بە ئەركی خۆیانی دەزانن بەڕێوەی ببەن، بۆیە دەبینین كە لە ماوەی ئەو٤١ ساڵەدا سەرەڕای ئەوەیكە تووشی ناكامی و شكست و گیروگرفتی زۆر گەورە بوون بەڵام ئەو سیاسەتەیان هەر درێژە داوە بۆیە ئێمە ناتوانین بڵێین كە بە كوژرانی مورەیەكیان كە قاسم سولەیمانی بوو دەستی ڕێژیم لەو وڵاتانە بووەتەوە و دەستێوەردان كورت دەبێتەوە یان سیاسەتی تێرۆری ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی ئێران ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێ! بە هیچ جۆرێك وانییە؛ چۆنكە ئەو ڕێژیمە لە گشتییەتی خۆیدا تێرۆریست و تێرۆریستپەروەرە و دەیهەوێ هەموو ناوچە لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدا بێت. بۆیە هەرچەند مۆرەیەكی لەدەست بچێ، تەنانەت ئەگەر یەكێكی وەكوو قاسم سولەیمانی بێت، مۆرەیەكی دیكەی هەیە بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییەش بڵێین كە قاسم سولەیمانی لە تەواوی ئەو ماوەیەی كە لە ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی ئێراندا كاری كردووە لە سپای قودس كە كاروبارەكەی پێوەندی بە دەرەوەی ئێرانە شارەزاییەكی زۆری لە ناوچەكەدا پەیدا كردبوو، كەسایەتییەكانی ئەو وڵاتانەی باش دەناسی و زۆرباش، لە نەزەری كۆماری ئیسلامییەوە، سیاسەتەكانی ڕێژیمی پەرە پێ دەدا،ڕەنگە جێگرەكەی كە تازە دیاریان كردووە ماوەیەك بكێشێ تاكوو ئەو شارەزاییە بەدەست بێنێ بەڵام سیاسەتەكە هەر درێژەی دەبێ.

**لە دوای کوژرانی قاسم سلێمانی و لە ڕەوتی بەقەولی خۆیان «تۆڵەی سەخت»ی کۆماری ئیسلامی دژ بە ئامریکاییەکان، فڕۆکەی موسافربەری ئۆکڕاینی کرایە ئامانج و لەلایەن سپای پاسدارانەوە کە بەداخەوە هەموو موسافرەکانی کە بەشێکیان کورد بوون، بوونە قوربانی. ئەوەیکە جێگەی تێڕامانە سەرانی ڕێژیم تا چەند ڕۆژ ئامادە نەبوون دان بەم ڕاستییەدا بنێت و حاشایان لێ دەکرد! لەوەش زیاتر پاش چەندین ڕۆژ عەلی خامنەیی بە ڕەسمی هاتە سەر هێڵ و نەتەنیا ئامادە نەبوو هاوخەمییەک لەگەڵ بنەماڵەی قوربانیان بێنێتە زمان بەپێچەوانەوە دفاع و داکۆکی لەم کردارە تێرۆریستییەی سپا کرد. خوێندنەوەی ئێوە چییە؟**

بەڵێ ئەو كردەوەیەی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی كردەوەیەكی زۆر دزێو بوو، بەڵام ڕێژیم وای بیر دەكردەوە كە، لەو ڕۆژانەدا كە شەڕی تەبلیغاتی نێوان ئامریكا و ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی زۆر توندووتیژ ببوو، دەركەوت ئەو تەیارە دەتەقێنێتەوە و دوای ئەوە دەیخاتە ئەستۆی ئامریكا و هەموو دونیا دژی ئامریكا دێنێتە جۆش. بەڵام وەكوو زۆربەی زۆری یان دەتوانم بڵێم هەموو بەرنامەكانی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی كە موحاسباتی غەڵەتیان هەیە ئەوەش غەڵەت دەرچوو چونكە ئێستا سەردەمی تێكنیك و زانستە و ئەگەر ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی باوەڕیان بەو تكنیك و عیلمە نییە و پشت ئەستوورن بە ئیدیولۆژیكەیان كە زۆر دواكەوتوویە هەر زۆر زوو ڕاگەیەندرا كە ئەوە ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی لێیداوە .

وەختێك گرووپەكانی پشكینین ئامادەبوون لەو بارەوە بێن و لێكۆڵینەوە بكەن لەسەر ئەو فڕۆكە، ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی ئەودەم حاڵی بوو كە چ هەڵەیەكی كردووە و بە درەنگانەوە ڕایگەیاند كە بەڵێ بە هەڵە مووشەكێكی وان وێی كەوتووە،ئێستا سەبارەت بەو پرسیارەی كە فەرمووتان ئایا خامنەیی خۆی موبەڕا دەبینێ؟ و چۆن سەرەخۆشی لەخەڵك ناكا؟ دەبێ بڵێین نابێ لەبیرمان بچێتەوە كە ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی ئێران بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانی خۆی لە كوشتنی خەڵك و هیچ جەنایەتێك دەست ناپارێزێ! چونكە بۆ ئەوان ئەسڵی مەسەلەكە گەیشتن بە ئامانجەكانیانە و لە پێناو گەیشتن بەو ئامانجانەدا خەڵك وەك كەرەستەیەك چاوی لێدەكرێ.

هەروەك لە شەڕی ئێران و عێراقدا دیتمان تەنانەت دوای ئەوەی كە سپای عێراق لەو بەشانەی كە داگیری كردبوو لە ئێران كشایەوە بەڵام ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی ئێران دەستی هەڵنەگرت و بە میلیۆن ئینسان لەوێدا كوژران و بریندار و نوقوستان بوون؛ یان هەر لە نێوخۆی ئێراندا دیتمان كە لە یەك دوو مانگی ڕابردوودا كە لە خۆپیشاندانەكاندا، بەپێی ئامارێك كە سەرچاوە باوەڕپێكراوەكان ڕایانگەیاند، زیاتر لە ١٥٠٠ كەس كوژران.

ئەوەیكە ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی وەكوو كەرەستە سەیری خەڵك دەكات و خەڵك بێجگە لە كەرەستە هیچ ئەرزشێكی دیكەی بۆ ئەوان نییە،بە دەیان جار لە ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی ئەزموون كراوە؛ چاولێبكەن بۆ ئەو هەڵبژاردنەی كە لە بەردەستدایە و ئەوانی ڕابردووش، خەڵك لە كاتی هەڵبژاردنەكاندا لە بواری وەزیفەی ئایینی و نیشتمانپەروەری و تەنانەت ناسیۆنالیستی كە ئەوان باوەڕیان پێ نییە، خەڵك هان دەدەن بێنە سەر سندووقەكانی دەنگدان! تەنیا بۆ ئەوەی كە بە دونیا بڵێن بەڵێ ئەوە ئێمە خەڵكمان لەگەڵە. بۆیە ئەو هەڵوێستەی خامنەیی نابێ هەروا سادە چاو لێبكەین كە بۆ داوای لێبوردنی لە خەڵك نەكرد؛ بە بۆچوونی ئەو هەموو خەڵك خەتابارە، هەموو خەڵك تاوانبارە بێجگە لەو گرووپەی كە لە ویلایەتدا لە خزمەتی ئەو ڕێژیمەدان.

**ئێستە زیاتر لە یەک مانگ لەم ڕووداوە تێدەپەڕێ بەڵام تا ئێستە کۆماری ئیسلامی ئامادە نەبووە «سندووقە ڕەش»ی فڕۆکەکە ڕادەستی ناوەندە جیهانییەکان یان تەنانەت کۆمپانیای بووینگ یان دەوڵەتی ئۆکڕاین بداتەوە. ئەمەش دژکردەوەی توندی بەشێک لە وڵاتانی جیهانی لێکەوتۆتەوە! پێتان وایە بۆچی ڕێژیم ئامادە نییە ئەم کارە بکات؟ ئایا شتێکی نهێنی لەو سندووقەدا هەیە کە ڕێژیم نایهەوێ بیرورای گشتی لێی ئاگادار بێ؟**

بێگومان ئەو سندووقە ڕەشە كە لە تەیارەكەدا هەبووە و لە هەموو تەیارەكاندا هەیە زۆرشتی دیكەی تێدایە كە تا ئێستە ڕوون نەبۆتەوە؛ ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی چونكە بۆخۆی باش دەزانێ چی كردووە دەشزانێ كە ئەگەر ئەو سندووقە ڕەشە تەحویلی ئۆكراین بدات یان تەحویلی وڵاتێكی دیكەی بدات كە شارەزان و دەتوانن لێی ورد ببنەوە زۆر لە نهێنییەكان كە تاكوو ئێستا ئاشكرا نەبووە دەردەكەوێ بۆیە دەبینین كە ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی جارێك دەڵێ تەحویلی دەدەین، دواتر پەشیمان دەبێتەوە كە ئەمانە هەمووی نیشانەی ترسی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامییە كە زیاتر لەوەیكە تاكوو ئێستا ڕیسوا بووە، بە تەحویلدانی ئەو سندووقە و ئاشكرابوونی ئەو نهێنییە كە تاكوو ئێستا باسی لەسەر نەكراوە زۆرتر لەوەی لەلای كۆمەڵگای نێونەتەوەییدا ڕیسوا بێ و درۆكانی ئاشكرا بن.

**دۆخی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن دەبینن؟ چەندە گەشبینن بە نەمانی کۆماری ئیسلامی و گەیشتنی کورد لەم پارچەی کوردستان بە مافە زەوتکراوەکانی؟ بە سەرنجدان بەوەی کە لە ماوەی دووساڵی ڕابردوودا ئێمە وەکوو کورد لە ڕۆژهەڵات خاوەنی سەنتەرێکین بە ناوی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران. ئەساسەن ناوەندی هاوکاری تا ئێستا چەندە پێشکەوتووە و چەندە توانیویەتی لە ئامانجەکانی خۆی نیزیک ببێتەوە؟**

من پێموابێ خەباتی كورد لە ڕۆژهەڵات لە ئاستێكی زۆر بەرزدایە و بە نیسبەت سەرەتاكانی هاتنەسەركاری كۆماری ئیسلامی ئێران، شكڵ و شێوەی ئاگاهانەی زۆر زیاتری بە خۆیەوە دیوە؛ ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كە خەڵك ڕێژیمی كۆماری ئیسلامیان باشتر ناسیوە و لە لایەكی دیكەوە لە ژێر سایەی عیلم و پێشكەوتن لاوانی كورد لە ڕۆژهەڵات زۆرتر بە مافەكانی خۆیان ئاشنا بوون و باش دەزانن ئەو مافانەی كە هی ئەوانە چۆن لێیان زەوت كراوە و گەیشتوونەتە سەر ئەو باوەڕەی كە بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافە زەوتكراوانەیان دەبێ خەبات بكەن. بێجگە لەوە ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی ئێران بە بێ خەبات و قوربانیدان ئامادە نییە هیچ مافێك بە هیچكام لە نەتەوەكان بە تایبەتی نەتەوەی كورد بدات. ئەوەیكە لە سەرەتاشدا عەرزم كردن ئەوەی كە خەڵكی كورد بە دەستی بەتاڵ لە بەرامبەر ئەو هەموو زوڵم و زۆرەی كۆماری ئیسلامی ئێراندا خۆی ڕاگرتووە نیشانەی ئەو ئاگاهییە و بوونی ئاستێكی زۆر بەرزە كە بە ڕاستی جێگای شانازییە و من پێموابێ كە ئەو ئاگاهییە و بەردەوامبوون لە خەبات و بەدەستهێنانی مافەكانیان ئەوان بە ئامانجەكانی خۆیان دەگەیەنێ.

لە پێوەندی لەگەڵ ناوەندی هاوكاری من پێموابێت ئێمە ئۆپۆزسیونی كوردی ئێران بە دامەزراندنی ناوەندی هاوكاری، هەنگاوێكی نوێمان لە خەبات دژی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی ئێران ئەزموون كردەوە؛ لە ڕابردوودا بەداخەوە مێژووی ئێمەش وەكوو كورد پڕە لە شەڕی نێوخۆیی، یەكترشكاندن و یەكتربوغزاندن كە بەشێوەی گشتی دوژمنان كەڵكی باشیان لێوەرگرتووە، بەڵام ئەو ناوەندە توانیویەتی كە ئەو واقعییەتە نیشان بدات كە ئەگەر ئێمە وەكوو كورد، وەكوو لایەنە جیاوازەكان و هەڵگری بیروبۆچوونی جیاواز جیاوازیمان هەیە لەگەڵ یەكتر بەڵام خاڵی هاوبەشیشمان زۆرە ئێستا ئێمە لە جیاتی ئەوەی كە خاڵە جیاوازەكانمان بەرجەستە بكەینەوە و هەر یەكەو بۆخۆی و بۆ حیزبی خۆی خەبات بكات و تێبكۆشێ، بە سەرنجدان بە خاڵە هاوبەشەكانمان لەیەك نیزیك بووینەتەوە و هاوپەیمانیمان پێكهێناوە دژی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی ئێران. ئەو ناوەندە دیارە ئیدەئاڵ نییە بەڵام بە نیسبەتی ئەو هەنگاوە و ئەو ئەزموونەی كە كردوویەتی بە بۆچوونی من سەركەوتنێكی زۆر باشە. من هیوادارم كە لە داهاتوودا بە هاوكاری زیاتر باشتر بچینە پێشێ و هێندێك بەرنامەی عەمەڵی ترمان هەبێ لە پێوەندی لەگەڵ خەبات دژی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی و هەروەها نیشاندانی ڕواڵەتێكی یەكگرتوو بە نیسبەتی كۆمەڵگایەكی نێونەتەوەیی،چونكە لە كۆمەڵگای نێونەتەوەییدا بەداخەوە ئەوەی كە زۆرجار باسی كورد دەكرێ پرشوبڵاوییانە، دژایەتیان لەگەڵ یەكترە، بەڵام ئێمە بە ناوەندی هاوكاری توانیومانە ئەوە نیشان بدەین كە ئێستا لە ڕۆژهەڵات، ئۆپۆزسیونی كورد یەكگرتوویە و یەك ئامانجی هەیە.

**ئێوە وەک حیزبی دێموکرات لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا قۆناغێکی نوێ لە خەباتتان بەناوی «ڕاسان» ڕاگەیاند. ڕاسان ئێستە لە چ قۆناغێکدایە؟ ئایا توانیویەتی ئامانجەکانی خۆی بپێکێ؟ یان بە واتایەکی تر ئایا ڕاسان توانیویەتی خەباتی شارو شاخ لێک گرێ بدات؟**

بەڵێ من لەو باوەڕەدام كە ڕاسان زیاتر لەوەی كە من بۆخۆم چاوەڕوانیم لێی هەبوو چووەتە پێشێ؛ ئەوە بەو مانایە نییە كە كەموكوڕی نییە و تاكوو ئێستا توانیویەتی هەموو ئامانجەكانی خۆی بپێكێ، چونكە ڕاسان وەك پرۆسەیەكی نوێ لە خەباتی نەتەوایەتی دژی ئەو زۆردارانەی كە كوردستانیان دابەش كردووە بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان ئەگەر لە ڕابردوودا بیروبۆچوونەكە ئەوە بوو كە گرووپێك لە خەڵكی هەڵبژاردە،شۆڕشگێڕ یا خۆنەویست دێن و خەڵك لە ژێر ستەم ڕزگار دەكەن، ڕاسان ئەو پەیامەی دا بە خەڵك كە «ڕزگاری» ئەركی هەموو لایەكە كە بە گرووپێك جێبەجێ نابێت؛ هەركەس لە هەر جێگایەكدا لەهەر كارو شوغلێكی هەیە دەبێ بە نیسبەت ڕزگاری خۆی و نەتەوەكەی هەوڵ بدا و خەباتی بۆ بكات. هێزی پێشمەرگە یان هێزی شاخ پشتیوان و یارمەتیدەری ئەوان دەبێت،ئەو پەیامە ئێمە لە ماوەی ئەو چوارساڵی ڕابردووەدا لە بۆنە جیاوازەكاندا لە نێو خەڵكدا داومانە، پشتیوانی خەڵك لە ناوەندی هاوكاری لە حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران و ئامادە بوون بۆ پشتیوانیكردن لە حیزبەكانیان. هەروەكوو دیتمان لە جەریانی مووشەكبارانەكانی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی بۆ سەر بارەگاكان ئەو خەڵكە لەسەر داوای حیزبەكان یەكگرتووانە مانیان گرت و لەگەڵ ئەوەی كە لەگەڵ ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی ئێران تووشی گێرەوكێشەی زۆر بوونەتەوە.

من پێموابێ راسان لە راستای ئاگاهی بەخشین بە خەڵك بۆ هەستكردن بە خەباتێكی هەمەلایانە دەوری زۆری بووە بەڵام وەك عەرزم كردن بێ كەموكوڕیش نییە چونكە ئێمە وەك خەڵكی كورد لە مەحروومییەت و لە ژێر ستەمدا ڕایانگرتووین و حیزبەكانیش هەڵقوڵاوی ئەو خەڵكەن؛ ئەوانیش بێ كەموكوڕی نین بێجگە لەوەی كە هەمیشە لە ژێر هەڕەشە و چاوسووركردنەوەكانی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی ئێراندا بوون. مەسەلەیەكی دیكە لەمبارەوە ئەوەیە كە تاكوو ئێستا ڕێبەرایەتی حیزبەكانی ئۆپۆزسیۆنی كوردی ئێرانی پێیان لەسەر خاكی وڵاتی خۆیان نییە، بە شێوەیەك كە لە دوورە وڵاتن. من پێموابێ ئەگەر هەمووی ئەوانە لێك بدەینەوە راسان دەورێكی زۆر باشی هەبووە و توانای ئەوەی هەیە لەوە زیاتریش خەباتی كورد لە كوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بەرێتە پێشێ.

**سپاس بۆ بەشداریتان لەم بەرنامە**

**سپاس بۆ ئێوەش.**

# پەیامی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بۆ سێمیناری دوکتور قاسملوو لە پاریس



لە ساڵانی کۆتایی دەیەی ٦٠ی زایینی، کاتێک دوکتور قاسملوو لە ئورووپاوە گەڕاوەیە نێو هاوڕێیانی حیزبیی لە کوردستانی باشوور, بێجگە لە چەند کەسێکی کەم لەو بەشەی کوردستان بە دەوری حیزبەوە نەمابوون. ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی ڕێبەریی ئەم حیزبە لە بزووتنەوەی چەکداریی ساڵەکانی ١٩٦٧ – ١٩٦٨ و بەربەرەکانێ لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیمی پاشایەتی لە نێوخۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات شەهید ببوون، ژمارەیەکی دیکەش لەژێر زەختێکی زۆری سیاسی و ئەمنییەتیدا کە لە دیوی کوردستانی عێراق لە سەریان بوو، لەگەڵ کۆمەڵێک گرفتی تەشکیلاتی و ڕێکخراوەیی بەرەوڕوو ببوونەوە و ئاست و ئیمکانی پەیوەندیی تەشکیلاتی لەگەڵ دیوی ڕۆژهەڵات گەیشتبووە کەمترین ئاستی خۆی. گرفتێکی دیکەش ئەوە بوو کە پێوەندییەک بە واتا تەشکیلاتیەکەی لەنێو ئەو کەسانەدا نەمابوو.

بەڵام گەڕانەوەی دوکتور قاسملوو لە ئورووپا و هاوڕێیانی حیزبی لە باشوور و شێوازی مودیرییەتی، سیمایەکی نوێی بە حیزبی دێموکرات بەخشی. جۆری خوێندنەوە، توانایی و شارەزایی لە ڕێکخستن و ئۆرگانیزە کردندا، بووە هۆی ئەوەیکە بتوانێت لە پێشدا بەشی زۆری ئەو کەسانەی کە بە هەر هۆیەک لە حیزب دوور کەوتبوونەوە، ڕێک بخاتەوە و ئۆرگانیزاسیۆنێکی ڕێک و پێکتر پێک بێنێت، ڕۆژنامەیەک کە بڵاوکراوەی بیر و فکری حیزبی دێموکرات بوو سەرلەنوێ چاپ و بڵاو بکاتەوە و پێوەندییەکانی ئەم حیزبە بە شێوەیەکی ئەمڕۆیی گرێ بدات.

گرینگترین هەنگاوی دوکتور قاسملوو لەو سەردەمانە، نووسینی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزب بوو کە هەتا ئەو کات لە حیزبی دێموکراتدا نامۆ بوو. لێرەوە بوو کە چۆنیەتیی پێکهێنانی کۆبوونەوەکانی گرینگی حیزبی وەک کۆنفڕانس و کۆنگرە، داڕشتنی سیاسەتە گشتییەکان، تاکتیک و ستراتێژی و گەلێک بابەتی پەیوەست بە کاروباری حیزبی بە شێوەیەکی سەردەمیانە گەڵاڵە کرا و لە کۆنفڕانسی سێهەمی حیزبدا پەسند کرا.

لەو کاتەوە تا کاتی شەهیدکرانی بە دەستی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێکەوتی ١٣ جوولای ١٩٨٩ی زایینی، دوکتور قاسملوو هەموو توانای خۆی بۆ بەهێزکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەموو بوارەکانی پێشمەرگایەتی، ڕێکخستن و ئابووری بەکار هێنا، بەتایبەت کە بناغەیەکی پتەوی سیاسی و هزری بۆ پێوەندییەکانی حیزب لەگەڵ وڵاتانی ناوچە و ڕۆژاوایی داڕشت. لەسەر ئەم بنەمایە بوو کە پێناسەیەکی ڕوون و ڕوانگەیەکی بێ گرێی بۆ بابەتی دۆستایەتی، بەرژەوەندی، هاوپەیمانی، سەربەخۆیی سیاسی و پڕەنسیپی گرێدانی پێوەندی بە حیزب و لایەن و وڵاتان هێنایە ئاراوە.

دوکتور قاسملوو لە قۆناغی شەڕی سارد و هاوکێشەکانی جیهانی دووجەمسەریدا جیهانبینیی تایبەت بە خۆی هەبوو. بە بەرفراوانبینین و هەڵسەنگاندنی ورد و هەمەلایەنە لە دەقی ململانێکان و ڕەوتی ڕووداوەکان، تایبەتمەندییەکی ناوازەی ئەم ڕێبەرە بوو.

بووژانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو قۆناغەدا و کەوتنەوە سەر پێی، لە ڕاستیدا دەگەڕێتەوە بۆ لێهاتوویی و زانست و تواناکانی دوکتور قاسملوو لە بابەتی مودیرییەت و ڕێکخستن و ڕێبەریکردندا. دوکتور قاسملوو چ وەک بیرمەندێکی سیاسی، چ وەک کەسایەتییەکی ئاکادیمی، چ وەک ڕێبەر و کاراکتێرێکی نەتەوەیی و چ وەک سکرتێری حیزبی دێموکرات، بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەوە کە هەیبوو، ڕێکخەرێکی کارامە و ناوازە بوو.

لەم گۆشەنیگاوە، کاتێک دەڕوانینە کەسایەتیی دوکتور قاسملوو وەک کەسێکی ڕێکخەر، دەبێ سەرنجی چەند خاڵی گرینگ بدەین.

دوکتور قاسملوو نەتەنیا لە ئاستی حیزبەکەی خۆیدا ڕێکخەرێکی مەیدانیی بە تەواو مانا بوو، تەنانەت لە بازنەیەکی بەرفراوانتردا و لە ئاستی کوردستانی و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا ئەم لایەنە لە کەسایەتییەکەی بە ڕوونی دەردەکەوێت.

هەر وەک ئاماژەم پێدا، دوکتور قاسملوو وەک بیرمەندێک، ڕەوتە فکری و تیۆرییە شوێندانەرەکانی جیهانی دەناسییەوە و سەرنجی دەخستە سەر. لە ململانێکانی ئەو سەردەمەدا، یەکێک لە کارە بەنرخەکانی کە زیاتر بە مەبەستی مەرزبەندی هێنایە ئاراوە، داڕشتنی سیمای دێموکرات بوو.

دوکتور قاسملوو خاڵەکانی سیمای دێموکراتی وەک پڕەنسیپەکانی ئەندامی حیزبی داڕشت کە دەبێ مانا بە بیرکردنەوە و ڕەفتار و کرداری تاکەکان بدات. ئەو پێی وابوو کە دێموکرات لە بەستراوەیی بێزارە، دێموکرات ناسیونالیستی بەرچاوتەنگ نییە، دێموکرات بۆ وەلانانی ستەمی نەتەوایەتی خەبات دەکات، دێموکرات باوەڕی بە ڕەساڵەتی مێژوویی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەیە. ئەگەر لە دووتوێی دەق و گوتار و وتووێژ و بەیانییەکانی ورد ببینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کە شێوەی ڕێکخستنی دوکتور قاسملوو گوتارمێحوەر بوو، بە مانای گوتارێکی دێموکراتیک، شۆڕشگێڕانە و هاوکات نوێخوازانە کە ئەنجامەکەی ببێتە پەروەردەکردنی تاک بە کادر، پێشمەرگە، ئەندام و لایەنگرانی حیزبەکەی.

مانایەکی بەرفراوانتری ئەم پەروەردە ئەوە بوو کە هەوڵێکی هەمەلایەنەی دەدا، تاکوو بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە بەستێنی دێموکراسی نەترازێت و سیمای دێموکراتیکی بزووتنەوەکە پارێزراو بێت.

لە ئاستی کوردستانیدا، دوکتور قاسملوو پێی وابوو کە هەموو حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەرامبەر بە پرسی نەتەوەیی بەرپرسیارێتیی هاوبەشیان لە ئەستۆیە، ڕوانگەیەکی ئەخلاقی بە مانای دەروەستبوون بە پڕەنسیپەکانی خەباتێکی ڕەوا.

جیا لە مەیدانە گوتارییەکەی، مەیدانی کرداریی دوکتور قاسملوو دەرخەری سیاسەتی واقعبینانە و سیمای پراگماتیستی دوکتور قاسملوو بوو. لەو ڕووەوە کە بەردەوام لە بیری سازدانی هاوپەیمانی و یەکخستنی هێزە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی بوو. دوکتور قاسملوو زۆر هەوڵی دا لەنێو ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کە لەو ساڵانەدا لە نێوخۆی ئێراندا بوون و جارێک نەکەوتبوونە بەر سیاسەتی سەرکوتکارانەی ڕێژیم، هاوپەیمانی و یەکگرتوویەک پێکبێنێت. بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ زۆرێک لەوان پێوەندیی گرت و ئامادەکاریی ئەوەشی کرد کە حیزبی دێموکرات لە شاری مەهاباد کۆیان بکاتەوە و بە پلاتفۆرمێکی دیاریکراو بۆ خەبات لە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕێکیان بخات. بەڵام ڕێژیم کە ئاگاداری ئەو هەوڵانە بوو، هێرشی کردە سەر مەهاباد. حیزبی دێموکراتیش بۆ ئەوەی خەڵکی شار نەکوژرێن بڕیاری دا هێزی پێشمەرگە لە شار بکشێتەوە، لە ئاکامدا هێزەکانی ڕێژیم مەهابادیان گرتەوە و بەم چەشنە کۆبوونەوەکە سەری نەگرت. دواتریش، تەنانەت ئەو کاتانەی کە بە سەفەر سەردانی ئورووپای دەکرد، هەموو دەرفەتێکی بۆ یەکڕیزکردنی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەگواستەوە. تا سەرئەنجام شورای میلیی مقاومەت لە دەرەوەی وڵات پێک هات، شورا لە کۆمەڵێک لایەن و کەسایەتی و ڕێکخراوی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی پێک هاتبوو، لەوانە موجاهیدینی خەڵک و بەنی سەدر کە لە سەرکۆماری وەلا نرابوو و خۆی گەیاندبووە پاریس، هەروەها حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە ئەندامێکی کارای ئەو شورایە بوو، بەڵام بەداخەوە ئەو هاوپەیمانییەش بەهۆی کۆمەڵێک گرفتی نێوخۆیی، یەک لەوان خۆ بەمێحوەر زانین و هەڵسوکەوتی نادیمۆکراتیکی ڕێکخراوی موجاهیدین، دوای چەند ساڵێک لەبەریەک هەڵوەشایەوە. دوکتور قاسملوو بەو ڕادەیە لە خەبات دژ بە کۆماری ئیسلام، جیددی و لێبڕاو بوو، بەو ڕادەیەش باوەڕی بە چارەسەرکردنی ئاشتییانەی پرسی کورد هەبوو. لەو پێوەندییەدا و لە ٢٠ی سەرماوەزی ١٣٥٨ی هەتاوی، بە تێکۆشانی دوکتور قاسملوو و بە بەشداریی کۆمەڵێک لە حیزبەکانی دژبەری ڕێژیم، هەیئەتێک بە ناوی هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد لە مەهاباد پێک هات. ئەو هەیئەتە نوێنەرانی چەندین حیزبی کوردی و غەیرە کوردیی لەخۆ دەگرت و بە یەکەوە لەگەڵ ڕێژیم کەوتنە وتووێژ. وتووێژەکان بۆ ماوەی چەند مانگێک بەردەوام بوون، لەو ماوەیەدا چەند جار هەیئەتی حکوومەت لەگەڵ هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد کە دوکتور قاسملوو وتەبێژی بوو، دانیشتنیان بوو. بەڵام ڕێژیم ئەو ماوەیە زۆر ڕیاکارانە دۆخی ئاگربەست و وتووێژی بە قازانجی خۆی گواستەوە و هێزی پرش و بڵاوی خۆی ڕێکخستەوە و پەلاماری شاری مەهاباد و ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی هێزە کوردییەکانی دا. دوای ساڵانێک ڕێژیم کە لە جەوهەری خۆیدا دژی ئەو بەها و چەمکانەیە کە باوڕی پێی بوو، جارێکی دیکە، پڕەنسیپی ئاشتیخوازانەی د. قاسملووی وەک دەرفەتێک گواستەوە. لەژێر ناوی وتووێژ، پیلانی تێرۆری فیزیکیی بۆ داڕشت و وێڕای عەبدوڵڵا قادری ئازەر، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزب لە پاریس ، لە ١٣ جوولای ١٩٨٩ی زایینی شەهید کران.

لە ڕاستیدا دوکتور قاسملوو، پاشخانێکی فکری و سیاسیی ئەوتۆی لە بەجێ ماوە کە بۆ ئێمە لە حیزبی دێموکرات و بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی-دێموکراتیکی ڕۆژهەڵات، سەرمایە و ڕەمزێکی نەمرە.

وەبیری دێنمەوە، دوکتور قاسملوو لە وتارێکدا بە ناونیشانی تێرۆریزم لە ڕوانگەی جیاوازەوە کە بۆ کۆنفڕانسی «تێرۆر و ڕەوشی مرۆڤانە» نووسیویەتی و لە ڕێکەوتی ١٦ی دێسامبری ١٩٨٦، لێرە (لە پاریس) بەرێوە چوو، بۆچوونی خۆی سەبارەت بە تێرۆریزم و بەرەنگاربوونەوەی دەخاتە ڕوو. لە ڕوانگەی د.قاسملووەوە، تێرۆریزم ئەگەر بە مانای هێرش بۆ سەر ژیانی ئازادانە و خەڵکی بێتاوان بێت، حیزبی دێموکرات بەپێی پڕەنسیپی خۆی ڕەتی دەکاتەوە و لە دژی دەوەستێتەوە. بە بۆچوونی دوکتور قاسملوو، هەڵسەنگاندن و پێناسەی ڕۆژئاواییەکان بۆ تێرۆریزم نەگونجاوە و ئەمەش خەبات لە دژی ئەم دیاردەیە ئەستەم دەکات. پێشنیاری دوکتور قاسملوو بۆ ڕۆژئاواییەکان بەم شێوەیە بوو: «کاتی ئەوە هاتووە کە ئەو جیاوازییانە وەلا بنێن و بەهاکانی ژیانی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە هێند وەربگرن، چونکوو نابێ تەنیا بیر لە ئاسایش و بەرژەوەندیی خۆتان وەک ڕێکارێک بکەنەوە، ئەو پێی وابوو کە دەبێ لە ڕووی سیاسی و ئەخلاقییەوە پشتیوانی لەو بزووتنەوانە بکەن کە پەنا بۆ تێرۆر نابەن و ئەمەش شێوازێکە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تێرۆریزم.

ئێستاش کە سی ساڵ بە سەر تێرۆری دوکتور قاسملوودا تێپەڕ دەبێت، تێرۆر پێناسەیەکی نەگۆڕ و بە کردەوە، سیاسەتێکی فەرمیی کۆماری ئیسلامییە. لە ڕاستیدا تێرۆر بە مانا بەربڵاوەکەی، بەشێکە لە عورفی سیاسی و کوڵەکەی فیکریی ئەم ڕێژیمە.

ئەگەر دوکتور قاسملوو پێی وابوو دوژمنی ژمارە یەکی تێرۆریزم، دێموکراسییە، بە بەرچاوی هەمووتانەوە، کۆماری ئیسلامیش ئەکتەر و پاڵپشتی ژمارە یەکی تێرۆریزمە لە جیهاندا.

تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی نەتەنیا ئاسایش و ناسنامەی نەتەوەکانی ئێران و ژیانی چالاکان و خەباتکارانی ئۆپۆزیسۆنی ڕێژیمی کردووەتە

درێژە لە لاپەڕەی ٨

# جووڵانەوەی جەماوەری، شوێنگرەوەی بۆشایی ڕێکخراوەکان

**کەیوان دروودی**

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە سەرەتاوە بە پیلانی جۆراوجۆر توانی هەموو ڕەوتە سیاسییە جۆراوجۆرەکان لە پانتایی سیاسەتی ڕەسمیدا بخاتە دەرەوە و نکۆڵییان لێ بکا. ئەوەی کە چۆن لەو ئیستراتیژییەدا سەرکەوتنێکی ــ لە مەنتقی خۆیەوە ــ بەدەست هێنا، جێی باسێکی تایبەت و لێکۆڵینەوەیەکی وردە. لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە تیشک بخەینەسەر ئەوەی کە لەدوای سڕینەوە و نکۆڵیلێکردن و وەدەرنانی ڕەوت و لایەنە سیاسییەکان لە سیاسەتی ڕەسمی، بزووتنەوەیەکی جەماوەریی بەرفراوان سەری هەڵدا و لە ساڵانی ڕابردوودا توانیویەتی تا ئاستێکی بەرچاو، بۆشایی ڕەوت و ڕێکخراوە سیاسییەکان پڕ بکاتەوە. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ سەرنجێک بدەین لە پێشینەی ڕێکخراوە سیاسییە چالاکەکانی نێو شۆڕشی ٥٧ و بنەما ئایدیۆلۆژیی و ڕوانگە سیاسییەکانیان. دەکرێ بڵێین لە سەرتاسەری جوغرافیای ئێراندا ــ بە جیاوازییەکی ڕێژەیی ــ سێ جۆر ڕەوتی دیاری سیاسی و فیکری هەبووە کە مەزهەبییەکان، چەپەکان و ڕێکخراوەکانی سەر بە ئیتنیسیتەکان بوونە و لەم نێوانەدا لە دوای تاران، کوردستان زۆرترین چالاکیی سیاسیی تێدا هەبووە کە ئەگەرچی لەڕووی چەندایەتییەوە کەمتر بووە بەڵام قەت ناکرێ لەڕووی چۆنایەتییەوە بە کەمتر لە تارانی بزانین، بەڵکوو لە زۆر ڕووەوە لایەنی پێشکەوتنخوازانەتری پێوە دیار بووە. یەکەم ڕەوتێک کە لەم نێوانەدا لەڕووی خوێندنەوەوە بۆ ڕێژیمی ئێران تووشی ترازان بوو، چەپەکان بوون کە دیارترینیان بریتی بوون لە توودە و فەداییانی خەلق و هۆی ئەم ترازانەش خاڵێک بوو کە هەستیان دەکرد دەتوانن لەسەری لەتەک ڕێژیمدا کۆک بن و ئەویش بابەتی بیری دژەئیمپریالیستی بوو.

ئەم ڕێکخراوانە بەهۆی نزیکبوونەوە لە ڕێژیم تا ڕادەیەکی زۆر لەڕووی ڕێکخستنەوە تووشی کۆسپی جیددی بوونەوە و لە کۆتاییدا بەشێک لە لایەنگران و ئەندامانیان لەلایەن ڕێژیمەوە بە سانایی دەسبەسەر و ئێعدام کران و بەم شێوەیە، دژایەتیی ئامریکا لەلایەن ڕێژیمەوە وەکوو داوێک بۆ لەتۆڕخستنی ئەم ڕێکخراوانە بەکار هێنرا کە باسکردنی لێرەدا بەتێروتەسەلی ناگونجێ. لایەنە مەزهەبییە دیارەکانیش لە تاراندا لەبەر نزیکایەتیی ئایدیۆلۆژیک، وەک چاوەڕوان دەکرا هەڵخەڵەتێنران و کەسانی دیاری وەکوو شەریعەتمەداری لەو نێوانەدا ئیعتباری خۆی لەدەست دا و ڕێژیم توانیی بە هەموو هێزەوە سەرکوتیان بکات. لەلایەکیترەوە ڕاپەڕینەکانی کوردستان، ئەحواز و تورکمەنسەحرا ڕووبەڕووی چەند پەردە پیلانی گەورە بوونەوە کە لە دروستکردنی ناکۆکی و دانوستانی نێوبەتاڵەوە دەستیپێکرد و لە پاشان بە هێرشی بەرفراوانی گشتگیر کۆتایی پێهات.

هەر لە سەرەتاوە دیار بوو کە سڕینەوە و وەلانانی ڕێکخراوە سیاسییەکان، ناتوانێ کۆتایی ماراتۆنی ڕێژیم بێت و سروشتی کۆمەڵگە، بوونی بیر و ئایدیا و بەرژەوەندیی جیاواز درەنگ یان زوو، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانەوەیەکی نوێ لە فۆرم و قەوارەیەکی نوێدا. دە ساڵی سەرەتای هاتنەسەرکاری ڕێژیم بە بابەتی دۆخی نائاسایی و شەڕەوە، کۆتایی پێهات و لە پاشان زنجیرە تیرۆرێکی بەرفراوان لە ناوخۆ و دەرەوە دەستیپێکرد و لێکەوتەکانی ئەمەش بە پلانی هێنانەسەرکاری خاتەمی و باس و بابەتی کرانەوە و ئاشتەوایی کۆتایی پێهات.

بەڵام لە ساڵەکانی هەشتا بەملاوە و بە ئاشکرابوونی قەیرانێکی نوێی ڕێژیم قەیرانخولقێنی دەستیپێکرد و پرسی چەکی ئەتۆمی جارێکیتر کۆمەڵگەی ڕووبەڕووی گێژاوێکی نوێ کرد. هاوتەریب لەتەک ئەم قەیرانە، وردە وردە هەندێک ڕەوتی هزری و کولتووری سەری هەڵدا کە لە چەند لاوە بۆ ڕێژیم سەرئێشەی جیددیان دروست دەکرد. یەکەم ئەوەیکە ئەم ڕەوتگەلە، ڕاستەوخۆ پەیوەندییەکیان بە ئەحزابەوە نەبوو هەتا بکرێ لەژێر ناوی موحاریبە، هەوڵدان بۆ ڕووخاندن و بابەتی هەواڵگریدا سەرکوت و پاشان وەدەر بنرێن. دووهەم ئەوەیکە بەگشتی لە ڕووی ئایدیۆلۆژیاوە جیاوازیی جەوهەرییان لەتەک ڕێژیمی ئیسلامیدا هەبوو و لە لایەکیترەوە تایبەت بە چین و توێژێکی دیاریکراو نەبوو و نیشانەکانی گۆڕانێکی گەورەی تێدا بەدی دەکرا کە ئەو ڕاستییەی دەردەخست کە لە جەوهەری خۆیدا سەری سازانی بۆ پێکهاتن لەتەک بیری ئیسلامیدا نییە.

مامۆستایان، خوێندکاران، کرێکاران، ژنان، چالاکانی ئەدەبی و هونەری و هەڵسووڕاوانی ژینگە و زمان هەر هەموو لە جمکێکەوە ئەم گۆڕانەیان بەرەوپێش برد. لە ئێستەدا دەبینین کە ڕێژیمی ئێران کە لای وابوو بە وەلانانی ڕێکخراوی سیاسی لە بەشداری لە سیاسەتی ڕەسمیدا بۆ هەتایە یەکدەستییەک لە کۆمەڵگە دروست دەکات و بەو شێوازە بە ئامانجە تۆتالیتاریانیستییەکانی دەگات، ڕۆژانە بەرەوڕووی ئەم جووڵانەوە دەبێتەوە و بەهیچ جۆرێکیش پێی ناکرێ لەناوی ببات. دیارە ناکرێ لەم نێوانەدا دەوری چالاکانی دژەسیاسی لایەنە سیاسییەکان، ڕاگەیاندن، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هەڵکشانی ئاستی خوێندەواری و خاڵەکانیتر کە هەر کامە کاریگەریی خۆیان دادەنێن لەبەرچاو نەگرین.

هەر جۆر بێت فرەڕەنگیی کۆمەڵگا و جیاوازیی بیر و بۆچوون و ئایدیاکان لە هەموو ڕەهەندەکانییەوە تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت دەخنکێندرێ و ڕێژیمی ئێران ئەو ئەسڵە نەگۆڕەی کۆمەڵگەی فرەچەشنی ژێرچەپۆکی لەبیر کردبوو. سەرەڕای هەموو ئەمانەش دەبێ ئەوە بزانین کە بەبێ ڕێکخستن و لێکنزیکبوونەوەی بەشەکانی ئەم جووڵانەوەیە، توانای گشتگیرکردن و بەهێزکردنی زۆر کەم دەبێ، هەربۆیە ئێمە لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی مێژووییدایین تاکوو بتوانین سەرباری ڕاگرتنی توانای ڕێکخراوی سیاسی، پردێکی پەیوەندیی مەعریفی دروست بکەین لەنێوان ئەم دامەزراوە و ڕێکخراوانە و جووڵانەوەی جەماوەریی ناوخۆیی و ئەم وزەیە بە هاوتەریبی بە گۆڕانکارییە سیاسییەکانی ناوخۆ و دەرەوە گرێ بدەین. وەک دەزانین لە ئێستەدا ڕێژیمی ئێران بەرەوڕووی ئیزۆلاسیۆنێکی قووڵ و بەرینی ناوچەیی و بانناوچەیی بووەتەوە و ئەمەش دەتوانێ بۆ بنکۆڵ کردنی ڕێژیمی ئێران زۆر شوێندانەر بێ. بەگشتی سێ خاڵی، بەکارهێنانی زەرفییەتەکانی هێز و لایەنە سیاسییەکان و بەکارهێنانی ئەوپەڕی توانستی جووڵانەوەی جەماوەری و پێکەوەبەستنیان لەتەک گۆڕانکارییەکان، دەتوانن کۆتایی بە ڕێژیمی ئیسلامی و پاشماوەی بیری پاشایەتیی و دەسەڵاتی سەرەڕۆی ئێرانی بێنن. هەر لەژێر ڕۆشنایی ئەم خوێندنەوەدایە کە فاشیزمی ویلایەتی و پاشایەتی لە گۆڕانکاریی داهاتوو دەترسن و بەناوی جۆراوجۆری وەکوو هەڕەشەی ئانارشیزم و دابەشبوون و هتد هەوڵ دەدەن لە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ پێشگیری بکەن کە ڕێشۆمەکەی لە دەستی خۆیاندا نییە. هۆکاری ئەم ترسە وەک لە سەرەتاشەوە باس کرا، جەوهەری جووڵانە جەماوەرییەکانە کە بەهیچ جۆرێ دڵنیایی بە هێنانەسەرکار و پشتگیریی دەسەڵاتێکی تاکتەوەر نادات.

هەرچۆن بێت، ئیرادەی جەماوەر توخمی سەرەکی و دینامیزمی پلە یەکی ئەو جووڵانەوەیەن و ئەوەش لە سادەترین دەربڕیندا ڕەنگدانەوەی فرەچەشنییە کە ئەم فرەچەشنییە لە خۆیدا هەڵگری جۆرێک تایبەتمەندیی دژە تۆتالیتاریانیستییە کە خۆی لە یەکدەستکردن و سڕینەوەی جیاوازیدا دەبینێتەوە. سەرەڕای هەموو ئەمانەش پێگەداربوونی ئیستبدادی ئێرانی و پەلهاویشتنی پریشکەکانی بۆ سەرتاسەری جوغرافیای ئێران، هەنووکە و لە داهاتووشدا مەترسییەکی گەورەیە و دەبێ بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێ. نزیک بە یەک سەدە دەسەڵاتی دەوڵەتی نوێی ئێرانی، لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە خۆی خزاندووەتە نێو تەونی کۆمەڵایەتی و لە ئێستەشدا وەک دەبینی بوارەکانی وەرزش، کولتوور و تەنانەت هونەریشی گرتووەتەوە و وەک دەیزانین لە ئێستەدا هەموو ئەو دەموچاوە سواخدراوانەی بەناوی جۆراوجۆرەوە خزمەتی جمگەکانی سەرکوتیان دەکرد، دەمامکیان خوار بووە و جەماوەریش ئەو فشارەی لەسەریان زیاتر کردووە.

ئەمە ئەو واتایە دەگەیەنێ کە ساختاری دەسەڵاتی سەرەڕۆ ڕووبەڕووی ئیرادەی کۆمەڵگە بووەتەوە و ڕێگەی دەربازبوونی ئەوەندەی خۆی وێنای دەکات، هەراو و کراوە نییە.

لەدوای چوار دەیە نکۆڵی لە ڕای جیاواز ئێستە دەبینین کە ئەم ڕا جیاوازە سەرکوتکراوانە بەهێزەوە هەستاونەتەوە و بۆ بچووکترین هەل دەگەڕێن تا بە قازانجی خۆیان و وەچەکانی داهاتوو بیگوازنەوە.

ئا لێرەدایە کە دەوری ئەو ڕێکخراوە سیاسییانە گرینگ دەبێ کە بتوانن خوێندنەوەی دروست بۆ هێزی ئەم شەپۆلە لەبڕاننەهاتووە بکەن و هێز و زەرفییەتی خۆیان لەو پێناوەدا ئاراستە بکەن. بەخۆشییەوە کوردستان لەو ڕووەوە لە باشترین بارودۆخدایە، بەڵام هێشتا بۆ گەیشتن بۆ حاڵەتی باشتر ڕێگەیەکی دووروودرێژ لەبەردەمماندایە.

**وێــــستگە**

## زمانی دایکی، دایکی زمانەکان




**نووسین: هێــمۆ**

لە ساڵی ١٩٩٩ــەوە، ٢١ی فێڤرییەی هەموو ساڵێک لە لایەن ڕێکخراوی جیهانیی یونێسکۆوە بە ناوی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی ناودێر کراوە و وڵاتانی ئەندام لە یونێسکۆ ئەم ڕۆژەیان بە فەرمی ناسیوە.

بەپێی پێناسە دەروونناسییەکان زمانی دایکیی منداڵ، زمانێکە کە دایک لە کاتی دووگیانبووندا قسەی پێ دەکات و دەکرێ بوترێ کە یەکەمین ئاوازێکە کە منداڵ دەیبیستێ. کەوایە لە کاتی لەدایکبووندا، منداڵ بە بیستنی دەنگی دایک گریانەکەی ڕادەگرێت چونکە ئەو ئاوازە دەرک دەکات و لەگەڵی ئاشنایە.

منداڵ بە تێپەڕبوونی کات و بیستنی بەردەوام، زمانی دایکی فێر دەبێت و هەوڵ دەدات قسەی پێ بکات. کەم کەم دەس بە درووستکردنی ڕستە دەکات و لە کاتێکی کەمدا فێر دەبێت هەستەکان و داخوازییەکانی بەم زمانە بگوازێتەوە بۆ دەوروبەرییەکانی.

لیکۆڵەران لە سەر ئەو بڕوایەن کە فێربوونی زمانی دووهەم و سێهەم بە ڕادەیەکی زۆر بەستراوەتەوە بە ڕادەی دەرکی منداڵ لە زمانی دایکی و توانای شرۆڤەکردنی ئەم زمانە. بەم پێیە دەکرێ بوترێ کە زمانی دایکی، بنەڕەتی فێربوونی زمانەکانی دیکەیە. نزیکەی ٦ هەزار زمان لە دنیادا هەن کە ٩٦ لەسەدی خەڵکی جیهان لە ٤ لەسەدی ئەم زمانانە کەڵک وەردەگرن. زمانی دایکی، زمانێکە کە مرۆڤ توانایی قسەکردنی پێ فێر دەبێ و تەنانەت لایەلایەکانی دایکیشی بەو زمانە لە بیر دەمێنێت، خەسارگەلێک کە بەر مێشک دەکەوێت لە ئاخرین قۆناغیشدا دیسانەوە ناتوانێ ببێتە هۆی لەبیرچوونەوەی زمانی دایکی، هەر بۆیە، هەر مرۆڤێک دەبێ پێش بە لەنێوچوونی زمانی دایکی خۆی بگرێت چونکە ئەمە گەورەترین دیارییەکە کە بە لەدایکبوون بە مرۆڤ دەدرێت.

منداڵ لە ٥ ساڵی سەرەتای ژیانیدا، ٨٠ لەسەدی ئەو زانیارییانەی کە لە ماوەی ژیانیدا دەبێ فێریان ببێت، لە بنەماڵە وەردەگرێت و لە ٦_٧ ساڵاندا دەکەوێتە قۆناغێکی نوێوە. یان لە قوتابخانەدا بە زمانی دایکی دەخوێنێت کە بە هۆی ئاشنابوونی زمانەکە ئاسانتر دەتوانێت لەگەڵ شوێنی تازە پێوەندی بگرێت و سەرکەوتوو بێت یان بە زمانی بێگانە دەخوێنێت کە زۆربەی کاتەکان بەهۆی ترس و دڵەڕاوکێ و تێنەگەیشتن لە زمانی بێگانە و هەستکردن بە تەنیایی و نەبوونی پاڵپشت، تووشی خەساری قەرەبوونەکراو و دوورکەوتنەوە لە خوێندن دەبێ کە لە داهاتوودا کۆمەڵگایەکی نەخوێندەوار پێکدەهێنرێت.

قوتابخانە لە شکڵگرتنی کەسایەتی منداڵدا کاریگەریی زۆری هەیە، چونکە دەبێتە پردی پێوەندیی نێوان بنەماڵە و کۆمەڵگەی گەورەتر کە زانیارییەکانی منداڵ کامڵتر و زانستیتر دەکاتەوە و بۆ ڕۆیشتنە نێو کۆمەڵگای گەورەتر ئامادەی دەکات. لە هەر کۆمەڵگایەکدا کە مرۆڤەکان لە خوێندن و پەروەردە بە زمانی دایکی بێبەری بن، بەدڵنیاییەوە دەسەڵاتێکی زاڵم و سەرەڕۆی سیاسی بە سەر ئەو کۆمەڵگایەدا حوکم دەکات. لەو کۆمەڵگایەدا نادادپەروەری سەقامگیرە چونکە زمانێک بە سەر زمانەکانی دیکەدا و کەسانێک بە سەر کەسانی دیکەدا زاڵن. ئەمە بەو مانایەیە کە لەو کۆمەڵگایەدا، چەوساندنەوەی مرۆڤە ژێردەستەکان و نەمانیان لە لاپەڕەی مێژوودا، لە پێشەوە بەرنامەی بۆ داڕێژراوە کە نموونەی دیار و بەرچاوی ئەم کۆمەڵگایە، کۆمەڵگای ئێرانە.

لە کۆمەڵگای ئێراندا یەکێک لەو فاکتەرانەی کە زیاتر لە هەر شتێک هەڕەشەی لە سەرە فاکتەری زمانە نەتەوە بندەستەکانە، چونکە هەروا کە ئاماژەی پێ کرا، هەر لە سەرەتای چوونە نێو قوتابخانەوە و تەنانەت پێش لەوەش لە ڕێگای میدیاکانی ڕێژیمەوە هەوڵ بۆ خەوشدارکردنی فەرهەنگ و زمانی نەتەوەکان دەدرێت و بە لاواز و پەست نیشاندانی زمانەکان هەوڵ بۆ سڕینەوە لە لایەن خودی نەتەوە ژێردەستەکانەوە دەدرێت. ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە دوورکردنەوەی منداڵان لە زمانی دایکی و قەدەغەکردنی خوێندن بەم زمانە، هەوڵی بێگانەکردنەوەی منداڵان لەگەڵ فەرهەنگ، بیرمەندان، زمان، مێژوو و هەموو ڕابردووی خۆیان دەدات و بەپێی پیلانێک کە دایڕشتووە منداڵان دەکاتە نەسڵێک کە خۆیان بۆ کۆیلەبوون ئامادە بکەن. دوورکەوتنەوە لە زمانی دایکی و پێشگرتن لە بە زانستی بوونی زمانی دایکی، نەسڵێک بەرهەم دێنێت کە سەرەڕای نەبوونی باوەڕبەخۆبوون، هیچ دەرفەتێکیان بۆ گەشەکردن وسەرکەوتن نامێنێ و مەحکووم بە نەمان و نەبوونن.

پاراستنی زمانی دایکی و گرینگیدان بەم زمانە لەو ئەرکانەیە کە دەکەوێتە ئەستۆی تاک بە تاکی کۆمەڵگا و پێویستە کە هێز و کاتێکی زیاتری بۆ تەرخان بکرێت.

چالاکیی زۆربەی ئەنجومەن و فێرگەکانی زمانی کوردی لە شارەکانی کوردستان جێی بایەخە بەڵام لە ڕاستیدا ئەرکی قورستر دەکەوێتە سەر زانایانی بواری زمان و هەروەها بنەماڵەکان کە لەم نێوانەدا ئەرکی دایکان وەکوو کەسانێک کە سەرەتاییترین پێوەندییە سۆزداری، فیزیکی و دەروونییەکانیان لەگەڵ منداڵ هەیە زۆر زیاترە.

ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە دایکان بۆ پارێزگاری لەم زمانە هەنگاوێکی جیددی هەڵبگرن؟

# ڕاهێنەری فێرگەیەک بۆ فێربوون

مریەم عەلیپوور

بەشی حەوتەم

**ناسین یان پێناسەی چەمکی هەر یەک لە کۆڵەکەکانی بناغەی گەشەکردنی میتۆدی ڕاهێنەری.**

پیتی «گ» وەک: گۆڕان

سروشتی جیهان و مرۆڤایەتی وادەخوازێ کە زۆر لە ڕەهەندەکانی کۆمەڵگە بەردەوام لە گۆڕاندا بێت. بەتایبەت شۆڕشی ئێلێکترونیکی و بەجیهانیبوون کاریگەری خۆیان هەبووە و هەیە؛ بەڵام هیچ کات ئاڵوگۆڕ لەخۆوە نایەتە دی! ئەگەر مرۆڤ بۆ خۆی هەوڵی بۆ نەدات. جەستەی ئێمەی مرۆڤەکان بەردەوام لە گۆڕاندایە. کەواتە دەبێ ئەوەش بزانین، هۆشیاری و بیروڕاکانی مرۆڤیش لە گۆڕاندایە. پەروەردە و فێرکردن یان پەرەدان بە چەمکی زانست دەتوانێت ببێتە هۆکار بۆ گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە کۆمەڵگەدا، یان بە واتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین کە پەرەدان بە زانست یەکێک لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی هۆکاری گۆڕان و گەشەکردنی کۆمەڵگەیە.

بەرنامەکانی خوێندن و پەروەردە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا دوو چەمکی هەیە، چەمکی کۆن و چەمکی نوێ. لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا ئاڵوگۆڕ بەسەر بەرنامەکانی خوێندن و پەروەردە کە لەسەر چەمکی کۆنن دێن و بەردەوام لە بەرژەوەندی شارۆمەندان بەرۆژەڤیان دەکەن. هەر بۆیە لەو وڵاتانەدا کەمتر شوێن و ڕەنگی چەمکی کۆن بە سیستمی پەروەردەوە دیارە و بەردەوام لە ئاڵوگۆڕدایە، بەڵام لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا چەمکی کۆن بەتایبەت کە لە بەرژەوەندی سیستمە دیکتاتۆرەکاندا بێت بە درێژی تەمەنی ئەو سیستمە دیکتاتۆرە هیچ ئاڵوگۆڕێک بەخۆوە نابینێت.

John Rockefeller (١٨٦٤-١٩١٥) گەورەترین پیشەساز و بازرگانی (دەوڵەمەندترین کەس) ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەڵێت: ‹‹هەر وەک چۆن نان و شەکر و شیر و شتی دیکە دەکڕی، دەبێ هەڵسوکەوت کردنیش بەشێوەیەکی باش و دۆستانە بکڕی. من خۆم ئامادەم بە گەرانترین نرخ بیکڕم. ‹›

هەربۆیە ئەگەر بمانهەوێت بەرەو پێشکەوتن بڕۆین دەبێ ئاڵوگۆڕ وەک پەیامێکی ئەرێنی و پێویست بۆ کۆمەڵگە بزانین. گۆڕانکاری ئەرێنی لە هەڵسوکەوت، بیرکردنەوە، سیستمی پەروەردە لە باخچەی منداڵان ڕا تا زانکۆکان، شێوازی ستانداردی ژیانی ڕۆژانە، .... گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە. بۆ ئەم کارەش ڕاهێنانمان دەوێت، دەبێ هەر تاکێکی کۆمەڵگە بەتایبەت کەسایەتییە ئەکادیمی و سیاسییەکانمان بەکردەوە لە خۆیانەوە دەست پێبکەن.

لێڤ نیکۆلایڤیچ تۆلستۆی Lev Nikolayevich Tolstoy (١٨٢٨ ١٩١٠-) نووسەر و فەیلەسوفی ڕووسی دەڵێت: ‹›هەموو کەس حەز دەکا کە گۆڕانکاری هەبێ و خەڵکانی دیکە بگۆڕن، بەڵام بەداخەوە کەم کەس بیر لەوە دەکەنەوە کە خۆیان بگۆڕن.››

ئەو وتەیەی Nikolayevich لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان و لە نێو ڕێکخراوی سیاسی و کەسایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستانی ئێمەشدا ڕەنگدانەوەی زۆرە، بەتایبەت لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە کە تەنیا حەز دەکەن خەڵکانی دیکە بە شێوازی خۆیان و ملکەچکردنیان بە داخوازەکانی خۆیان بگۆڕن. زۆربەی زۆر لەوانە لەخۆیان ڕا دەست پێناکەن بۆ ئاڵوگۆڕ و پێشکەوتن کە لە بەرژەوەندی کۆی کۆمەڵگەدا بێت.

ئالوین تۆفلەر Alvin Toffler (١٩٢٨ ٢٠١٦-) نووسەر و توێژەری (لێکۆڵەر) بەناوبانگی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا دەڵێت: ‹›بێ سەواد ئەو کەسە نییە کە خوێندن و نووسین نازانێت، بەڵکوو بێ سەواد ئەو کەسەیە کە حەز ناکات شتی تازە فێر بێت و ئاڵوگۆڕ بەسەر خوو و ڕەوشتە کۆن و بێکەڵکەکاندا بێنێت.››

لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا وێڕای ئەوەیکە سیستمی پەروەردە و فێرکردن بە شێوەیەکی سیستماتیک و ڕێکوپێک هەر لە باخچەی منداڵان ڕا دەست پێدەکات، لە هەمان کاتیشدا بەردەوام خول(کۆڕس) و کۆڕ و کۆبوونەوەی تایبەتیان لەسەر ڕاهێنەری هەیە.

کۆمەڵگەی جیهانی بەردەوام لە حاڵەتی جێگۆڕکێ و گۆڕانکاریدایە بەڵام ئێمە چی؟ داگیرکەرانی کوردستان فاکتەرێکی سەرەکین بۆ ئاڵۆزی و کێشەنانەوە، بۆ ئەوەی کورد نەگاتە سەقامگیری ڕامیاری، ئابووری و کۆمەڵایەتی، نەگاتە سەقامگیری سیستمێکی پەروەردە لەسەر بنەمای فەلسەفیی و عەقڵانی. خۆشمان بێ ڕۆڵ نین و هەردەم لە ژێر کاریگەری وڵاتانی داگیرکەرداین. لەدوای ئەوەش کە کیانێکی کوردی تا ڕادەیەک سەقامگیر لە بەشێکی کوردستان (باشوور) هەیە بەڵام بەداخەوە تا ئێستاش بەو شێوەیەی کە دەبوو کار کرابا بۆ گۆڕینی هاوکێشە ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە و تەنانەت پەروەردەش لەسەر شێوەیەکی پێشکەوتووانە لە ئاستی جیهانی پێشکەوتوودا، نەکراوە.

ئێستا ئەگەر ڕاشکاوانە و ڕاستگۆیانە بدوێین، دەتوانین بڵێین کوردستان بە هەموو پارچەکانییەوە لە نێو گێژاوی ڕاهێنەریدا چەقی بەستووە. بەو هیوایە ڕووناکبیران و سیاسییەکان بتوانن ناوەندێک دامەزرێنن بە ناوی ناوەندی ڕاهێنەری بۆ ڕێنوێنی کردن و ڕێنیشاندانی فێرخوازانی کورد لە ڕێگای میتۆدەکانی ڕاهێنەری، بەدڵنیاییەوە کاریگەری بەرچاوی لەسەر داهاتوو دەبێت و زیاتر بەرەوپێشچوونی کوردستان و هەروەها گەشەکردنی بیری تاکی کورد بەخۆوە دەبینێ.

ئەو ڕووداوانەی لە جیهان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەت لە دەوروبەری کوردستان ڕوودەدەن هەروا ئاسایی نین. هەموو ئەم ڕووداوانە پێمان دەڵێن کە ناوچەکە لە ئەگەری گۆڕانێکی گەورە و دارشتنەوەیەکی نوێی جوگرافیای سیاسی (ژێئۆپۆلۆتیک) دایە کە دەبێ خوێندنەوەی وردمان بۆی هەبێت و ئامادەبین بۆ ئەگەرەکانی ئەو گۆڕانکاریانە. دەبێ ئامادەکاری بنەڕەتی بکرێ بۆ مامەڵەکردن یان ڕووبەڕووبونەوە لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی چاوەڕێ دەکرێن لەسەر پانتایی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. چاکسازی ڕاستەقینەش لێرەوە دەست پێدەکات، کە تاکەکانی کۆمەڵگە ڕاهێنەرییان پێ بکرێ بە تایبەت لەسەر ئاڵوگۆڕی تازە کە ببێتە هۆکاری شکاندنی نۆرمە دواکەوتووەکانی کۆمەڵگە.

هەنگاوێکی گرنگ بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی زیندوو و پێشکەوتوو ئەوەیە کە بتوانین لە پرۆسەی ڕاهێنەری وەک پرۆسەیەکی وانەگوتنەوە نەک هەر لە ئاستی زانکۆکان بەڵکوو لە هەموو شوێنە ئیداری و خوێندنگەکان بە شێوازی خولی(کۆڕس) ڕاهێنان کەڵک وەرگرین.




پیتی « هـ « /» ه» وەک: هەست و سۆز

یەکێکی دیکە لەو چەمکانەی کە پێویستە ئاماژەی پێبکرێت هەست و سۆزە. هەست و سۆز دوو پێکهاتەن لە ژیانی ئێمەی مرۆڤەکاندا. هەروەها دەتوانین بڵێین کە هەست و سۆز فاکتەرێکی گرنگە لە دونیای مرۆڤایەتیدا، بۆ؟

هەبوونی هەست و سۆز هۆکاری کەمبوونەوەی ڕق و قینە، هۆکاری ئەوەیە کە هەست و سۆزی بەرامبەریش باشتر دەرک بکەی و خوێندنەوەت لەسەر ڕوانگە و بۆچوونی کەسانی دیکە باشتر بێت، لە گرتنی پێوەندیدا سەرکەوتوتر دەبی و توانای دۆزینەوەی ڕێگەچارە بۆ کێشەکان و بڕیاردانیش زیاتر دەکات. پێکهاتەی هەر مرۆڤێک لەو بەشانە پێک هاتووە وەک: بەشی جەستەیی (فیزیکی) و بەشی ژیری (عەقڵانی)، دەروونی، هۆشیاری یان هەست و سۆز؛ بەڵام شتێک کە ئێمە مرۆڤەکان لە یەک جیا دەکاتەوە، جۆری بیرکردنەوەمانە کە زۆر کاریگەری هەیە لەسەر سەلماندنی خۆمان هەم لە بنەماڵە و هەم لە کۆمەڵگەدا.

وزەی هەست و سۆز کاریگەری هەیە لەسەر بوونی کرداری ئێمە مرۆڤەکان. کاتێک بیرکردنەوەیەکی نەرێنی لە مێشکتدا پاک دەکەیەوە دڵنیابە هەست و سۆزی نەرێنیشت پاک دەبێتەوە کەواتە با هەر هەستێکی نەرێنی کە پێوەندی هەبێت بە ڕابردوو بەجێبێڵین. ئەگەر ئاگاداری هەست و سۆزی خۆمان نەبین دەتوانین زۆر شت بڵێین یا بکەین کە هیچ بنەمای لۆژیکی (مەنتقی) نەبێت و لەوانەیە ئەوانەش زۆرجار نەگوتن و نەکردنیان زیاتر بە قازانج بێ. سنوورێکی تایبەتمان هەبێت بۆ هەست و سۆزەکانمان، لەبەر ئەوەی هەست و سۆزی زۆر وادەکات کە زۆربەی قسەکردنەکانمان بێ بیرکردنەوە بێت و لەو کاتانەدا تەنانەت وشەیەکیش دەتوانێ کێشەخوڵقێن و وێرانکەر بێت، هەروەک چۆن وشەیەک دەتوانێ سارێژکەر بێت. هەبوونی سۆزی زیاد نیشانەی ڕیسک کردنە لە ژیاندا. هەرچەند گۆڕان کارێکی ئاسان نییە بەڵام دەبێ کار بکەین بۆ کەمکردنەوە و گۆڕینی هەست و سۆزە نەرێنییەکانمان.

پیتی « ش » وەک: شکان (نسکۆ)

کاتێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانت لە مەیدانی تێکۆشان و چالاکیدایت لەوانەیە زۆر جار لەگەڵ شکان و بێ‌هیوایی ڕووبەڕوو ببیەوە، نابێ بترسی و دەبێ وا بیر بکەیتەوە کە هەر شکانێک ببێتە پلەکانێک بۆ نزیکبوونەوەت لە ئامانج و دەرفەتێکیش بۆ زیاتر فێربوون. من پێموایە ئەو کاتە ئێمە تێکڕماوین کە بێهیوا دەبین و هەست دەکەین شکستمان خواردووە یان هیچ ئامانجێکمان لە ژیاندا نامێنێ و واز لە چالاکی و فێربوون دێنین. پەندێکی ژاپۆنییەکان هەیە کە دەڵێ: ‹›ئەگەر حەوت جار کەوتی بۆ جاری هەشتەمیش هەستەوە.››

ئەوە هەڵەیە ئەگەر وا بیر بکەینەوە کە دەبێ لە یەکەم هەنگاودا سەرکەوتن بەدەست بهێنین، ئەو کات هەوڵ و تێکۆشان هیچ مانایەکی بۆ نامێنێتەوە و ناتوانین ئەزموونیش کۆ bکەینەوە. کەوتن یا شکان گرنگ نییە بەڵکوو گرنگ لە هەستانەوەدایە و دۆزینەوەی ڕێگایەکی دیکە باشتر بۆ سەرکەوتن.

هەروەک فرێدریش ویلهێلم نیتچە Friedrich Wilhelm Nietzsche فەیلەسوفی گەورەی ئاڵمانی دەڵێت: ‹›من سەرکەوتن و شکانی مرۆڤم خۆشدەوێت، لە بەر ئەوەی سەرکەوتن و شکان نیشانەی بەردەوامبوونی پرۆسەی ژیانە و بەردەوام لە نێو پێشبڕکێی ناکۆکییەکاندایە؛ کە تێیدا جارێک سەردەکەوێت و جارێکی دیکە دەشکێ.››

لەو کاتەدا کە لەگەڵ شکان ڕووبەڕوو دەبینەوە، دوو شت گرنگە هەوڵی بۆ بدەین:

١. زاڵبوون بە سەر هەستە نەرێنییەکانی خۆمان

٢. ژیرانە و ئاگایانە هەوڵدان هەم بۆ زاڵبوون بە سەر شکانەکە و هەم خۆئامادەکردن بۆ فێربوون و ڕاهێنانی دووبارە بۆ گەیشتن بە سەرکەوتن.

پیتی « هـ » / « ه » وەک: هێز و توانا

هێز لە ڕووی زمانەوانییەوە یانی توانایی مرۆڤ بۆ جێبەجێکردنی ئەرک و کارەکانی ڕۆژانەی. چەمکی هێز زۆر فاکتەری جیاواز لەخۆ دەگرێت، هەربۆیە کاتێک باسی هێز دەکەین لەوانەیە بیر لە زۆر فاکتەری جیاواز بکەینەوە؛ بەڵام ئەوەی لێرەدا لە چەمکی هێز مەبەستمانە، فاکتەری زانیارییە کە چۆن و بە چ شێوەیەکی زانستیانە لەگەڵ ڕووداوەکانی ڕۆژانە هەڵسوکەوت بکەین. لێرەدا ڕووبەڕووی دوو یان چەندین پرسیار دەبینەوە وەک: هێز و توانامان بۆ فێربوون وفێرکردن چەندە؟ و ئەو هێز و توانا شاراوانەی کە هەمانە چۆنی وەگەڕ خەین؟

ماکس ڤیبەر Max Weber (١٨٦٤ ١٩٢٠-) کۆمەڵناس و بیرمەندی ئاڵمانی دەڵێت: «هێز توانای کەسێکە کە لە ڕێگای پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەتوانێت پێگەیەک بدۆزێتەوە بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی.»

لاو زی Lao Zi (٦٠٤-٥٣١ پ. ز) فەیلەسوفی چینی دەڵێت: ‹›مرۆڤەکان وا هەست دەکەن کە بەزاڵبوون بەسەر کەسانی دیکەدا خاوەنی هێزن، بەڵام دەبێ ئەوەی بزانن بەزاڵبوون بەسەر خۆیاندا خاوەنی هێزی ڕاستەقینەن»؛ یان بە واتایەکی دیکە ‹›کەسێک بەسەر کەسانی تردا سەر بکەوێت بەهێزە، بەڵام کەسێک بەسەر دەروونی خۆیدا زاڵ بێت، لە هەمووان بەهێزترە››

کەواتە بەپێی ئەو دوو بۆچوونەی سەرەوە لەسەر هێز، دەتوانین بڵێین کە مرۆڤەکان هێزێکی سروشتی تایبەت بە خۆیان هەیە و ئەو هێزە بە فێربوون بەهێزتر و زۆرتر دەبێت یان زیاتر گەشە بەخۆیەوە دەبینێت.

**بە ئەنجام گەیاندنی هێز و توانا شاراوەکانی( پوتانسیەل) خۆت**

هەر تاکێکی ئێمە لێ‌هاتوویی و توانایی تایبەتی خۆمانمان هەیە بەڵام زۆر جار ناتوانین گەشە بەو لێ‌هاتوویی، وزە و پوتانسیەلەی خۆمان بدەین. هێندێک کەسیش هەیە بە شێوەی نەرێنی یان لاوازی باسی لێ‌هاتوویی و تواناکانی خۆی دەکات، لەو کاتەدا دەتوانین بڵێین باشترین دوژمنی خۆمانین. هەروەها ئێمە مرۆڤەکان هێزێکی دەروونی و سروشتی باشمان هەیە کە شاردراوەتەوە و دەبێ ئاشکرا بکرێ. ئەو هێزە بریتییە لە توانا، کە بە هۆی نەبوونی زانیاری لەسەری، ناتوانین بەکاری بهێنین. ڕاهێنەرێکی ئازا و باش دەتوانێ ڕۆڵێکی باشی هەبێت بۆ گۆڕینی ئەو شێوە تێڕوانینەی ئێمە لە سەر خۆمان و ئاشکراکردنی هێزە شاردراوەکانمان. لە بەر ئەوەی ڕاهێنەری میتۆدێکی تەواو کەسۆکییە (شەخسی) بۆ فێربوون و گەشەکردن.

ئەو میتۆدە(ڕاهێنەری) یارمەتی دەدات:

- بۆ ئەوەی باشتر خۆت بناسی، ناسینی توانا، بیروباوەڕ، ئاکار(هەڵسوکەوت) و کەمو کوڕییەکانی خۆت.

- بۆ دۆزینەوەی هێز و توانای باش و هەروەها توانا شاراوەکان

- وریا و ئازابوون لە بڕیارێکی دروست بە یارمەتی زەین و بیر، بە بێ دوودڵی.

- گەیشتن یان هێنانەدی ئامانجەکان.

هەموو ئەوانەش دەبن بە هۆی ئەوەیکە لە ژیانی ڕۆژانەتدا، چ کەسۆکی و چ ڕێکخراوەیی هەم سەرکەوتووتر بی و هەم ڕازی. هەروەها بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان یان وەدیهێنانی ئامانجەکانمان دەبێ لە پێشدا لە نێو دەروونی خۆماندا بەدوایاندا بگەڕێین یانی هێزی دەروونی و سروشتی خۆمان پەرە پێبدەین.

---

درێژەی لاپەڕەی ٦

ئامانج، بەڵکوو لە مێژساڵە دەرەوەی سنوورەکانیشی تەنیوەتەوە. ئەم ڕێژیمە تۆڕێکی بەربڵاوی تێرۆریستیی لە وڵاتانی ناوچە و تەنانەت ڕۆژئاوا داخستووە. ئەوەی لە عێراق، یەمەن، سووریە و لوبنان و ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەیبینین، ئەنجامی ئەم سیاسەتەیە. ڕێژیم بە وەڕێخستنی شەڕی پرۆکسی و فیرقەیی و دامەزراندن و پۆشتەکردنی دەیان ڕێکخراو و هێزی میلیشیایی، ئاسایش و تەناهیی ناوچەکەی لەبار بردووە. لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا لە هەر کام لەم وڵاتانە بە دەیان و سەدان هەزار کەس بوونەتە قوربانی و بە ملیۆنان کەسیش ئاوارەی وڵاتانی دیکە بوونە. بەم پێیە، تێچوویەکی زۆری ئەمنی، سیاسی و مرۆیی بۆ ناوچەکە بە دواوە بووە و ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئەم وڵاتانەی لە بەر یەک هەڵوەشاندووەتەوە. ئەوەی وەک سیاسەتی ناوچەیی ئێران دەبیندرێت، درێژکراوەی سیاسەتی ئەم ڕێژیمەیە لە نێوخۆ. ئێستا کۆماری ئیسلامی بێجگە لە سەرکوت نەبێت، توانای چارەسەریی قەیرانە کەڵەکەبووەکانی نییە. هیچ باڵباڵێن و گوتارێک کە توانای دەربازکردنی ڕێژیمی لەم بنبەستە هەبێت، بوونی نییە و بە تێکڕایان تاقی کراونەتەوە. خرۆشانی جەماوەریی نەتەوەکانی ئێران ئاماژەکانی ئەم بنبەستەن. لانیکەم لە چەند ساڵی ڕابردوودا چەند شەپۆلی نارەزایی و ڕاپەڕین دژ بە ڕێژیم سەری هەڵداوە و لە زاری بەرپرسانەوە بە بوومەلەرزەی سیاسی شوبهێندراوە، بەڵام بەهۆی هێزی سەرکوتەوە بۆ ماوەیەکی کاتی دامرکاوە. هەر لە ماوەی ٣-٢ مانگی ڕابردوودا بە گوێرەی زانیارییە مەیدانی و پشتڕاست کراوەکان، زیاتر لە ١٥٠٠ کەس لە خۆپیشاندەران کوژراون و بە هەزاران کەسی دیکەش بریندار یان ڕەوانەی زیندانەکان کراون و شەپۆلی گرتن و بێسەرشوێن کردن ئێستاش بەردەوامە. هاوکات، لەو دیوی سنوورەکان و لە عێراق، خرۆشانی هەزاران کەسی لەم وڵاتە کە بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایەتی دژ بە حکوومەتی خۆیان و سیاسەتی دەخاڵەتگەرانەی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتەکەیاندا سەری هەڵداوە، بەهۆی گرووپە میلیشاییەکانی سەر بە ڕێژیمی تاران سەرکوت دەکرێت و هەمان چارەنووسی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێرانیان بە نەسیب بووە. لەگەڵ ئەوەیکە ماهییەتی دژەمرۆیی کۆماری ئیسلامی بۆ هەموو لایەک ڕوونە، بەڵام بابەتی بەرژەوەندییەکان وای کردووە ژمارەیەک لە وڵاتانی ڕۆژئاوا ئەم ڕاستییە نادیدە بگرن. لە کاتێکدا تێدەکۆشن میکانیزمێک بۆ دەربازبوونی ڕێژیم لە کەمپەینی گوشار و گەمارۆکانی ئامریکا بدۆزنەوە، ڕێژیم لەم وڵاتانەدا خەریکی دارشتنی پیلانی تێرۆریستییە. لەم قۆناغە هەستیارەدا کە کۆدەنگییەک لە دژی سیاسەتی ناوچەیی ئێران پێکهاتووە و نەتەوەکانی ئێرانی لە دژی ڕاپەڕیون، پێکهێنانی هەواڵبەندییەکی جیهانیی هەمبەر ئەم ڕێژیمە زەروورەتێکی مێژووییە. هەر وەک چۆن هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژ بە داعش پێک هات، پێویستە هاوپەیمانییەکی بەهێز دژ بە تێرۆریزمی دەوڵەتیی ڕێژیمی ئێران پێک بهێنرێت و یارمەتیی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران بدرێت بۆ ڕامالینی ئەم ڕێژیمە. بێگومان تەنیا لە نەمانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندایە کە دەکرێت بەخێرهاتنێکیی مرۆڤایەتی بۆ سەردەمی ئاشتی و ئارامی بکەین لە ناوچەکە. هەروەها ئێستا کاتێکی گونجاوە بۆ ئەوەی دەوڵەتی ئوتریش پەروەندەی تێرۆری دوکتور قاسملوو لە ڤییەن وەگەڕ بخاتەوە و بەم شێوە لەلایەک قەرەبووی کردەوەی نایاسایی و نائەخلاقیی ناردنەوەی تێرۆریستە ئێرانییەکانی ئەو ڕووداوە بۆ تاران بەبێ دادگاییکردنیان، بکاتەوە کە خواستێکی سەرەکیی کورد بەگشتی و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەتایبەتییە، لەلایەکی دیکە لەو ڕێگەوە زەختەکانی سەر ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زیاتر بکات. یادی دوکتور قاسملووش وەک هەموو ئەوانەی کە لە ڕێگای ئازادی و ژیاندۆستی و دابینکردنی مافە نەتەوەیی و دێموکرتیکەکان، بوونە قوربانیی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی، بەرز و هەتایی بێت. لە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبەکەی دوکتور قاسملوو، سپاسی خۆمان پێشکەش بە ئەنیستیتۆی کورد لە پاریس، بەتایبەت دوکتور کەنداڵ نزان دەکەین بۆ پێکهێنانی ئەم یادەوەرییە. هەروەها سپاس بۆ ئێوە هاوڕێیان و هاوبیرانی دوکتور قاسملوو.

# بایکۆتی هەڵبژاردنی مەجلیس، هەڵوێستێکی ئەخلاقی و نەتەوەییە



محەممەد سلێمانی

بایکۆتی خولی نوێی بەناوهەڵبژاردنی مەجلیسی شوورای ئیسلامی ئێران بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی گشتی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران، هەڵوێست و بژاردەیەکی بەتەواوی سیاسی، ئەخلاقی و نەتەوەییە و پێویستە دەنگی «نا» بەو ڕێژیمە دژی ئازادی و فرەنەتەوەییە بدرێ و لەو ڕێگایەوە بنەمای فیکری ڕێژیمی ئاخوندی بخرێتە ژێر پرسیار. ڕێژیمی ئێران ٤٠ ساڵە نکۆڵی لە مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان دەکات و بە دڕندانەترین شێوە هەوڵی بەچۆکداهێنان و بڵاوەپێکردنی شۆڕشی سیاسی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەدات.

خۆڕاگری و سیاسەتی دروستی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك ڕێبەری بزووتنەوەیەکی سیاسی و شۆڕشگێڕی، بۆتە هەوێنی بزووتنەوەیەکی بەرفراوانی جەماوەری و بە ڕێگای بڵاوکردنەوەی وشیاری سیاسیدا، خەڵکی کوردستان بوێرانە دژایەتی حکوومەتی ناوەندیان کردووە و نەچوونەتە ژێر گوشاری دەسەڵاتی تاران و لە هەر دەرفەتێك بۆیان هاتبێتە پێش، دژایەتی خۆیان لەگەڵ ئەو حکوومەتە دەربڕیوە.

گەشەکردن و بەهێزتربوونی شۆڕشی سیاسی و نەتەوەیی ئەو بەشەی کوردستان کە بەرئەنجامی وشیاری سیاسی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە، تا دێ لایەنە گرینگ و جەوهەرییەکانی بە دژی حکوومەتی تاران باشتر دەردەکەون و بێگومان گەلی کورد هەروەك هەمیشە هەیمەنەی دەسەڵاتی تاران بەسەر چارەنووسی خۆیاندا ڕەد دەکەنەوە، ئەویش بە ڕێگای بایکۆتکردنی بەناوهەڵبژاردنەکانی مەجلیسی ڕێژیم. حکوومەتی تاران هەوڵی زۆری دا بە بۆنەی ٢٢ی ڕێبەندان هانی خەڵك بدات وەك پشتیوانی لە حکوومەتی ئاخوندی لەو ڕۆژەدا بێنە سەر شەقام و بە دڵی کاربەدەستانی سیاسی و نیزامی ئێران دروشمی دژ بە ئامریکا و ئیسرائیل بڵێنەوە. هەر وەك ئاشکرایە بێدەنگی و بەشداری نەکردنی خەڵك لەو بۆنەیەدا، نیشانەی دوورکەوتنەوەی زیاتری گەلانی ئێران لە دەسەڵاتی ملهۆڕی ئاخوندییە و خەڵك پەیامی بێزاری و ڕەدکردنەوەی حکوومەتی ئاخوندییان ڕاگەیاندووە و بێگومان وەك بڕیارێکی سیاسی، خۆیان لە دەنگدان دەپارێزن. زۆر ڕێگای شیاو هەیە کە گەلانی ئێران دەتوانن بە سانایی وڵامی «نا» بە حاکمانی وڵات بڵێن. زۆر گرینگە کە لە ڕۆژی دەنگداندا بە دوورکەوتنەوە و نەچوونە سەر سندووقی دەنگدان، وڵامی «نا» بە حکوومەتی ئاخوندی بدەنەوە و بەو هەڵوێستە سیاسی و ئەخلاقی و نەتەوەییە ڕۆحی شەهیدانی خۆپیشاندانەکان شاد بکەن. خەڵکی کوردستان کە ئەو ئامادەییەی تێدا بەدی دەکرێ و زۆر گرینگە لە ڕۆژی دەنگدان، بۆ ئەوەی ئەو خەون و ئومێدەی دەسەڵاتی تاران گۆڕ بکرێ، لە نزیکبوونەوەی شوێنی دەنگدان خۆبپارێزن و متمانە بە دەسەڵاتێك نەکەن کە گەورەترین فشاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری لە سەر ژیانی خەڵك بە گشتی دروست کردووە. سەرانی ڕێژیمی ئێران کە سوودمەندی گەورەی سامانی گشتیی نەتەوەیین، بە ئارەزووی دڵی خۆیان ژیان دەکەن و خەڵکی هەژار و کەمداهات و هەژار تەنانەت لە پێناوی پەیداکردنی بژیوی ژیانی ڕۆژانەدا بە ڕێگای کاری کۆڵبەریدا خوێن دەدەن. خەڵك نابێت سیاسەتی ئەو ڕێژیمەی لە بیر بچێ و بە قەول و بەڵێنییە بێ بنەماکانیان ڕێگای دەنگدان نەگرنەبەر و هەڵوێستی دژیان هەبێ. بێزاری و دوورکەوتنەوەی خەڵکی کوردستان لە حکوومەتی ناوەندی ئێران بەر لە هەر شتێك هۆکاری سیاسی و نەتەوەیی هەیە و ڕێژیمی ئاخوندی بە درێژایی تەمەنی حوکمڕانی دڕندانەی بەسەر چارەنووسی گەلانی وڵاتدا، نکۆڵی لە مافی سیاسییان کردووە و لە هەموو شێوەکانی ستەمی نەتەوەیی بەدژی گەلانی ئازادیخواز کەڵکی وەرگرتووە. چاوەڕوان دەکرێت بە کۆدەنگییەکی گشتگیر، نیزامی سیاسی ئێران جارێکیتر لە مێژووی تەمەنیدا لە لایەن گەلی کورد و گەلانی پێکهێنەری ئێران ڕەد بکرێتەوە چوونکە خەڵك دەمێکە دروشمی ڕوخانی ئەو ڕێژیمەیان بەرزکردۆتەوە. ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ئێران لە لێواری گۆڕانکاری گەورەدان و فشاری نێوخۆیی و دەرەکی سەر دەسەڵاتی تاران، ئەو ڕێژیمەی گەلێك هەراسان و بێهیوا کردووە و هەوڵ دەدات بۆ جارێکی تر خەڵك بە پشتیوانی لە سیاسەتەکانیان بە ڕێگای بەشداربوونیان لە هەڵبژاردندا بێتە سەر شەقام. بۆ ئەوەی لە ڕێگای ڕاگەیاندنەوە هەراوهوریای لەسەر ساز بکا کە گوایە گەلانی ئێران پشتیوانی لە حکوومەتی تاران دەکەن. هەنووکە ڕەوتێکی بەتەواوی سیاسی و نەتەوەیی باڵی بەسەر کەشوهەوای سیاسی وڵاتدا کێشاوە و خەڵکی کوردستان بۆ دژایەتی و ڕەدکردنەوەی حکوومەتی تاران هەمیشە پێشڕەو و خۆڕاگرانە لە مەیداندا بووە و ئەو جاریش ئەرکی نەتەوەیی خۆی بەڕێوە دەبات و وەفادار دەبێت بە قوربانییەکانی ڕێگای ڕزگاری و بەختیاری نەتەوەیی.

گەلی کورد بۆچی نابێت دەنگ بدات و بایکۆتی دەورەی نوێی هەڵبژاردنی ساختەکاری بکات و هەڵوێستی دژی هەبێ و هانی خەڵك بدرێ بەشداری نەکا و بایکۆتی بکەن؟ گەلی کورد وەك یەکێك لە پێکهاتە دیار و شوێندانەرەکانی وڵات بە هۆی حکوومەتی ئاخوندی لە مافی سیاسی و نەتەوەیی بێبەش کراوە و بە دڕندانەترین شێوە سەرکوتی دەنگی ئازادیخوازی و یەکسانی لە کوردستان دەکرێ. ڕێژەی ئەو لاوانەی خوێندنی باڵایان هەیە و دانەمەزراون، زۆر لە سەرێیە و ئەو کەسانە لە کوردستان شانسی دامەزراندنیان هەیە، ئەو دەستەیەن کە خزمەت بە ڕێژیمی ئاخوندی بکەن و دژایەتی گەل و خاکی خۆیان بکەن.

کۆڵبەران لە لایەن هێزە چەکدارەکانی سەر بە ڕێژیمی دژی گەلی ئاخوندییەوە، ڕێگای پەیداکردنی بژیوی ڕۆژانەی خێزانیان لێدەگیرێ و گەلێك جاران دەکرێنە ئامانج و تەقەی ڕاستەوخۆیان لێدەکرێت و شەهید و بریندار دەکرێن.

ڕۆڵەکانی گەلی کورد بە تەنیا لەبەر کوردبوون لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، بیانوویان پێدەگیرێ و دەگیرێن و بڕیاری خێرای لە سێدارەدانیان بەسەردا جێبەجێ دەکرێت.

گەلی کورد ئەگەر بەڕێگای تێکۆشانی هێمنانە و مەدەنیشدا، داوای مافەکانی بکات، دیسان هەر دەبێت قوربانی بدات. ڕێبەرانی نەتەوەیی و ڕۆڵە ئازادیخواز و تیکۆشەرەکانی کوردستان دیسان هەر بەدەستی ڕێژیمی بەدکاری تاران شەهید کراون. ئەوانەی لە ئێستادا خۆیان بەربژێر کردووە و بەناو نوێنەرایەتی ئیرادەی خەڵکی کوردستان دەکەن، بێگومان بە تەواوی پیاوی حکوومەتی ئاخوندین و بەشێکن لە سیاسەتی ڕێژیم، هەتا دەستیان بە خوێنی پێشمەرگەی کوردستان سوور بووە.

بەشداری نەکردنی خەڵکی کوردستان لە شانۆی ساختەکاری هەڵبژاردنی دەورەی نوێی مەجلیسی ئێراندا، مانایەکی گەورەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەبەخشێ و کاریگەری لە سەر داهاتووی ڕووداوە سیاسییەکانی وڵات دەبێت. گەلانی ئێران و بەتایبەت خەڵکی کوردستان نابێت خوێنی ڕۆڵە کۆڵبەر و ئەو لاوانەی ڕۆژانە لە سێدارە دەدرێن لە لایەن حکوومەتی ئاخوندی ئێرانەوە، لە بیر بکەن و سیاسەتی دژی گەلی ئاخوندی شتێك نییە کە ئومێد بە گۆڕینی ڕفتاری سیاسی لێبکرێ و لە بەرژەوەندی گەلانی وڵاتدا، بڕیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی بدات.

بەشداریکردن لە دەورەی نوێی هەڵبژاردندا، هەر وەك ڕێژیم ئامانجیەتی، متمانە بەخشینەوەیە بەو دەسەڵاتە کە جگە لە نەهامەتی و هەژارکردنی خەڵك و دارمانی ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی، کارێکی ئەوتۆی نەکردووە بۆ خەڵك کە سوودی بە خەڵك گەیاندبێت.

زۆر دوور نییە! هەر دوێنێ بوو دەزگا ئەمنییەکانی ئێران، بە بڕیاری ڕاستەوخۆی» عەلی خامنەیی « زۆر بێبەزەیانە بە چەك بەرەوڕووی خۆپیشاندەرانی شارەکانی مەریوان و کرمانشان و جوانڕۆ و سنە بوونەوە و ژمارەیەکی زۆریان لە خەڵکی بێتاوان شەهید و بریندار کرد. لە ماوەی کورتی خۆپیشانانەکاندا، بە دەیان لە ڕۆڵەکانی گەلەکەمان شەهید و بریندارکران و ژمارەیەکی زۆریش لە بەندیخانەکاندا بە دڕندانەترین شێوە ئازار و ئەشکەنجە دران، لە بەر ئەوەی کورد بوون و شارە کوردستانییەکان بەدژی دەسەڵاتی تاران دەستیان بە ڕاپەڕین کردبوو. بەشدارینەکردن و بایکۆتکردنی هەڵبژاردنی مەجلیسی ڕێژیم، بە ڕوونی نیشاندانی یەکڕیزی و هاوپشتی نەتەوەیی پێشان دەدات، بەدژی ستەمکارییەکانی حکوومەتی ئاخوندی ئێران، کە لە ماوەی ٤٠ ساڵ حوکمڕانیدا، بە توندترین شێوەی نامرۆڤانە ڕفتاری لەگەڵ گەلی کورد کردووە.



گەلی کورد ئەگەر دەنگ بدات، بەو مانایەیە کە ئەوەی لە لایەن ڕێژیمی ئاخوندیدا بەسەریان دێ، قبووڵی دەکەن و هەڵوێستی دژیان نییە. بە گوێرەی ئەو سەرچاوە نێوخۆییانەی نزیك لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ئێران، خەڵك هەست و زەوقی دەنگدانیان بەو ڕێژیمە نەماوە و دەسەڵاتی تاران بەتەواوی متمانە و پشتیوانی گەلانی وڵاتی لە دەستداوە و دژایەتی پێکهاتەی حکوومەتی تاران دەکرێت لە کوردستان و بەشەکانی تری وڵاتدا. بایکۆتی دەورەی ساختەکاری هەڵبژاردنی ئێران بەدڵنیاییەوە ڕۆحی هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری سیاسی و نەتەوەیی شاد و ئاسوودە دەکات و دەبێتە مایەی دڵخۆشی بۆ ئەو بنەماڵانەی کە بەهۆی پیاوکوژانی حکوومەتی تاران ڕۆڵەکانیان لە دەستداون. حیزبی دێموکرات وەک هێزێکی دیار و دژبەری ڕێژیمی ئێران بەردەوام ڕوانینی ژیرانەی سەبارەت بە ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان و ئێران هەبووە و هەر لەسەرەتای هاتنە سەرکاری ئەو دەسەڵاتەوە، بە هۆکاری سیاسی و نکۆڵیکردن لە مافی نەتەوایەتی گەلانی ئێران لە لایەن حدکاوە ڕەدکراوەتەوە. بایکۆت بووە بە هەڵوێستێکی سیاسی و نەتەوەیی حیزب و یەکدەنگی هێزەکان کە بێگومان شوێنی خۆی لەسەر هەڵبژاردنی دەورەی نوێی مەجلیس دەبێت و ئەو هاوپشتییە بۆتە هەوێنی خەباتێکی بەرفراوانی جەماوەری و هەر وەك چاوەڕوان دەکرێت، ڕێژەی دەنگدان و بەشداری خەڵك بەپێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی حکوومەتی تیرۆریستی ئاخوندی دەبێت. حکوومەتی دژە دێمۆکراسی و فرەنەتەوەیی بوونی ئێران، بەردەوامە لەسەر سیاسەتی خۆی و دژایەتی مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلانی وڵات و پێیان وایە بە ڕێگای ستەم و نکۆڵیکردن لە پرسی فرەنەتەوەیی بوونی ئێران، بارودۆخی سیاسی دەسەڵاتەکەیان لە دارمان پاراستووە.

بێ ئاگا لەوەی وشیاری سیاسی و بەرزبوونەوەی ئاستی وشیاری نەتەوەیی گەلانی ئێران لە هەلومەرجی ئێستادا، بارودۆخێکی دژواری سیاسی و ئەمنی بۆ دەسەڵات هێناوەتە پێش. حدکا وەک هێزێکی سیاسی و نەتەوەیی شوێندانەری کوردستانی ڕۆژهەڵات سیاسەتێکی دیاریکراو و ڕوونی هەبووە و لەوباوەڕەدا بووە کە بەربژێرەکانی مەجلیس زیاتر لە بەرژەوەندی و خۆشخزمەتی بە دەسەڵاتی ناوەندا کار دەکەن. زۆر بەجێ نییە کە وا بیر بکرێتەوە نوێنەرانی مەجلیس کە لە کوردستان هەڵدەبژێردرێن، سوود بە بەرژەوەندییەکانی خەڵك بگەیەنن. بێگومان ئەوانیش لە چوارچێوەی فەلسەفەی سیاسی و فیکری حکوومەتی ئاخوندیدا بیر دەکەنەوە و بەشدارن لەو زوڵم و ستەمەی کە دەرحەق بە گەلی کورد ئەنجام دەدرێت. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەوڵیداوە کۆمەڵگای کوردستان لەو ڕاستییە بگەیەنێت کە ڕێژیمی ئاخوندی دژایەتی ئاشکرای مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد دەکا و بە تووندترین شێوە ڕووبەڕووی بزووتنەوەی سیاسی کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆتەوە و درێژە بە سیاسەتی نکۆڵی کردن لە داوا ڕەواکانی خەڵکی کوردستان دەکات. لە ئێستاشدا هەست بە گۆڕانکاری لە ڕفتاری ڕێژیمی ئێران لەهەمبەر کۆی مەسەلە هەستیار و جەوهەرییەکاندا بەدی ناکرێ و، بایکۆت ڕێگایەکە بۆ ڕەدکردنەوەی سیستمی سیاسی ئێران و هەوڵدان بۆ ڕوخاندنی ڕێژیمی تاران. بەشداری نەکردن لە دەورەی نوێی بەناوهەڵبژاردنی مەجلیسی ڕێژیمی ئاخوندیدا، بێگومان دەبێتە هۆی زیاتر تەریککەوتنەوەی تاران و لاوازتربوونی پێگەی سیاسی و نیزامی یان لە سەر ئاستی نێوخۆ و نێودەوڵەتیدا دەبێت. ڕێژیمی ئاخوندی جگە لە سەرکوت و لەسێدارەدانی بەکۆمەڵی نارازیانی وڵات، بەهەموو شێوەیەک دژایەتی ئازادییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان دەکات و ئێران وەك وڵاتێکی فرەنەتەوە بۆتە بەندیخانەیەکی گەورەی گەلانی بندەست. لە وڵاتێکدا کە ئازادی تێدا نەبێ و حکوومەتی ئەو وڵاتەش بە ڕێگای زوڵم و زۆرداریدا، هەوڵی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کاربەدەستانی سیاسی و نیزامی بدات ، چۆن دەکرێ هیوا لە سەر ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەڵ بچنین، لە بەر ئەوەی لە وڵاتێکی وەك ئێراندا شتێک بە ناوی هەڵبژاردنی ئازاد و بێ گەرد هیچ مانایەکی نییە و نوێنەرەکانیش بەشێکن لە بازنەی دەسەڵاتی ئاخوندی ئێران. بە درێژایی تەمەنی حکوومەتی ئاخوندی، ئەو ڕێژیمە دژایەتی خۆی لەگەڵ داخوازییەکانی گەلی کورد دەربڕیوە و بە تووندترین شێوە هەوڵی لەنێوبردنی دەنگی خۆڕاگری گەلی کوردی داوە و هیچکام لە شێوەکانی سەرکوت نەماوە لەسەر کوردی بەکار نەهێنابێ.

# لە زاری پارێزەرانی وڵاتەوە

## دیمانەیەک لەگەڵ «کوردستان پوورئەحمەدی»، پێشمەرگەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان



دیمانە: کوردستان

مرۆڤ ئەو کاتە مانا و واتایەکی هەیە و دەتوانی هەست بە بوونی خۆی بکا و درک و ناسینی لە لا درووست ببێت کە لە جیهاندا قەرار دەگرێ و جیهان بە بۆنە و بە بوونی مرۆڤەوەیە کە مانایەک دەگرێ و پێناسە دەکرێ و مرۆڤ بە روانین و کردەوەکانی خۆی واتا و مانایەک بە جیهان دەبەخشێ. بە واتایەکی دیکە، مرۆڤ بوونەوەرێکی خەیاڵی و ئۆستوورەیی و دابڕاو لە واقیع نییە و بە قەرارگرتنی لە نێو جیهان و لە ژینگەیەکدایە کە دەتوانێ مانا و واتا و پێناسەی مرۆڤی پێ بدەی.
هەر دایک و باوکێک لە جیهان و لە کوردستاندا، شانازی بەوە دەکا کە ڕۆڵەکەی و جگەرگۆشەکەی، کە گەورە دەبێ و وەکوو مرۆڤێکی خاوەن ئیرادە دەڕواتە نێو کۆمەڵگا، بە هەڵسوکەوت دەربڕین و کردار و بڕیارەکانی، بە سەر سەختترین کۆسپ و قۆناخەکاندا سەرکەوێ و بە مرۆڤێکی خاوەن ئیرادە و توانا و وشیار بناسرێ. پێشمەرگایەتی کە بریتییە لە بڕیاردان و بە ئازادی و ئاگاییەوە، هەوڵدان بۆ سەرکەوتن بە سەر ستەم و سەرەڕۆیی و چەوسانەوەدا و سەرشۆڕنەکردن بۆ ستەمکاران، ئەوپەڕی وەدیهێنان و مانابەخشین بە ئیرادەی مرۆڤانە و گۆڕینی جیهان و واتابەخشین بە جیهانی نوێیە.
لە وتووێژی ئەمجارەی «لە زاری پارێزەرانی وڵاتەوە» گوێبیستی ڕاوبۆچوونی پێشمەرگەیەکی دیکەی نیشتمان «کوردستان پوورئەحمەدی» دەبین.

**- بەر لەوەی بێیتە ڕیزی شۆڕشەوە، هەست و بیر و باوەڕت سەبارەت بە کوردستان و پێشمەرگە چۆن بوو؟**

ئەمن هەر لە منداڵییەوە لە بنەماڵەیەکی حیزبی گەورە بووم، هەر لە منداڵییەوە خۆشەویستی پێشمەرگە و کوردستان لە ناخمدا چەکەرەی کردووە، هەرکات کە پێشمەرگە دەهاتەوە بۆ نێو گوندەکەمان کە دەهات بۆ ماڵمان زۆرم پێ خۆشبوو. هەستێک پێی دەگوتم کە ڕۆژێک دەبم بە پێشمەرگە بۆ گەلی کورد و بۆ مانی کورد چەکی شەرەف لە شان دەکەم. ئێستاش زۆرم پێخۆشە کە بە ئەو ئاواتەم گەیشتووم و بووم بە پێشمەرگەی کوردستان.

**. هەرکەسێک کۆمەڵێک ئاوات و ئامانجی هەیە لە ژیانیدا، بۆچی ئەم ڕێبازەت هەڵبژارد لەحاڵێکدا کە دەزانیت ڕەنگە لەم پێناوەشدا گیانت لە دەست بدەیت؟**

خۆشەویستی کوردستان وای لێ کردووم کە هاتووم هەموو نرخێک لە پێناو ڕزگاری کوردستان بدەم ئەگەر گیانی خۆیشم بێت. ڕاستە کە دانی وەها نرخێک قورسە بەڵام کاتێک کە بیر لە چارەنووسی گەلەکەم و نیشتمانەکەم دەکەمەوە و ئاوڕ لە ڕابردووی پڕخویناوی نەتەوەکەم دەدەمەوە، ئەو کات هەموو ناخۆشییەکانی ڕێگەی خەبات بۆم ئاسان دەبێتەوە.

**- ئێستا کە خۆت پێشمەرگەیت، چ هەستێکت هەیە و هەستت بۆ کوردستان چۆنە؟**

هەستێکی زۆر خۆشم هەیە؛ زۆرخۆشحاڵم کە پێشمەرگەی کوردستانم چوونکە پێشمەرگەبوون کردەوەیەکی شۆڕشگێڕانەیە کە ڕەنگە بۆ هەموو کەسێک نەلوێ تاکوو بە ئەنجامی بگەیەنێت. بەڵام من توانیومە ئەو شانازییە بە نەسیبی خۆم بکەم و پێ بخەمە جێ پێی گەورەپیاوانێک کە شۆڕشی ئەم گەلەیان بە پێوە ڕاگرتووە.

**- هەر کام لەم وشانە (نیشتمان، پێشمەرگە، شۆڕش و خەبات، نەتەوە و ڕاسان) لە ڕوانگەی خۆتەوە پێناسە بکە:**

نیشتمانم خۆشەویستترین چەمک و واتایە بۆ من، دایکە بۆ من.
پێشمەرگە کەسێکی ژیاندۆستە، ڕۆڵەی بە هەستی کوردستانە.
شۆڕش و خەبات واتە گیانبازی بۆ کوردستان و تێکۆشان بۆ ڕزگاری خاک و وڵات.
نەتەوە کۆی دانیشتووانی خاکی کوردستانن کە خاوەن مێژوویەکی هاوبەشن بە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانییەوە.
ڕاسان بە واتای هەستانەوەی شۆڕشێک و نەتەوەیەکە کە لە بەرانبەر داگیرکەران و زاڵماندا ڕاپەڕیوە.

**- گەورەترین ئاواتی ژیانت چییە و بۆچی ئەو ئاواتە، گەورەترین ئاواتی ژیانتە؟**

گەورەترین ئاواتی من ئەوەیە کە کوردستانەکەم و میللەتی کورد ئازاد و بەختەوەر ببینم . هۆکارەکەشی ئەوەیە کە پێموایە لە سێبەری ئازادیدایە کە نرخی قورسی خەبات دەگاتە ئامانجی خۆی و دەسەلمێندرێ کە ئەو نرخە قورسە بەفیڕۆ نەچووە.

**- بە بۆچوونی تۆ، چ شتێک دەتوانێت واتا بە ژیانی مرۆڤی کورد ببەخشێت؟**

بەباوەڕی من هەندێ فاکتەر تەنیا حکومەتی کوردی دەتوانێ کەرامەتی مرۆڤی کورد بپارێزێ. چوونکە پێموایە کە تا گەلی ئێمە لە ژێرچەپۆکیدا بێ نە خاکی کوردستان و نە تاکی کورد ناتوانن بە مانای ڕاستەقینەی ئازادژیان بگەن کەواتە پێویستە سیستمێکی خۆیی حاکم بێت تاکوو کورد بە ژیانی سەردەمیانەی خۆی بگات.

**- وەک پێشمەرگەیەک، چ قسەیەکت بۆ هاوواڵاتییانت لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا هەیە؟**

داوا لە لاوانی ڕۆژهەڵات دەکەم کە بەشداری لە ڕاسان و خەبات بکەن تا کورد بە ئامانجی خۆی بگا و چیدیکە زوڵم و زۆر و چەوسانەوە قەبووڵ نەکەن و داگیرکەر لە کوردستان ببەستنەوە.

**- وەک شۆڕشگێڕێک، چ وتەیەکت بۆ هاوسەنگەر و هاوڕێ پێشمەرگەکانت هەیە؟**

ئێمە لە ئێستەدا ئەرکێکی قورس سەرەتا سڵاوی شۆڕشگێڕانەیان لێ دەکەم لە هاوسەنگەرانم و کاروباری حیزبی بە ڕێکوپێکی بەڕێوەبەرن. ڕێز لە یەکتر بگرن و پێیان دەڵێم درێژەدەری ڕێگای شەهیدان بن و زیاتر هەوڵ بۆ ڕزگاری کوردستان بدەن.

**. وەک نیشتمانپەروەرێک، چ پەیامێکت بۆ خۆفرۆشان و خائینانی خاک و گەل هەیە؟**

پێیان دەڵێم کورد زوو یان درەنگ هەر بە ئامانجەکانی خۆی دەگات و هەروەها پێیان دەڵێم ئەو چەکی خۆفرۆشییە لە بەرامبەر نەتەوەی خۆیان کە هاوزمان و هاوکلتوور و هاومێژوون ڕامەگرن و بگەڕێنەوە بۆ باوشی گەل و نیشتمان.

**- ئەگەر کوردستان ئازاد بکرێت و بگەڕێیتەوە کوردستان، چ بەرنامەیەکت بۆ ژیانت هەیە؟**

هەر وەک پێشمەرگە دەمێنمەوە و بڕیارم بە کوردستان داوە تا دواهەناسەم پارێزگاری لە وڵاتەکەم بکەم و لە خزمەتی خەڵک و خاکی کوردستاندا بم.

# شەرەفکەندی شکۆی شۆڕش

## شۆڕشگێڕێکی سەربەخۆ

ولات زاگرۆس

بەشی سێهەم و کۆتایی

یەکێک لە خەسارە هەرە گەورەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی وڵاتی داگیرکراوی زاگرۆس پێوەندی بە وەهمی ڕێبەری بزوتنەوەکانەوە هەیە بەرامبەر بە داگیرکەران، شێوازی بیرکردنەوەی ئەم سەرۆکانە لە پانتایی هزری داگیرکەراندا دەخولێتەوە و پێیان وایە دەکرێ جیاوازی لە نێو ئەو کەسانەدا دابنرێ کە نیشتمانی ئێمەیان داگیر کردووە، یان لە هەندێ دۆخدا چارەنووسی خەباتیان لە بەشێکی نیشتماندا بەستووەتەوە بە داگیرکەرێکی بەشێکی دیکەی زاگرۆس و ئەو خەسارانەی لێکەوتووەتەوە کە تاکی زاگرۆسی بەشێکی زۆری مێژووی سەد ساڵی ڕابردووی بووەتە مۆتەکەی سەرشانی و داهاتوو دەیترسێنێ، دەکرێ شەرەفکەندی وەک ڕێبەرێکی ناوازە و بەری لەم کەموکوڕییە سەیر بکەین کە هێمای ڕاستەقینەی ڕێبەریکی شۆڕشگێڕی سەربەخۆیە.

فەریدوون عەبدولقادر ئەندامی پێشووی سەرکردایەتی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لە چاوپێکەوتنی تەلەویزیۆنی لەگەڵ کاناڵی nrt دەڵێت: «تەنیا هێزێک کە لە کاتی ڕاپەڕیندا یارمەتی بەرەی کوردستانی دا و ئەوەی لە دەستی دەهات بۆ سەرکەوتنی ڕاپەڕین کردی حدکا بوو بە ڕێبەرایەتی دوکتور سەعید شەرەفکەندی. هەر لە ڕاپەڕیندا چەندین پێشمەرگەی حیزب و لە کاتی یارمەتیدانی خەڵکی باشووردا گیانیان پێشکەش بە ئازادی و بەختەوەربوونی خەڵکی ئەو بەشەی نیشتمان کرد». ئەم گێڕانەوە ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات کە شەرەفکەندیی ڕێبەر هەموو کات قازانجی گشت وڵاتی بە کۆلۆنیکراوی کوردانی لەبەرچاو بووە و بیری لە بەرژەوەندی باڵای نەتەوەیی کردووەتەوە، ئەو کات حدکا خاوەن گەورەترین هێزی سەربازی پارتیزانی بوو و دەیتوانی بە ئاشکرا یان نهێنی و بۆ بەرژەوەندی کاتی حیزبەکەی ئەگەر نەشڵێین بەر بە سەرکەوتنی ڕاپەڕین بگرێت بەڵام دەیتوانی گرفتی گەورەی بۆ ساز بکات.(گرینگی ئەم هەڵوێستە کاتێک زیاتر دردەکەوێ کە ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین کە حدکا خاوەن ئەو هێزە بوو کە بتوانێ گرفتی گەورە بۆ ڕاپەڕین ساز بکات، هەر وەک چۆن لە بەشەکانی دیکەی عێراق هەندێ هێز یارمەتی مانەوەی دەسەڵاتی بەعسیان دا، یان هێزێکی کوردستانی بەری بە ڕاپەڕینی خەڵکی ڕۆژاوای زاگرۆس گرت دژ بە دەسەڵاتی ئەسەدی خوێنڕێژ، یا خود هەندێ شانازی بە ئەندام بوون لە سپای قودسی کۆماری ئیسلامی دەکەن و...) ڕووخانی دەسەڵاتی بەعس و ئەو کاتەی بەڵگە نهێنییەکانی کەوتنە دەس خەڵک بۆ هەمووان ڕوون بوویەوە کە حدکا زۆر ژیرانە توانیویە خۆی لە خەیانەتی نیشتمانی ببوێرێ و پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەعسدا پەیوەندییەکی ئاسایی بووە. ئەم بەڵگانە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە مرۆڤی زاگرۆسی بەڕاستی سەر بە چ لایەنێک بێت جێگەی شانازییە و ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە خەبات لە بەشێکی زاگرۆس دەتوانێ سەربەخۆ و زۆریش بەهێز بەڕێوە بچێت بێ ئەوەی کە لایەنی شۆڕشگێڕ بۆ وەدەسهێنانی هەندێ قازانجی کاتی بگلێتە خەیانەتی نیشتمانی و ببێتە داردەسی داگیرکەری بەشێکی وڵاتی زاگرۆس.

ئەگەر بمانهەوێ هەموو دەرسەکانی دوکتور قاسملووی نەمر لە یەک دەرسدا کورت بکەینەوە ئەم دەرسە ئەوەیە کە سەرنجی ئێمەی بۆ لای هێزی خۆمان ڕاکێشا و تێیگەیاندین -باوەڕبوون بە خۆ و هێزی خۆ -کە ئەگەر دڵنیاییمان بە خۆمان بێ و پشتی یەکتر بگرین خاوەنی چ توانایەکی گەورەین کە پەیکەری زۆرداران وەلەرزین دەخا و تووشی پەلەقاژەی مەرگیان دەکا. دەبا ئەم دەرسە بەنرخەمان هەروا لەبەر چاو بێ . دوکتور سادق پەروەردەی هزرێکی لەم چەشنەیە و ئەو تەنیا پشتی بە خەڵکی خۆی دەبەستێت و دەبێژێت: «ئێمە پشت ئەستوور بە پشتیوانی خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستانین ئەو سەربەخۆییە و تەنیا شتێک کە ڕێڕەوی چۆنیەتی چالاکی و کردەوەکانی بۆ دیاری دەکات خەڵکەکەی خۆیەتی بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵاتە داگیرکراوەکەی.

لەم وتارەدا تەنیا بە کورتی و ناتەواو سەرنجی کردارە سیاسییەکانی شەرەفکەندیی ڕێبەر دراوە لەباری شۆڕشگێڕبوونەوە و باس لەسەر ئاکاری شۆڕشگێڕانەی تاکەکەسی دوکتور سەعیدی ڕێبەر وەک پێشخستنی قازانجی گشتی بەر لە قازانجی تاکەکەسی، شەیدا نەبوونی دەرکەوتن و بەرچاوکەوتن، خۆفیداکردن لە ڕێگەی خەڵک و خاکەڕا بوون و... دەهێڵمەوە بۆ بابەتێکی دیکە .



# به بیانووی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی

## بیریار

ڕۆژی ٢ی ڕەشەممە بەرانبەر بە ٢١ی فێڤرییە لە لایەن ڕێکخراوی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی ناسراوە. ئەم ڕۆژە وەبیرهێنەرەوەی خەباتی درێژخایەن بۆ ڕێزگرتن لە زمانی دایکی و بەفەرمی‌ناسینی ئەو ڕۆژەیە کە لە ٢١ی فێڤرییەی ساڵی ١٩٥٢ لە گۆڕەپانی گشتیی شارێکی بچووک لە باکووری داکا، ناوەندی وڵاتی بەنگلادیش، چەند خوێندکارێکی زانکۆ بۆ مافی کەڵکوەرگرتن لە زمانی دایکی ( زمانی بەنگلا ) کۆبوونەوەیەکی هێمنانەیان ڕێکخست، کە لەم کاتەدا ئەحمەد سەلیم، شاعری بەهەستی نەوەی لاوی بەنگالی، کە بە هەستی ئاگرین شێعر و وتاری دەخوێندەوە، بە دەستی هێزەکانی پۆلیس گیانی لە دەست دا.
دوای سەربەخۆیی وڵاتی بەنگلادێش لە پاکستان لە ساڵی ١٩٧١، لەسەر پێشنیاری ئەو وڵاتە، ڕێکخراوی یۆنیسکۆ لە ساڵی ١٩٩٩، ڕۆژی ٢١ی فێڤرییەی وەکوو ڕۆژی جیهانی زمانی دایکی ناساند. لە ساڵی ٢٠٠٨یش ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو ڕۆژەی وەک ڕۆژی فەرمیی زمانی دایکی ناساند. بەڵام گرنگی ئەم ڕۆژە بۆ نەتەوە بندەستەکان، کە زمانی دایکییان لەژێر هەڕەشە و مەترسیدایە زیاترە. لەم وتارەدا سەرەنجێک دەدەینە سیاسەتی زمانی لە ئێرانی بە جەعل دروستکراو، کە تا ئەمڕۆیش سیاسەتی تاکزمانی پێڕەو دەکات و سەرنجێکش دەخەینە سەر ئێستای دۆخی زمانی کوردی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات.

### سیاسەتی زمانی لە ئێراندا

زمانی فارسی لە کۆنەوە وەکوو زمانی پێوەندیی نێو زمانەکانی ئێران سەیر کراوە و لە حوجرە و مەکتەبەکانی کوردستان لە پاڵ زمانی عەرەبیدا، وانەی گوڵستان و بووستانی سەعدی گوتراوەتەوە؛ بەڵام ئەم لینگوفرانکا بوونەی زمانی فارسی نەبۆتە هۆی ئەوەی کە زمانی کوردی وەکوو زمانێکی ئەدەبی گەشە نەکات یان ئەوەی شای سەفەوی بە تورکی شێعر نەڵێتەوە، بەڵام ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵکی ئێران لەگەڵ دەستکەوتەکانی ڕۆژاوا و پاش ئەو هاتنەئارای پرۆسەی نەتەوەسازی لە ئێراندا، ئەو پێوەندییە سروشتییەی گۆڕی بە پەیوەندییەکی زۆرەملێ کە تێیدا زمانی فارسی لە زمانی پێوەندییەوە بوو بە تەنیا زمانی قەدەغەنەکراوی ئێران. لایەنگرانی یەکدەستکردنی کۆمەڵگەی ئێران بۆ تواندنەوەی پێکهاتەکان، هەموو نیشانەکانی جیاوازبوونی فەرهەنگەکانی ئێرانیان بە دوژمن دادەنا و تەنانەت لە دەورەی حەوتەمی مەجلیسی شوورای میللی_دا ( ١٦ی سەرماوەزی ١٣٠٧ ) جلوبەرگی ناوچەییشیان قەدەغە کرد. سیاسەتی یەکدەستکردنی فەرهەنگ و زمان بە قەدەغەکردنەوە نەوەستا و هەوڵێکی چڕوپڕ درا کە بوونی زمانەکانی تری نێو وڵاتی ئێرانی بە جەعل دروستکراو، لە باری تیۆرییەوە نەفی بکەنەوە. بۆ ئەم مەبەستە گەلێک شارەزای زمانیان هێنایە پێشەوە کە بیسەلمێنن زمانی کوردی، تورکی، گیلەکی، ئەمانە هەموو شێوەزارگەلێکی زمانی فارسین و لە بەرانبەریشدا هەوڵ درا زمانی فارسی بە شاعیرانەترین، ناسکترین و یەک لە کۆنترین زمانەکانی دنیا و تاکە زمانی نێو ئێران بناسرێت. سیاسەتی نەفی کردنی زمانەکانی نێو ئێران، باڵ دەکێشێتە سەر نەفیی ئەو زمانانە لە وڵاتانی تردا کاتێک کە لە ساڵی ١٩٣١ لە وڵاتی عێراقدا یاسای زمانە ناوچەییەکان بۆ پەسەندکردن دەچێتە پارلەمان، چاپەمەنیی ژێر چاوەدێریی حکوومەتی ئێران هێرش دەکەنە سەری و هەوڵ دەدەن حکوومەتی عێراق ڕازی بکەن کە ئەو پرۆژە «ئینگلیسییە» قەبووڵ نەکەن. ڕۆژنامەی ئێران، ٢٥ی دێسامبری ١٩٣١، دەنووسێت: بە ڕەسمی کردنی زمانی کوردی نە لە بەرژەوەندیی کورداندایە و نە لە بەرژەوەندیی عێراقدا، ( بە گێڕانەوە لە حەسنپوور، hassanpour,١٩٩٢:١٢٨ )

پاش لاچوونی دەسەڵاتی ڕەزاشا و لاوازبوونی دەسەڵاتی پۆلیسی تا ڕادەیەک فەزا بە ڕووی زمانەکانی تری ئێرانی بە جەعل دروستکراودا، کرایەوە. گۆڤار و چاپەمەنی بە زمانەکانی تر تا ڕادەیەک بڵاو بوونەوە؛ بەڵام پەیوەندی هێز کە لەسەر بنەمای هەڵاواردنی زمانی دامەزرابوو، ملی بە گۆڕان نەدەدا و ئەم جار لە دەسەڵاتی نوێی حەمەڕەزاشادا، ڕێوشوێنی لە گورزی تۆقێنەرەوە بۆ گێزەری دڵگەرمکەر گۆڕی و گۆڕانەکەیش ڕێک بەو شێوەیە بوو کە سکووتنەب و فیلیسپۆن ( ٢٠٠١ ) قۆناغەکانی بەم جۆرە باس دەکەن: ئامرازی کۆنترۆڵ و دەست بەسەرداگرتن لە توندوتیژیی فیزیکییەوە ( physical violence ) دەگۆڕدرێت بۆ ئامرازی توندوتیژی دەروونی ( psychological violence ). خۆڕاگری لە بەرانبەر هێزی ژووردەستدا، سەرەتا بە هێزی ڕووت و فیزیکی وەڵام دەدرێتەوە (وەڵامی مەنفی دەرەکی )، پاشتر دەکرێت بە هەستی شەرم، هەستی گوناح و هەستی هەڵبژاردنی هەڵە لە بەرگریکاردا ( وەڵامی مەنفی دەروونی ). خەڵاتکردنی ئەوانەی کە مل دەدەن و هاندانیان بۆ ئەوەی کە وا بزانن هەڵبژاردنەکەیان دروست بووە ( بە مەزن نیشاندانی زمانی سەردەست و سووککردنی زمانی ژێردەست و عەقڵانی نیشاندانی دەستهەڵگرتن لە زمانی ژێردەست )، میتۆدێکی زۆر کارامەترە و بەبەراورد لەگەڵ بەکارهێنانی هێزی فیزیکی زۆر کەمتری تێدەچێت.

### دۆخی زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

زۆر ڕوو دەدات کە پەیوەندی هێزی ئاخێوەرانی دوو زمان ببێتە هاوکێشەی هێزی زمانی. ئەگەر لە شوێنێکدا ئاخێوەرانی زمانێک لەباری سیاسی، ئابووری یان تەنانەت لە ژمارەدا لە ئاخێوەرانی زمانێکی تر کەمتر و لاوازتر بن، ڕەنگە لەوێدا زمانی ئاخێوەرانی بەهێز ببێتە ناوبژی پێوەندیی گشتی. دیارە زمانی ژێردەست هەر دەمێنێت بەڵام لە بەکارهێنران لە شوێنە ئاستژوورەکانی کۆمەڵگە پاشەکشە دەکات. زمانی ژێردەست لە بواری بازرگانی یان پەروەردەدا بەکارناهێنرێت و لەو بوارانەدا لە زمانەکەی تر لاوازتر دەبێت ( Bowerman,٢٠٠١)؛ لەم قۆناغە بەدواوە لاوازبوونی ئاخێوەر و زمان پێکەوە پاشەکشە بە زمان دەکەن و خودی ڕەوتەکە پەیوەندیی ژووردەست/ژێردەست قووڵتر دەکاتەوە. زمانی کوردی نەک بە هۆی ژمارەی ئاخێوەرانییەوە، بەڵکوو بە هۆی لاوازیی سیاسیی ئاخێوەرانەوە لە ئاستە بەرزەکانی کۆمەڵگا دوور خراوەتەوە و زەختی کەوتۆتە سەر. هەروەها دیارە لەبەر بەکارنەهێنران لە پەروەردەدا کەوتۆتە دۆخێکی نائاساییەوە. زمانی کوردی لەبەر کار پێ‌نەکران لە ئاستی وەکوو دەوڵەت و تەکنولۆژیادا، لە بوارە نوێیەکاندا لاوازە؛ بۆیە نووسەرانی کورد لە گونجاندنی زمان لەگەڵ دنیای نوێدا بەرەوڕووی گرفتێکی زۆر دەبنەوە و ئەمە سەرەڕای ئەوەیە کە ئەگەر کەسانێک بە زمانی کوردی بنووسن، بە هۆی کوردی نەبوونی پەروەردەوە، ژمارەی کەسانێک کە بە کوردی ئەخوێننەوە هێندە کەمە کە نووسراوەکانیان خاوەنی بەختی یەکسان بۆ خوێندنەوە نین. چاپ و پەخشی کتێب بە کوردی ڕێگەپێدراوە، ( هەڵبەت ئەگەر کتێبەکان بەدڵیان نەبێ ڕێگەی چاپیان پێنادرێ )، بەڵام بە هۆی مەنتقی بازاڕەوە لە سنووری چاپی دیوانی شێعریدا گیری خواردووە. خوێنەر بەهۆی کارامەتربوونی زمانی فارسییەوە، کتێبی زانستی بە زمانی کوردی ناخوێنێتەوە و ئەمەیش چالاکبوونەوەی زمانی کوردی لە بواری بێجگە ئەدەبدا ئەستەمتر کردووە. بە نیسبەتی ئاخێوەرانی زمانی کوردیشەوە، کوردیئاخێوەکان لە پەرەنەسەندووترین بەشەکانی ئێراندا دەژین. پەروەردە و فێرکردن وەکوو یەکێک لە ستوونەکانی پەرەسەندن، بە هۆی سیاسەتی زمانەوە تووشی کێشە بووە و ئەمە خۆی گرفتەکەی قووڵتر کردووەتەوە.
چون بەپێچەوانەی دووزمانەبوون ( بیلینوگوالێزم ) دەیکەن و باس لە فێربوونی دووزمان و کرانەوەی دوو ئاسۆی زمانی بەرەوڕووی ئەو کەسانەدا دەکەن کە ناچار دەبن بە زمانی جگە زمانی دایکییان بخوێنن، پێدەچێت دۆخی ئەو کەسانە زۆرتر لە ڕەوشی « لێنەهاتوویی زمانی ( سیمیلینگوالێزم )» نزیک بێت. ناکارامەیی و لێنەهاتوویی زمانی بە دۆخێک دەگوترێت کە کەسێک بە زمانی یەکەمەوە، لە پەروەردەدا بە زمانی دووهەم بخوێنێت و پاشتر لە هیچکام لەو دوو زمانەدا نەبێتە خاوەن لێهاتوویی، بۆیە لە کاتێکدا پەروەردە و فێرکردن وەکوو یەکێک لە بناغەکانی پەرەسەندن دێتە ئەژمار، لێنەهاتوویی زمانی یان سیمیلینگوالێزم دەبێتە هۆی نەپێکرانی ئامانجەکانی پەروەردە. لە ئەنجامدا دەتوانین بێینە سەر ئەو بڕوایە، کە بۆ دەربازبوون لە دۆخی ژێردەستەیی زمانی و فەرهەنگی، دەبێت لە سیاسەتی کۆلۆنیالیستی ئێرانی خۆمان دەرباز بکەین و بۆ ڕزگاربوون لەم دۆخە لە هەموو بژاردە سەخت و نەرمەکان بە شێوەی نوێ و سەردەمیانە کەڵک وەربگرین. دەسەڵاتی داگیرکەر سەرەتا بە لەشکرکەشی خاکی داگیر کردووە و دواتریش بە هەوڵدانی سڕینەوەی فەرهەنگ و زمان هەوڵی داوە کە ناخی دانیشتووانیش داگیر بکات و لەم ڕێگەیەوە سیاسەتی یەکسانسازی فەرهەنگی و زمانی جێبەجێ بکات، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا بە پێشکەوتنی تێکنولۆژی، بەتایبەت هێڵی ئێنتەرنێت، ئەو سیاسەتانەی کە لە شۆڕشی مەشرووتەوە بۆ سڕینەوەی نەتەوەی کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ناو ئەو وڵاتەی کە بە جەعل سازکراوە، خەریکە دەبنەوە بڵقی سەر ئاو؛ بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە کە مرۆڤ دەبێت بە زمانی یەکەمەوە، واتە زمانی دایکی پەروەردە بکرێت و هەر بەو زمانەوە گەشە بکات، تا لە جەوهەری سروشتی خۆی لانەدات و کێیەتی و شوناسی خۆی لە دەست نەدا؛ بۆیە لە ئاکامدا دەبێ بە نیسبەت تاکی کورد و کۆمەڵگەی کوردییەوە، دەبێ یەکەم غروور بگەڕێتەوە بۆ تاکەکان و لە مافی سروشتی خۆیان بە ئاگا بێنەوە، تا بگەنە هەموو سەربەخۆییەک و لە ژێردەستەیی ڕزگاریان ببێت، ڕەنگە پێچەوانەکردنەوەی ئەم سیاسەتە کە ئێستا بە سەر کۆمەڵگای کوردستاندا سەپاوە دژوار بێتە بەرچاو، بەڵام ئیرادە و باوەڕی ڕاستەقینە لەگەڵ شێوازەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕۆژدا دەتوانێ ئەم دۆخە بباتەوە ئاستی سروشتی خۆی.

---

## «چیرۆک»

### دابڕان

ئەم شەویش وەک شەوانی تر دڵت پڕە . پێت خۆشە پانتایی ڕوخسارت بکەی بە ڕووباری فرمێسک ، بەڵام داخەکەم کە ناتەوێ کەس ئاگاداری دڵتەنگیت و تاسەت بۆ دیداری ئەو بێت.
تۆ کەسێکی کە هەموو کارێکت لە ڕووی عەقڵەوە دەکەیت و زۆر بە دەگمەن گوێ لە قسەی دڵ ڕادەگری .
بەڵام دڵ هەموو شەوێ کاری خۆی دەکا ، هەموو شەوێ دڵتەنگ و بێ‌تاقەتت دەکا ، وات لێ دەکا «کوردە»ت وەبیر بێتەوە
هەر چەندە لە ڕووی عەقڵەوە کار کەیت ناتوانی ئەو دڵتەنگی و تاسە بشاریتەوە زۆرت تاسەی «کوردە» کردووە
نزیکەی ساڵێکە نەتدیوە بەڵام لای تۆ وەک دە ساڵ وایە .
لای دایک و بابیشت خۆت داوە لە گێلی ، جۆرێ پیشان دەدەی کە هیچ تامەزرۆی ناکەی
ئاه بریا بەڕاستیش وا ببایە ، بریا بیرت دابڕایە و تووشی ئەو کەشە ناحەز و خەماوییەی نەکردایەی. ، بریا ئەو بنەماڵە نەفرەتاوییە و زوڵمەکەیانت نەهاتایەتە بەرچاو .
دادنەکەی کوردەت وەک دەنکە هەڵماسێ بە یادگار هەڵگرتوە ، هەموو شەوێ جلوبەرگی منداڵییەکەی دێنیت و بۆنی پێوە دەکەی
کاتێ جلوبەرگەکەی ئەوەندە هێورت دەکاتەوە ئەبێ خۆی چەندە هێوربەخش بێت...؟!
هەر کات بیر لەو شەوانە دەکەیتەوە کە خۆت و کوردە بە تەنیا لە ماڵێکی چۆڵوهۆڵدا بێ هیچ نان و ئاوێ چاوەڕوانی ئەو سەگبابە دەبوون کە لە عەیش و نۆشی خۆی بێتەوە دڵت دەبێتە ئاگردانی نەفرەت
چۆن ئەو شەوەت بیر بچێتەوە کە کوردە بە لای سەهۆڵدانەکەوە بۆ تۆزێ کەرە کە بە پارووە نانێکەوە بیخوات بە هەنسکەوە خەوی لێ کەوت و تۆش تەلەفۆنت بۆ ئەو ناپیاوە کرد کە بێتەوە و قاپێ کەرە بۆ کوردە بێنێتەوە بەڵام بێ شەرەفە بە ناشرینترین شێوە وڵامی دایتەوە و تەلەفۆنەکەی لێ داخستی...؟!
قەتت بیر ناچێتەوە
بە قینێکی زۆر ئەستوورەوە بیر لەو ڕۆژانە دەکەیتەوە کە شووە نەفرەتییەکەت و بنەماڵە شەیتانەکەی دەیانکوت بڕۆوە بۆ ماڵ باوکت و تۆش لێیان دەپاڕایەوە کە مـن لە کوردە جیا مەکەنەوە تکاتان لێ دەکەم ، مـن کوردەم بە جێ ناهێڵم ، من بێ کوڕەکەم نامکریەت ، بە ڕەزا بڵێن خیانەت نەکا ، واز لەو پیرەژنە بێنێ ، بێتەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆی
بەڵام ڕەزا وا ئەو پیرەژنە مەیموون ئاسای لا شیرین ببوو کە هەموو شەوێ ئاژاوەیەکی پێ دەگێڕای و تۆش لەبەر کوردە هەمووییت قەبووڵ دەکرد
هەر کات شەوی دابڕانت وەبیر دێتەوە ئیتر وەک شێتت لێ دێت
ئاه چەن شەوێکی تاڵ و دۆزەخاوی بوو ماڵە خەزوورت سوور سوور هاتن دەریان کردی
کوتیان ڕەزا ئەو ژنەی خۆش ئەوێ و دەیهەوێ بیهێنێ ، ڕەزا تۆی ناوێ تۆ ئەبێ بڕۆی
ئیتر تۆش سەبرت نەما و بێ هیچ قسەیەک بەو بێ شەرەفەی شووت کوت وەرە بمبەوە بۆ ماڵ باوکم
کاتێ جلوبەرگەکانت دەخستە نێو جانتاکە کوردە وەک یەکێ پێی کوتبێ دایکت دەڕوا هات داوێنتی گرت و



کوتی دایکە گیان بۆ کوێ دەچی؟ تۆخوا منیش ببە لەگەڵ خۆت ، تۆش ئاگر ناختەوە هەڵگیرسا ، نەتدەزانی چی وڵام بدەیتەوە...! منداڵێکی دوو ساڵ و نیوە خۆ هیچی نەدەزانی ئیدی چیت پێی بکوتایە...؟ هەر ئەوەندەت پێ کرا لە ئامێزی بگری ماچێکی کەیت و بڵێی نە کوڕەکەم دایکت بەقوربانت بێت تۆ نایەی
خۆت پێ نەگیرا ، دات لە پڕمەی گریان و بەرەوە دەرەوە دەرچووی کوردەش بە هاوارەوە کەوتە دوات بەڵام ماڵە خەزوورت پێشیان پێی گرت
ئێستاش ئەو هاوارانە لە نێو مێشکتا دەنگ دەداتەوە کە دەیکوت :
_ دایکە... دایکە بەجێم مەهێڵا....
تۆخوا منیش دێم.... لێم گەڕێن منیش لەگەڵ دایکما ئەڕۆم...
هەر ئاوا بیر لەو شەوە نەفرەتاوییە دەکەیت و بە هەنسکەوە دەڵێی :
_ ئاخ ڕۆڵە خوا لە باوکت و ماڵە باپیرت ڕازی نەبێت وا ئاوا ئێمەیان لە یەک دابڕاند
ساڵان باش بوو چاروبار بۆ چەن ڕۆژێ کوردەت لا بوو ، لانیکەم تۆزێ تاسەت لێی دەشکا بەڵام کاتی ڕۆشتنەوە ئەو کوڕە داماوە دنیای دەهێناوە سەیر و دەیکوت لای دایکم دەبم ئیتر لە ڕووی ناچارییەوە کوتت ئیتر مەیهێنن با تۆزێ فام کاتەوە ، وا هەم ئەو ئازار دەبینێ هەم منیش وەک مۆم دەسووتێم
ناحەقیشت نەبوو ، دەتزانی کوردە کاتی ڕۆشتنەوە چ حەشرێکی بەرپا دەکرد...؟!
هەر ئاوا ئەو دابڕانە دێنیتە بەرچاوی خۆت
ئیتر چاوەکانت ماندوو دەبن لە بارین و کەم کەم دەنووقێن لە هەمان کاتدا تۆش دەڵێی :
_ ئاه نیشتمان خۆزگە ئەمشەویش خەوی کوردەی کوڕت بدیبایە...

**سەرکەوت**

---

تۆ کەی گراوی مەستی بادەی،
چاوگەی هەوارانی نەکەرۆژ بووی
بەسەر لووتکەی ڕۆحی منا باڵی دەگرت
سەمای وردە پەلەکانت
لە چرینی ئازادیدا، چەند بەسۆز بووی!
ئێستا دیلی ڕوانگەی بەهەشتی غوربەتی!
قاسپەی ژوانگە و لانکەی عەشقت بیرچۆتەوە؟
هیچ لە قاسپەی پیادەنگی من تێدەگەن
بێپووەکانت؟
ئێستا منیش،
لە بناری داوتەنراوی تەنیاییدا
قەفەس قەفەس، ڕۆژەکانی ژیانی بێ تویی
دەژمێرم
بەسەر پشکۆی زامی تازە و خەمی تاڵدا
بە بن باڵی داڵی زاڵدا
ئەم برووسکەی شێعرەساتە بۆ دەنێرم
ژوانگەی چۆڵی چیام ئێستا. ژان گرتوویە!
بەرەژانی دەیان ساڵەی مژدی پێیە
هەر چاوەڕێی شەقەی باڵی باری تازە و
تاسەباری قاسپەی نوێیە.....

**ڕەحیم لوقمانی**

# KURDISTAN

Published by *Democratic Party of Iranian Kurdistan* · No : 768 · 19 Februbary 2020

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia


